# ناسیۆنالیزمی کوردی
## ( ١٨٨٠ - ١٩٣٩ )

هیوا عەزیز سەعید



بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک)

هیوا عەزیز سەعید

# ناسیۆنالیزمی کوردی

## (١٨٨٠ - ١٩٣٩)

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سلێمانی ٢٠٠٣

* هیوا عەزیز سەعید
* ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠ - ١٩٣٩)
* سلێمانی ٢٠٠٣
* پیتچنین: تاهیر شکور - سازان عومەر
* مۆنتێر: شۆڕش ئەحمەد
* زنجیرەی لێکۆڵینەوە (٦)
* ژمارەی سپاردن: (١٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٣
* بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)

## ناوەڕۆك :

پێشەکی .................................................. ٣

بەشی یەکەم : کورتەیەك دەربارەی بارودۆخی کوردستان
لەماوەی نێوان ساڵان ١٨٨٠ _١٩٣٩ .................................. ٥
یەکەم _ باری سیاسی کورد .......................................... ٧
دووەم _ پێکهاتەو بونیادی کۆمە ڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری .............. ٢٨
سێیەم _ ئاستی ئابووری کوردستان .................................. ٣٩

بەشی دووەم : ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیزمی کوردی ........................ ٤٥
یەکەم _ مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژئاوا ..................... ٤٧
دووەم _ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی .............................. ٦٠
سێیەم _ ناسیۆنالیزمی کورد (قۆناغو بنەماکان) .......................... ٨٣

بەشی سێیەم : ناسیۆنالیزمی کوردی لەنێوان خواستو
ئامانجەکان دا ................................................... ١٢٣
یەکەم _ هۆکارەکانی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی ................... ١٢٥
دووەم _ لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی ...................... ١٣٣
سێیەم _ دەرەنجامەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی ........................... ١٤١

دوا پەیڤ .......................................................... ١٤٥
سەرچاوەکان ...................................................... ١٤٧

# پێشەکی

چەمکی ناسیۆنالیزم لەسەرەتاوە بەرهەمی پەرەسەندن و ڕەوتی مێژوویی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییە ، کە خاوەنی مێژووییەکی نوسراو و کلتورێکی دەوڵەمەند بوو. بەڵام دواتر لەلایەن گشت نەتەوەکانی دونیاوە هەوڵدرا بە جۆرێك و لە خوێندنەوەیەکی تایبەت بە پێکهاتە وسیماو خەسڵەتەکانی واتای پێبدرێت و دابڕێژرێتەوە،ئەمەش وایکردووە کە نەتوانرێت لە فۆرمێکی دیاریکراودا قەتیس بکرێت وگوزارشتی لێبدرێت.

بەڵام بۆ نەتەوەیەکی وەك کورد کە تائێستا خاوەنی مێژوویەکە کە دوژمنانمان مێژوونوسی بوون‌و تا ئەندازەیەکی زۆر چەواشە کراوە، هاوکات کلتور و فەرهەنگی کوردی بەتەواوی دابەش بووەو شێوێندراوە و لە ژێر کاریگەری نەتەوە باڵادەستەکانیدایە، ئەمانە کارکردێکی بەهێزبوون لەسەر دواخستن و لاوازکردنی پەرەسەندن و گۆڕانە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان‌و دواجار دیاردە هزری و ئایدۆلۆجیەکان بە ناکامڵی لەم کۆمەڵگەیەدا لە دایك دەبن و خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرن. لێرەوە ناسیۆنالیزمی کوردی وەك یەکێك لەو دیاردانەی لەم کۆمەڵگەیەدا هاتۆتە ئاراوە، ناسیۆنالیزمێکی کامڵ نی یە بەواتا ڕۆژئاواییەکەی،لەبەر ئەوە کاتێك توێژەر دەیەوێت لەڕوانگەی تیۆرێکەوە لەم چەمکە بکۆڵێتەوە و مێژووی سەرهەڵدان و بنەما وشکڵبەندیەکەی دیاری بکات و لە قوتابخانەیەکی ناسیۆنالیستیدا جێی بکاتەوە ،دووچاری قەیران و وەستان دەبێت،چونکە ئەگەر لەلایەکەوە بتوانێت ئەم کارەبکات ئەوا لە چەند لایەکی ترەوە توشی گرفت دەبێت،ئەمەش وایکردووە هەندێك لە ڕۆشنبیرانی کورد بڕیاری نەبونی ناسیۆنالیزم بدەن لەناو کوردیان کورد بەنەتەوە لەقەڵەم نەدەن.

ئەم هۆکارانە و چەندانی تر بوونە هاندەر بۆ ئەوەی ئەم توێژینەوەیە وەك (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئەکادیمی) تایبەت بکەین بە ناسیۆنالیزمی کوردی(١٨٨٠ – ١٩٣٩ ) و هەوڵبدەین لەچوارچێوەیەکی ئەکادیمیدا باس لە

# بەشی یەکەم

## کورتەیەك دەربارەی بارودۆخی کوردستان لەماوەی نێوان ساڵانی (١٨٨٠- ١٩٣٩)

توێژینەوە بەشێوازێکی ئەکادیمی لەهەر بابەتێکی مێژوویی و هەر کۆمەڵ و کۆمەڵگایەك، دەخوازێت ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵ و کۆمەڵگایە بەتایبەتی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە قسەی لەسەر بکرێت، چونکە ئەم ڕەهەندانە کاریگەری تایبەتی و بەر چاویان هەیە لەدیاری کردنی ڕەوتی گۆڕانکاریەکان و چۆنیەتی ئاراستە وەرگرتنی ڕووداوە مێژووییەکان، ئەوەش لەبەر بوونی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی لەنێوان مێژوو وکات و شوێندا بەدی دەکرێت و بەرجەستە بووە.

لەبەر ئەوەو بۆ زیاتر زانستی بوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە، سەرنجدان لەباری سیاسی کورد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ئابووری کوردستان وەك واقیعێك لەنێوان ساڵانی (١٨٨٠ - ١٩٣٩) دەبێتە پێویستیەکی گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە، تاکو لەمیانەیدا زیاتر لەچۆنیەتی سەرهەڵدانی هێزە جیاجیاکانی کوردستان لەو ماوەیەدا ئاشنابین، لەبەر ئەوە لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەین بەشێوەی کورت و خێرا تیشك بخەینە سەر چەند لایەنێك.

## یەکەم- باری سیاسی کورد:

لەسەرەتای سەدەی شازدەدا و لەدوای شەڕی چالدیرانی ساڵی (١٥١٤) کوردستان لەنێوان دوو دەوڵەتی زلهێزی ئەو سەردەمەدا (دەوڵەتی عوسمانی سوننی و دەوڵەتی سەفەوی شیعە) وەك دەرەنجامێکی ئەو شەڕە دابەشکرا، بەوەش بەشێکی زۆری کوردستان و میرنشینە کوردیەکان کەوتە سنوری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی و بەشێکی کەمیشی لەژێر دەستی دەوڵەتی ئێرانی (سەفەوی) مایەوە[1].

---

(١) جەلیلی جەلیل: کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، و: لەروسیەوە: د. کاوس قەفتان، بەغداد، ١٩٨٧، ل ٢٦٧:

میرنشینە کوردییەکان لەسایەی هەردوو دەوڵەتداو لەدەرەنجامی شێوە ڕێکەوتنێك خاوەنی نیمچە سەربەخۆییەکی خۆیان بوون و لەلایەن هەر دوو دەوڵەتەوە دانیان پێدانرا بوو، هاوکات میرنشینە کوردییەکانیش لەڕووکاردا شێوەیەك لەپاشکۆ بوونیان لەبەرامبەردا ئەنواند، ئەم بارودۆخە بەم جۆرەو بەشێوەیەکی گشتی بەردەوام بوو تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە کاتێك دەوڵەتی عوسمانی فەرمانی پیادەکردنی سیاسەتی مەڵبەندی خستە بواری پراکتیکییەوە[2]. پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی کەبووە هۆی لەناوبردنی دەسەڵاتی میرە کوردەکان و دامەزراندنی دام و دەزگای دەسەڵاتی ناوەندی لەشوێنی ئەو میرنشینانە لەهەر دوو بەشی کوردستانی عوسمانی و ئێرانی و کەنارگیرکردنی چینی سەرەوەی دەسەڵاتداری کوردەی، باری ژیانی خەڵکیشی لەجاران سەخت و ناخۆشتر کرد و پەرەوسانەوەو دادۆشینی زیاتریان لەکوردستان ئەنجامدا[3].

ئەم کردەیەی عوسمانیەکان دەنگی ناڕەزایی و هەستی ناحەزی کوردەکانی زیاتر جۆش دا لەبەرامبەر دەوڵەتی عوسمانیدا، لەبەر ئەوە دەبینین لەماوەی ساڵانی (شەڕی قرم ١٨٥٤- ١٨٥٦)[4] ڕاپەڕینێکی گەورەو بەرفراوان سەرهەڵدەدات کە(یەزدانشێر) ڕابەرایەتی دەکات، لەم ڕاپەڕینەدا عەشیرەتە

---

م.س. لازاریف: کێشەی کورد (١٨٩٦- ١٩١٧)، وەرگێڕانی لەڕووسییەوە: د. کاوس قەفتان، بش١، بەغداد، ١٩٨٩، ل٤٣.

[2] عەبدولڕەحمان قاسملو: کوردستان و کورد، و: عەبدوڵلا حەسەن زادە، ١٩٧٣، ل٤٢؛ سعدي عثمان حسين: كردستان والامبراطورية العثمانية (١٥١٤- ١٨٥١)م، أ. م. غ، مقدمة الى كلية الآداب جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٥؛ لازاریف: کێشەی کورد....، بش١، ل٤٦- ٤٧.

[3] صالح محمد امين: کورد و عەجەم، چ١، ١٩٩٢، ل١٥٢.

[4] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم شەڕە بڕوانە ( A.J.P. Tayler: الصراع على السيادة في اوربا (١٨٤٨- ١٩١٨)، ت: د. كاظم هاشم نعمة و د. يوئيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٠، ص ٩٢- ١١٧).

کوردەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و باکووری میزۆپۆتامیا و ئێزیدیەکانی ناوچەی سنجار هاتنە ڕیزی ڕاپەڕیوان و لەلایەن هەندێك ئاسووری و عەرەبیش پشتگیری لەڕاپەڕینەکە کرا[٥] شپرزەیی و باری ناهەمواری کوردستان لەڕووی سیاسیەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوو لەزیادبوون بوو، کوردستان بوو بووە مۆڵگە بۆ تەراتێن و مەشق کردنی سوپای عوسمانی؛ بەجۆرێك عوسمانیەکان بەردەوام لەهەوڵی سەرکوت کردنی دەسەڵاتی میرو دەست ڕۆیشتووە کوردەکاندا بوون، ئەم بارودۆخە لەسەردەمی (سولتان عەبدولعەزیز)دا (١٨٦١-١٨٧٦)ز تەواو تینی سەندو دەست درێژی کردنە سەر خەڵکی کوردو چاوترسێنی عەشرەتە کوردەکان گەیشتبووە ترۆپکە[٦].

بەهەمان شێوە لەبەشەکەی تری کوردستان کەدەوڵەتی ئێرانی دەستی بەسەردا گرتبوو، بارودۆخ باشتر نەبوو؛ چەوساندنەوەو ستەمی دەسەڵاتداران و هێرش و سوکایەتی کردن بەئافرەت و لەسێدارەدانی ناودارو خاوەن پلەوپایەکانی ناوکۆمەڵگا کاری زۆری کردبووە سەر تورەیی و بێزاری کوردەکان[٧].

لەگەڵ خراپی بارودۆخی کوردستان لەئەنجامی سیاسەتی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، لەمانگی ئەیلولی ساڵی (١٨٧٦ز)دا سولتان (عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦- ١٩٠٩) جڵەوی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی گرتە دەست[٨]، لەم ساتەشدا دەوڵەتی عوسمانی گێژەی چەندەها

---

[٥] جەلیلی جەلیل: ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، و: د. کاوس قەفتان، بەغداد، ١٩٧٨، ل٢٨٧؛ لازاریف: کێشەی کورد...، بش١، ل٥٠- ٥١.

[٦] لازاریف" کێشەی کورد...، بەشی١، ل٥٣٧.

[٧] كمال مظهر أحمد: دراسات في تأريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد، ١٩٨٥، ص٢٧٣؛ ن.أ. خالفين: الصراع على كردستان (المسالة الكردية في العلاقات الدولية خلال القرن التاسع عشر)، ت: د. أحمد عثمان أبوبكر، بغداد، ١٩٦٩، ص ١١٩.

[٨] كارل بروكلمان: تأريخ الشعوب الاسلامية، ت: نبيه أمين فارس ومنير البعلبكي، ط٩، تموز ١٩٨١، ص ٥٨٥.

گرفتی ناو خۆیی و دەرەکی بوو[٩]، هەروەها دەوڵەتی ئێرانیش لەئەنجامی خەریکی بەکێشەکانی ناو خۆوە توشی لاوازی هاتبوو لەکۆنترۆڵ کردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیدا، ئەم هۆکارانە رێگە خۆشکەر بوون بۆ گرد بوونەوەی ژمارەیەکی زۆری کورد لەدەوری راپەڕینی ساڵی (١٨٨٠ز) کە لەلایەن (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)[١٠]یەوە رابەرایەتی کرا[١١]. راپەڕینی ساڵی (١٨٨٠ز) رۆڵ و بایەخی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی کەئەم راپەڕینە سنورێکی فراوانی گرتەوەو مەترسی یەکی زۆری خستبووە سەر دەوڵەتی ئێرانی و بەرژەوەندی داگیرکەرەکان بەشێوەیەکی گشتی، هەر ئەم مەترسی یە بوو کەوای کردبوو هاوکاری نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی بەیارمەتی کونسوڵگەی بەریتانی بێتە دی بۆ دارشتنی نەخشەو پلانی دامرکاندنەوەی ئەم راپەڕینەو دواجار ئامانجەکەیان بەرجەستەبوو[١٢].

دوای راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلا، بارودۆخی کوردستان ناهەموارتر بوو و کوردەکان لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ئێرانی توشی ستەمی زۆر هاتن و هێزی سەربازی و میلیشیای

---

[٩] لازاریف: کێشەی کورد...، بش١، لا٨٤.

[١٠] دەربارەی ژیان و کەسایەتی بڕوانە ( عبدالله محمد علي) عەلیاوەیی: كردستان في عهد الدولة العثمانية من منتصف القرن التاسع عشر الى بدء الحرب العالمية الاولى، أ. د. غ، مقدمة الى كلية الآداب جامعة صلاح الدين، أربيل، ١٩٩٨، ص ١١٤.

[١١] كمال مظهر: دراسات في تأريخ...، ص ٢٣٧؛ جەلیلی جەلیل: ڕاپەڕینی کوردەکان...، لا٨١؛ عەزیز شەمزینی: جولانەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ٣، سلێمانی ١٩٩٨، لا٢٨.

[١٢] بڕوانە (صالح محمد امين: کورد و عەجەم، لا١٩٠ و دواتر؛ جەلیلی جەلیل: ڕاپەڕینی کوردەکان...، لا٨٠ و دواتر).

ئیراتی زۆر بەتوندی دەستیان کرد بەسزاو لێدانی بەکۆمەڵ لەکوردەکان بەمەبەستی بەرگرتن لەهەڵگەڕانەوەو چاوترساندنیان[13].
بەڵام لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، سوڵتان عەبدولحەمید پەیڕەوی سیاسەتی سۆزداری کردو بەمەبەستی ڕاکێشانی کوردەکان بەلای خۆیدا پەیوەندی بەچەندین شێخ‌و مەلاو عەشرەتەوە کردو پەیوەندی‌یەکی دۆستانەی دروست کرد[14] ئەم سیاسەتەی سولتان عەبدولحەمید بۆ جێ بەجێ کردنی خەون‌و ئامانجە ستراتیژی‌یەکانی بوو، کە لەجێگیر کردنی دەسەڵاتی ناوەندی‌و خولقاندنی هاوسەنگی‌یەکی نوێی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و بەکار هێنانی هێزی خێڵەکان بوو بۆ مەبەستی سەربازی‌و دروست کردنی هاوسەنگی هێز[15]، ئەوە بوو دواجار لەساڵی (1891ز) سوڵتان فەرمانی دامەزراندنی ئەو سوپایەی دەرکرد کەدواتر بەناوی سوڵتان عەبدولحەمید ناوزەد کراو ناوی (سوارەی حەمیدی) لێنرا، بۆ چالاك کردنی کارەکەشی بڕیاری دەرکرد هەر خێڵێك لەکوردەکان لەڕیزبەندی ئەم سوپایە بەشداری بکات پێویستە لەهەر خێزانێك کسێك بنێرێت‌و بۆ ماوەی (23) ساڵ خزمەت بەسوپای عوسمانی بکات، لەبەرامبەریشدا ئەو خێڵ‌و کسانە لەزۆربەی باج‌و سەرانە ئازاد دەبوون‌و لێیان وەرنەدەگیرا[16].

---

[13] کمال مظهر: دراسات في تأريخ ایران...، ص-240؛ صالح محمد أمین: کوردو عەجەم، ل136.

[14] صالح محمد امین: کورد عەجەم، ل136.

[15] ڕۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبوبوکر خۆشناو، چ2، سلێمانی، 1999، ل25.

[16] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و کلتووری کورد لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم دا، و: لەڕوسی‌یەوە: ئەنوەر قادر محمد، ستۆکهۆلم، 1993، ل176- 18؛ د.عثمان علي: السلطان عبدالحمید الثاني والکرد (الألویة الکردیة الحمیدیة (1881- 1909)، مجلة (ئالای ئیسلام)، العدد الثالث، 1993، ص34.

دروست بوونی سوارەی حەمیدی داردەستێکی باش بوو تاوەکو سوڵتان بۆ سەرکوتکردن و داپڵۆسینی هەموو بزاڤێکی سەربەخۆیی خواز بەکاری بهێنێت، بەتایبەتی سوڵتان ویستی کە ئەم دەزگایە لەدژایەتی ئەرمەنەکاندا بەکاربهێنێت، کەهاوکات دروستکردنی دژایەتی و ناکۆکی بوو لەنێوان هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەنداو بۆ ئەم مەبەستەش ئایینی ئیسلام و چەمکی غەزای وەك فاکتەرێك بۆ ڕەوایی بڕیارەکانی خۆی کردە پەردەپۆش، سەرەنجام ژمارەیەك لەکوردەکان بەناوی غەزاو گوێڕایەڵی بۆ سوڵتان چەند پەڵەیەکی نەنگ و ڕەشیان بۆ مێژووی کورد تۆمارکرد[17]. لەم کارانەو لەڕووداوەکانی ساڵی (١٩٠٥ز)دا سوڵتان هیچ ناڕەزایی و ڕێگرییەکی لەم کارەی کوردەکان بەهاوبەشی تورك پیشان نەدا[18].

سەرەتای سەدەی بیست لەڕۆژهەڵات: سەردەمی بەرپابوونی چەند شۆڕشێکی گرنگ بوون وەك شۆڕشی بورژوای (١٩٠٥- ١٩٠٧)ز لەڕوسیاو شۆڕشی دەستورخوازی (مەشروتە)ی (١٩٠٥- ١٩١١)ز)ی ئێران و کودەتای (١٩٠٨- ١٩٠٩)ی تورکە لاوەکان بوو[19]، ئەم ڕووداوانە کاریگەری بەرچاویان هەبوو لەکوردستاندا.

لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەك سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن نزیکەی (٣) هەزار جەنگاوەری کوردی لەشۆڕشی مەشروتەی ئێراندا بەشداری کردووەو دژ بەنەیارانی شۆڕش جەنگاون، لەبەرامبەریشدا دەستورخوازەکان چەند ئەنجومەنێکیان لەناوچەکانی سەقزو بۆکان و کرماشان و ورمێ و

---

[17] موفق بینی المرحة: صحوة الرجل المریض أو السلطان عبدالحمید الثانی والخلافة الأسلامیة، کویت، ١٩٨٤، ص١٥٩؛ م.ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن، ١٩٩٠، ل٢٨٩؛ ئارام عەلی: پەیوەندی نێوان کورد و ڕوسیا (کوردستانی قەفقاز یاسۆڤێتی)، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٦٠.

[18] کارل بروکلمان: تأریخ الشعوب....، ص٥٨٩.

[19] ئارام عەلی: پەیوەندی نێوان....، ل٨٨.

سنەو... دامەزراندووە[٢٠]. هەروەها کوردەکان نوسراوێکی تایبەت بەکێشەو گرفتەکانی خۆیان بۆ شای ئێران ناردووەو لەمیانەیدا داوای چاکسازیو گۆڕانکاریان لەناوچە کوردییەکاندا کردووە، ئەم نوسراوە بە(دەستوری کوردی) ناوبراوە[٢١].

لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیشدا، دوای ئەوەی تورکانی لاو لەچەند کۆنگرەیەکدا لەساڵانی (١٩٠٢ز)و دواتردا خۆیان ڕێکخستو هەوڵی بەدەست هێنانی پاڵپشتی نەتەوەکانی تریان دەست پێ کرد، لەم قۆناغەدا بەگوزارشتی تورکناسی ڕوسی (یو. ناپیتۆسیان): "ڕێکخراوی ناتورکی ئیمپراتۆریەت لەتورکانی لاو نزیك بوونەوە"، ئەمەش بووە هۆی دارشتنی بناغەیەکی واقیعیو بنەڕەتی بۆ گرتدانی کۆنفرانسێکی گشتی تابتوانن هێزو تواناکانیان لەبەرامبەر دەوڵەتی عوسمانیدا یەك بخەن[٢٢].

دەرەنجامی ئەم هەوڵانە تورکە لاوەکان توانییان لە(٢٣ی تەمموزی ١٩٠٨) داو لەکودەتایەك سەرکەوتن بەدەست بهێنن لەبەرامبەر داموو دەزگاو هێزەکانی سوڵتان عەبدولحەمید داو بەگوزارشتی لازاریف؛ تورکیا بکەنە دەوڵەتێکی پادشایەتی دەستوری[٢٣]، کوردەکان لەم ڕوداوانەدا ڕۆڵی خۆیان

---

[٢٠] کمال مظهر: دراسات في تأريخ ایران...، ص٢٤١؛ یاسین خالد حسن: کردستان الشرقیة دراسة في الحرکة التحرریة القومیة فیما بین الحربین (١٩١٨- ١٩٣٩)، أ.م.غ.، مقدمة الی کلیة الاداب جامعة صلاح الدین، أربیل، ١٩٩٥، ص٥٢؛ سعدي عثمان حسین: الحرکة التحرریة الوطنیة في کردستان الشرقیة، ق١، مجلة (گولان العربي)، العدد (٦)، تموز ١٩٩٨، ص٧١.

[٢١] جەلیلی جلیل واخرون: الحرکة الکردیة في العصر الدیث، ت: د. عبدي حاجی، ط١، بیروت، ١٩٩٢، ص٥٩؛

[٢٢] جەلیلی جلیل: هەندێ سیما....، ل٦٤؛ مالمیسانژ: القومیة الکردیة ود. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرین، ت: شکور مصطفی، ط١، أربیل، ٢٠٠٠ز، ص٢٥ ومابعدها.

[٢٣] لازاریف: کێشەی کورد...، بش١، ل٢٢٣.

هەبوو و چەندین کۆمەڵەو پارتی سەرەتا ڕۆشنبیریو دواتر سیاسیان دامەزراند کەڕۆڵێکی پڕ بایەخیان هەبوو لەوریاکردنەوەی هەستو هۆشی نەتەوەیی کوردو داکۆکی لەمافەکانی کوردستان"[٢٤].

دوای کودەتای (١٩٠٨)، ئیتحادی‌یەکان دەستیان کردە پیادەکردنی بیری شۆڤینی تورکی، کەمال مەزهەر لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ مەبەستی پاراستنی کیانی دەوڵەتی عوسمانی پشتی بەچەمکی یەکبونی ئیسلامی (پان ئیسلامیزم) بەستبێت، ئەوا ئیتحادیەکان بۆ هەمان مەبەست پشتیان بە(یەکێتی عوسمانیو نەتەوەی عوسمانی) بەستبوو، چەمکی یەکێتی عوسمانیش هەر وەك (أ. ف. میللر) دەڵێت: مەبەست لەبەکارهێنانی لەلایەن ئیتحادی‌یەکانەوە؛ بریتی بوو لەبەتورك کردنی گشت نەتەوەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی""[٢٥].

بەلام ئیتحادی‌یەکان هەر زوو بەزوو بێ پێزی دەستورو قرچۆك بوونی ئەفسانەی یەکێتی عوسمانییان بۆ دەرکەوت، لەبەر ئەوە توندڕەوی باڵی کێشا بەسەر هەڵوێستی کۆمیتەی ئتیحادو تەرەقی‌دا و لەئەنجامدا گشت کۆمەڵەو چاپەمەنیو خوێندنگەی نەتەوە ناتورکەکانیان قەدەغەکرد"[٢٦]، وەپێش بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرانی ئیتحادی‌یەکان نەخشەو پلانی تایبەتیان دانا بۆ

---

[٢٤] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

[٢٥] كمال مظهر: كردستان في سنوات الحرب العالمية الارلى، ت: محمد الملا عبدالكريم، ط٢، بغداد، ١٩٩٤، ص٩٥.

[٢٦] کەندالو عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەوانی تر: گەلێکی بەژموردەو نیشتمانی بەرت (کوردو کوردستان)، و: لەعەرەبی‌یەوە بۆ فارسی: م. گۆمەیی، لەئینگلیزی‌یەوە بەشەکانی (٨-١١): أ. حەوتزی، سوید، ١٩٩٨، ل٧٨- ٧٩.

لەناوبردنی ئەو نەتەوانـەی کەبوو بوونـە لەمپەر لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانج و هیواکانیان[٢٧].

کاتێك (جەنگی یەکەمی جیهانی)[٢٨] هەڵگیرسا، کوردەکان هیچ جۆرە بەرژەوەندی‌یەکیان لەجەنگدا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان لـەناو جەرگەی شەڕدا دۆزی‌یەوە[٢٩]، بەتایبەتی کاتێك دەوڵەتی عوسمانی تێکەڵاوی جەنگ بوو، بەرەی لای قـەفقاس کـەوتبووە ژێـر هەڕەشـەی ڕوس و ئەرمەنی‌یەکان، لەو کاتەدا کورد توشی کاری ڕەشە کوژی هـاتن لەلایـەن ئەرمەنەوە، بەڵام کورد توانیان دوای بەخشینی زۆرێك لـەگیان و سامان بەرگری بکەن و بسەریاندا زاڵ بن[٣٠].

کورد زیاتر لەگشت نەتەوەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی توشی زیان بوو، چونکە نـەوەکانی کـورد بـەزۆرو بـەناوی غـەزاوە ڕەوانـەی بـەرەکانی جـەنگ دەکران، زۆر ماڵ تەنها ئـافرەت و منداڵی تێدامابوو[٣١]، زۆرێـك لـەزیانی گیـانی و مـادی گـەورەش لەئـەنجامی تـەراتێنی داگیرکـەران بـوو

---

[٢٧] عەتمان سەرچاوە، ل٧٩٦؛ عەلی سەیدۆ گۆرانی: لە"عەممان"ەوە بۆ "ئامێدی" گەشتێك بەکوردستانی باشوردا، وەرگێڕانی بەرزنجی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٠ز، ل٢٩١-٢٩٢.

[٢٨] جەنگی یەکەمی جیهانی لـە(٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٤)ز دا هەڵگیرسـاو فاکتەری ڕاستەوخۆی ئەم جەنگە کوژرانی (ئەرشیدۆق فـەردیناند) جێنشینی پاشای (نەمسا-مەجەر) بوو لە(سەرایڤۆ). (بڕوانە: د. عبدالوهاب القيسي والآخرون: تأريخ العالم الحديث (١٩١٤- ١٩٤٥)، جامعة موصل، ط١، ١٩٨٢، ص١٣- ١٥).

[٢٩] د. حامد محمود عيسى علي: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، جامعة قناة سويس، ١٩٩٢، ص٢٧.

[٣٠] صالح محمد أمین: کورد و عەجەم، ل١٩٩٦؛ عەلی سەیدۆگۆرانی: لە"عەممان"ەوە بۆ....، ل٢٩٢.

[٣١] محەمەد ئەمین زەکی: مێژووی کورد و کوردستان، بەغداد، ١٩٣١، ل٢٤٥- ٢٤٦.

لەکوردستاندا[٣٢] تورکەکان بەبیانوی ئەوەی کەناوچە کوردی‌یەکان بوونەتە مەیدانی جەنگ، نزیکەی (٧٠٠) هەزار کوردیان لەناوچە کوردیەکانەوە بەرەو رۆژئاوای ئەنادۆڵ راپێچ کرد کەزۆربەیان لەرێگەداو لەبەر ماندویتی‌و برسیتی‌و نەخۆشی مردن[٣٣].

جەنگ ماڵوێرانی‌و برسیتی‌یەکی سەختی لەناوچە کوردی‌یەکاندا دروست کرد، سەربازو کاربەدەستە عوسمانی‌یەکان لەبەر بێ موچەیی‌و خەرجی کەوتبوونە گیانی میللەت‌و خۆراک‌و پارەیان لێ‌داگیر دەکردن، ئەم بارودۆخە دەنگی نارەزایی‌و تورەیی خەڵکی کوردستانی زیاتر کردبوو، کەبوە هۆی بەرپابوونی چەندین راپەرینی جۆراو جۆر؛ وەك: راپەرینی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان بەسەرۆکایەتی (سمکۆ) ئیسماعیل ئاغای شکاك (١٨٩٥- ١٩٣٠)و لەساڵی (١٩١٧ز)داو لەمانگی نیساندا کوردەکانی باشوری کوردستان بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوللا لەچیاکانی موسڵ راپەرین، هەروەها لەناوچەی دەرسیم راپەرین بەرپابوو.... هتد[٣٤].

بەشێوەیەکی گشتی هەروەك قاسملو ئاماژەی پێ ئەکات بەرهەمی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ زەحمەتکێش‌و خەڵکی کوردستان تەنیا هەژاری‌و چەوسانەوەو کوشتار بووە[٣٥].

لەگەرمەی ساڵانی جەنگدا؛ داگیرکەرانی ئەوروپی بەمەبەستی دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی (کەکوردستان

---

[٣٢] صالح محمد أمین: کوردو عەجەم، ل٢١١.

[٣٣] محەمەد ئەمین زەکی: مێژووی کوردو کوردستان، ل٢٤٨؛ لازاریف: کێشەی کورد...، بش٢، ل٥٨٥.

[٣٤] کەندال‌و قاسملو: گەلێکی پەژموردەو...، ل٩١؛ لازاریف: کێشەی کورد...، بش٢، ل٥٩١و دواتر.

[٣٥] قاسملو: کوردستان‌و کورد، ل٥٢.

بەشێك بوولێ‌ی)، پەیمانی (سایکس- پیکۆ) یان لەساڵی (١٩١٦ز)دا مۆرکرد، بەپێی ئەم پەیمانە بەشێکی گەورەی کوردستان لەرۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە کەبریتی بوو لە: ئەرزە ڕۆم و ئەرابزۆن و وان و بەدلیس و زۆربەی کوردستانی تورکیا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕوسیا، بەشێك لەویلایەتی موسڵ و کیلیکیا لەرۆژئاوای ڕووباری دیجلە بۆ فەرەنسا و بەریتانیاش بەشێوەیەکی گشتی هەموو میسۆپۆتامیا لەباشووری ویلایەتی موسڵ و کەمێك لەویلایەتەکە بگرێتە دەستی خۆی[٣٦] ئەم پەیمانە وەك ئەوەی نەخشەی بۆ کێشرابوو جێ بەجێ نەکرا، چونکە ڕوسیا لەدەرەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧ز) پاشەکشەی کرد، ئەمەش وەك لایەنێکی سەرەکی لەم پەیمانە بۆشاییەو کەلێنێکی دروست کرد[٣٧]، هەروەها لەئەنجامی بەستنی کۆنفرانسی (سان- ڕیمۆ) لە(١٩- ٢٦/ ٤/ ١٩٢٠) لەئیتاڵیا، فەرەنسا وازی لەویلایەتی موسڵ هێنا بۆ بەریتانیا[٣٨]، لەبەرامبەردا لەنەوتی خاوی دەرهێنراوی میسۆپۆتامیا ڕێژەی (٢٥%)ی بۆ خۆی دەستەبەرکرد[٣٩]. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ جێ بەجێ کردنی ئارەزوکی پەیماننامە داگیرکاریەکانیان دەست بەکاربوون، بۆ ئەم مەبەستەش کۆنگرەی ئاشتی لە(پاریس) لەکۆشکی (فرسای) لە(١٨ کانونی دووەمی ١٩١٩) دەست پێکراو تیایدا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ویلسن)و سەرۆك وەزیرانی

---

[٣٦] د. أحمد عثمان أبوبكر: كردستان في عهد السلام، ح٢، مجلة (الثقافة)، العدد التاسع، أيلول ١٩٧٩، ص٦٢؛ حامد محمود عيسى: المشكلة الكردية...، ص ص ٥٥-٥٦؛ كمال مظهر: كردستان في سنوات الحرب...، ص٣٠٦ ومابعدها.

[٣٧] صلاح الدين محمد سعدالله: كردستان والحركة الوطنية الكردية، بغداد، ١٩٥٩، ص٢٣.

[٣٨] د. مارف عومەر گوڵ: کێشەی کەسایەتی یاسایی نێو نەتەوەیی گەلی کورد، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٤٩٦.

[٣٩] کندال و قاسملو: گەلێکی بێ‌نیشتمان...، ل١٣٢.

ئینگلتەرا (لوید جۆرج)و سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا (کلیمنسو)و سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا (ئورلاندو) بەشداریان تێداکرد[٤٠].

لەکۆتاییی مانگی کانونی دووەمی ساڵی (١٩١٩ز)دا، دەوڵەتە هاوپەیمانەکانو لایەنگرانیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کەئەرمینیاو وڵاتی میسۆپۆتامیاو کوردستانو فەلەستینو وڵاتی عەرەبەکان؛ پێویستە بەتەواوەتی لەئیمپراتۆریەتی تورکی دابڕێن[٤١].

کوردەکان لەم بارودۆخەدا دەستەوەستان نەوەستان، بەڵکو هەرزوو بەرزوو کەوتنە خۆیان، (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)[٤٢] کەسایەتی ناسراوی کورد (ژەنراڵ شەریف پاشای خەندان)[٤٣]ی وەك نمایندەی کورد لەکۆنگرەی ئاشتی دیاری کرد، بۆ بەهێز کردنی هەڵوێستی شەریف پاشا، لەهەموو ناوچەکانی کوردستان نامەو نوسراوو نوێنەر بۆ کۆنگرە ڕەوانە کرا، تاکو پاشا ڕۆڵی نوێنەرایەتی بەشێوازێکی کرداریو واقیعیین بگێڕێت، بەڵام بەپلانی داگیرکەران ڕێگری لەم هەوڵانەکرا[٤٤].

---

[٤٠] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (د. عبدالوهاب القیسي واخرون: تأریخ العالم الحدیث...، ص٤٥ ومابعدها).

[٤١] د. أحمد عثمان: کردستان في وثائق لجنة کیغ- کراین، مجلة (شمس کردستان)، العدد (٧)، ١٩٧٢، ص١١.

[٤٢] لەبارەی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) بڕوانە (د. عبدالستار طاهر شریف: الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیة في نصف قرن (١٩٠٨- ١٩٥٨)، ط١، بغداد، ١٩٨٩، ص١٩؛ سروة أسعد صابر: کردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی الی نهایة مشکلة الموصل، أ. م. غ، مقدمة الی کلیة الآداب جامعة صلاح الدین، أربیل، ١٩٩٩، ص٩٦.

[٤٣] لەبارەی ژیانی بڕوانە (عەبدولعەزیز یامولکی: بنەماڵەی خەندان، ت: سدیق ساڵح، گۆڤاری (پەیڤین)، ژمارە (٢)، تۆکتۆبەری ١٩٩٧، ل٩٦و دواتر).

[٤٤] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو...، ب٢، ل١٢٦.

سەرەڕای پلانی داگیرکەران بۆ بەرگرتن لەهەوڵەکانی کورد بەنوێنەرایەتی شەریف پاشا، توانرا دوو یاداشتی تایبەت بەکوردستان پێشکەش بەکۆنگرە بکرێت لەلایەن شەریف پاشاوە لە(٢٢/٣/١٩١٩و ١/٣/١٩٢٠)، هەروەها لەگەڵ نمایندەی ئەرمەنییەکان (بوغوز نوبار پاشا) کۆبووەوەو دوای داتوستاندن ڕوون کردنەوەیەکی هاوبەشیان لەبارەی هەردوو نەتەوەی کوردو ئەرمەنو پەیوەندییەکانیانو سنووری نیشتمانی هەردوو نەتەوە خستە بەردەم کۆنگرە[٤٥].

هەروەها کاتێك لیژنەی (کیگ- کراین) لەساڵی (١٩١٩)ز پێك هات بۆ بەدواداچوونی باروودۆخی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، چەند نمایندەیەکی (پارتی دیموکراتی کورد)[٤٦] لەکوردستان چاویان بەنوێنەرانی ئەم لیژنەیە دەکەوێتو داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی دەکەن لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن[٤٧].

هەوڵەکانی کورد لەسەر هەردوو ئاستی تاكو کۆ لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان گوڕوتینێکی باشی بەدەنگدانەوەی کێشەی کورد بەخشی، بەجۆرێك لەکۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیدا باسی لێوە بکرێتو دواتر لەپەیمانێکی وەك (پەیمانی سیڤەر)[٤٨]ی تایبەت بە گرفتو کێشەکانی جیهانی ئەوکات؛ چەند بەندێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت، سەرەڕای ئەوەی

---

[٤٥] د. أحمد عثمان: كردستان في عـهد...، ق١٦، مجلة (الثقافة)، العدد (٧)، تموز ١٩٨١، ص٥٤ ومابعدها.

[٤٦] م. ن، (٢٠ و٢١ و٢٢)، الاعداد (٢ و٣ و٤ و٥ و٨ و٩)، ١٩٨٢؛ سروه أسعد صابر: كردستان من بداية الحرب العالمية....، ص٩٨

[٤٧] د. أحمد عثمان: كردستان في وثائق لجنة (كيغ- كراين) ص ص ١١- ١٢.

[٤٨] بۆ دەقی پەیمانی سیڤەر مادەکانی (٦٢و ٦٣و ٦٤) بڕوانە (د. وەلید حەمدی: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و: محەمەد نوری توفیق، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٨و دواتر).

کە ئەم پەیمانە بواری کرداری بەخۆیەوە نەبینی بەڵام ناتوانرێت ڕۆڵی مەعنەوی ئەم پەیمانە کە لە(١٠/٨/١٩٢٠ز)دا لەسیڤەر ڕاگەیەنرا لەسەر کێشەی کورد فەرامۆش بکرێت[٤٩] بەپێی ئەم پەیمانە (مادەکانی ٦٢و ٦٤) تێیدا هاتووە کەدەبێت لەکوردستانی تورکیا دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێت‌و کوردەکانی باشووریش بۆیان هەیە دوای ساڵێك لەگەڵ ئەم دەوڵەتە یەکبگرن‌و دەوڵەتێکی سەر بەخۆی کوردی پێك بهێنن[٥٠].

شیاوی باسە، کە ئەم پەیمانە لەلای زۆرێك لەمێژوو نوسان‌و بیریارو سیاسەتمەدارانی کورد گرنگیەکی تایبەتی هەیەو لەئەدەبیاتی کوردیشدا پیاهەڵگوتن‌و باسی زۆری دەکرێت، بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنجی دەقەکانی ئەم پەیمانە بدەین کەتایبەتە بەکورد ئەوا وێڕای بوونی (ئەگەر)ێکی زۆر لەناوەڕۆکی بەندەکانی ئەم پەیمانە، لەهەمان کاتدا ئەم پەیمانە بڕیاری لەکوردستانێکی سەر بەخۆ داوە نەك کوردستانێکی یەکگرتوو[٥١]، ئەم کوردستانە سەربەخۆیەش دوو لەسێی خاکی کوردستانی لێ دابڕاوە کەبەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەوەشی دەمێنێتەوە بەشێکی کەم بەرهەمە لەناوچەکانی (خەربوت‌و دەرسیم‌و سیرت‌و هەکاری‌و دیاربەکر کەپایتەختی ویلایەتەو موسڵ کەناوەندی ئابورییە. ئەوتیش ئینگلیز خۆی سەرپەرشتی دەرهێنانی دەکرد، واتە ئەگەر ئەم پەیمانە بخەینە بواری کردارییەوە ئەوا کوردستانی دەکردە پێنج پارچە، بەشێکی لەژێر دەستی ئینگلیزو فەرەنسادا دەبوو، باشووریش بۆ سوریا، ڕۆژهەڵاتی بۆ ئێران، باکوری بۆ ئەرمینیا،

---

[٤٩] زنار سلوپی: في سبيل كردستان (مذكرات)، ت: ر.علي، ط١، بيروت، ١٩٨٧، ص٦٤.

[٥٠] هاوار (أ): هەڵوێستی بەریتانیا لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان‌و دەوری کۆمەڵەی گەلان لەساڵانی بیستدا، و: عەبدوڵڵا زەنگنە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٤٥)، ساڵی چوارەم، ئاداری ٢٠٠٠، ل٢٢٠.

[٥١] ڕۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی..... ل ٤٥- ٤٦.

کوردستان خۆیشی دەکەوتە ناوەند[٥٢]، لێرەوە بەئاشکرا دیارە کەسیاسەتی وڵاتە کۆلۆنیالەکان لەبەرامبەر مەسەلەی کورد لەپێش‌و پاش‌و کاتی پەیمانی سیڤەردا بریتی بووە لەدابەشکردنی کوردستان[٥٣].

پەیمانی سیڤەر ناوچەیەکی تەسکی بۆ تورکان هێشتبووەوەو سنوردارێەکی زۆرشی تێدابوو بۆیان، لەبەر ئەوە حکومەتی ئەنقەرە کەلەلایەن کەمالیەکانەوە دامەزرابوو ناڕەزایی خۆی دژی ئەم پەیمانە دەربڕی، هاوکات حکومەتی سوڵتانیش لەبەر بێزاری‌و ناڕەزایی گەلی تورکی ڕەزامەندی لەسەر ئەم پەیمانە دەرنەبڕی[٥٤]، لێرەوە ئەو گوتەزایە زیاتر واقیعی بوون‌و ڕاستێتی خۆی ئەسەلێنێ کەدەڵێت پەیمانی سیڤەر بەمردوویی لەدایك بووە یان ئەزۆك بووە[٥٥]، چونکە تورکیا وەك لایەنێکی بەرامبەر لەپەیمانی سیڤەر ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕیبوو.

دوای سەرکەوتنی کەمالیەکان لەشەڕی (سەقاریە) لەساڵی (١٩٢١ز)دا لەبەرامبەر یۆنان، وەلایەنگری کردنی سۆڤیەت بۆ کەمالیەکان، هەڵوێستی کەمالی بەهێزتربوو، بۆیە داوای ئەو ناوچانەیان دەکردەوە کە تا ئاگربڕی مۆدرۆس لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی بووەو ئەیانوت نابێت لەتورکیا دابڕێنرێت، یەکێك لەو ناوچانەش بریتی بوو لە ویلایەتی موسڵ کەدوای (١٠) ڕۆژ لەئاگر بڕەکە هێزەکانی بەریتانیا داگیریان کرد بوو[٥٦].

لەهەمان کاتداو لەناوچەکانی باشووری کوردستان‌و عیراقدا، ئینگلیز ناچار بوو لەدەرەنجامی شۆڕشی بیستی عیراق حکومەتێکی کاتی

---

[٥٢] کەندال‌و قاسملو: گەلێکی پەژموردەو.....، ل ١٠٨- ١٠٩.

[٥٣] مارف عومەر گوڵ: کێشەی کەسایەتی.....، ل٥١٦.

[٥٤] د. ابراهیم خلیل واخرون: ترکیا المعاصرة، الموصل، ١٩٨٥، ص ٣٤ ومابعدها.

[٥٥] ولیم ایغلتن: جمهوریة مهاباد (جمهوریة ١٩٤٦ الکردیة)، ت: جرجیس فتح الله، ط٢، أربیل، ١٩٩٩، ص ٣١.

[٥٦] ابراهیم خلیل واخرون: ترکیا المعاصرة، ص ٢٩.

لە(٢٥/١٠/١٩٢٠) دامەزرێنێت‌و میرێکی عەرەبی لەسوریاوە بەناوی (فەیسەڵ) بهێنێ‌و لە(٢٣ی ئابی ١٩٢١ز)دا تاجی شایەتی عیراقی بکاتە سەر[٥٧]، دواتر ویستی لەڕیفراندۆمێکی گشتی‌دا شەرعیەتی بۆ مسۆگەر بکات.

هەڵوێستی کورد لەبەرامبەر دەنگدان بەشا فەیسەڵ لەباشوری کوردستان بریتی بوو لەوەی کوردەکانی کەرکوک لەدژی شا فەیسەڵ دەنگیاندا، لەسلێمانی بەشداری لەڕیفراندۆم نەکرا، لەهەولێرو دهۆک دوای دیاری کردنی چەند داواکاری‌و مەرجێك ڕەزامەندیان دەربڕی[٥٨].

لەئەنجامی جەنگی ڕزگاری تورکی‌و سەرکەوتنیان لەو جەنگانە، کەمالی‌یەکان بوونە دیفاکتۆیەك کەدەوڵەتە هاوپەیمانەکان نەتوانن نکوڵی لێ بکەن، لەبەر ئەوە بوو هەریەك لەئیتالیاو فەرەنسا دوای دانوستاندن‌و چەند ڕێکەوتنێك لەناوچەکانی تورکیا دەستیان کرد بەپاشەکشەو هەندێ چەك‌و تەقەمەنیشیان بەتورکیا فرۆشت[٥٩].

بەم شێوەیە لەئەنجامی گۆڕانی هاوسەنگی سیاسی‌و سەربازی‌و لاواز بوونی هەڵوێستی بەریتانی لەناوچەکەدا و پەیدابوونی مەترسی سۆڤیەت جارێکی تر بۆ سەر ناوچەکە، ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ بەستنی پەیماننامەیەك بۆ دۆزینەوەی چارەسەرو لەیەك گەیشتن لەگەڵ کەمالی‌یەکان، ئەم هۆکارانە

---

[٥٧] د. ابراهيم خليل و د. جعفر عباس حيدي: تأريخ العراق المعاصر، الموصل، ١٩٨٩، ص٢٧؛ جەمال نەبەز: کوردستان‌و شۆڕشەکەی، و: لەئەڵمانی‌یەوە: کوردۆ، ١٩٨٥، ل١٤٧.

[٥٨] درك كينان: کوردو کوردستان، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلیمانی، ١٩٩٩، ل٤٤؛ عبدالرزاق الحسني: تنصيب فيصل الأول ملكا على عرش العراق، مجلة (آفاق عربية)، السنة (١١) نيسان ١٩٨٦، ص٥١.

[٥٩] ابراهيم خليل واخرون: تركيا المعاصرة، ص ص ٣٥- ٣٦.

بوونە هۆی گەڵاڵە بوونی پەیماننامەی (لۆزان) لە(٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ز) تاوەکو (٢٤ تەمموزی ١٩٢٣)[٦٠].

پەیمانی لۆزان وەك ئەڵتەرناتیڤێکی پەیمانی سیڤەر لەدایك بوو وە بووە هۆکاری ڕاستەوخۆ بۆ لەباربردنی پەیمانی سیڤەرو خواستو هیواکانی کوردی زیاتر بەرەو نەمان برد[٦١]. هەروەها لێرەوە کێشەی ویلایەتی موسڵ سەری هەڵدا کەلەمیانەی پەیمانەکەدا چارەسەر نەکرا بوو، تورکیا کۆمەڵێك بیانوو و پاساوی تایبەتی هەبوو بۆ داواکردنی ویلایەتی موسڵ، بەهەمان شێوە بەریتانیا و عیراقیش وەك لایەنی بەرامبەر لەبەر چەندین هۆکار زۆر جەختیان لەسەر لکاندنی ویلایەتی موسڵ دەکردەوە بەعیراق[٦٢].

دوای ئەوەی کەدەرفەت بەهەریەك لەبەریتانیاو عیاق لەلایەكو تورکیا لەلایەکی ترەوە درا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ بەرێگەی گفتوگۆو ئاشتی، هیچیان نەگەیشتنە خاڵیکی کۆتایی بۆ کێشەکە، لەبەر ئەوە کۆمەڵەی نەتەوەکان هێڵی بڕۆکسلی وەك هەنگاوی سەرەتایی دیاری کرد لەنێوان عیاقو تورکیا، دواتر لیژنەیەك دامەزرێنرا بۆ سەردانی ناوچەکەو ئەنجامدانی ڕاپرسییەك بەدانیشتوانو لێکۆڵینەوە لەباروزخی ناوچەکە لەرووی مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و.... هتد[٦٣].

لیژنە سەردانی ناوچەکەی کردو ڕاپۆرتی تایبەتی خۆی پێشکەش بەکۆمەڵەی نەتەوەکان کرد، کۆمەڵەی نەتەوەکانیش لە(١٦/١٢/١٩٢٥)دا

---

[٦٠] م. ن، ص٣٩.

[٦١] لەبارەی کێشەی موسڵ بڕوانە (د. فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و: محمد شاکەلی، سلێمانی، ١٩٩٩).

[٦٢] د. عثمان علي: العامل الكردي في قضية ولاية الموصل، مجلة (ئاڵای ئیسلام)، السنة (١٣)، العدد (١)، آذار ١٩٩٩، ص ص ٦-٧.

[٦٣] فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل١٨٧و دواتر؛ عثمان علي: العامل الكردية في....، ص٩.

بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵی بەعێراقەوە دا[٦٤]. بەم شێوەیە دابەشکردنی کوردستان‌و گەلاڵە بوونی پەیمانی لۆزان بواری کرداری خۆی وەرگرت‌و بەرجەستە بوو، دەرەنجامی ئەم بارودۆخە شپرزەیی‌و ئاڵۆزی ناوچەکانی کوردستانی داگرت‌و چەندین ڕاپەڕینی فراوان‌و جۆراو جۆر لەکوردستان بەرپابوو[٦٥].

لەباکوری کوردستان، کەمالیەکان کەوتنە تواندنەوەی کوردەکان‌و لەناوبردنی کلتورو پێکهاتەی نەتەوەیی کوردو ڕاگواستنی کوردەکان‌و بەتورك کردنی ناوچە کوردیەکان، دەرەنجام هەر لەساڵانی (١٩٢٥) تاکۆتایی ساڵانی (١٩٣٨)و سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی ئاگری شۆڕش‌و ڕاپەڕین بڵێسەی هەبوو[٦٦].

لەباشووریش هێزەکانی ئینگلیزو داموو دەزگای عێراقی دەستیان کرد بەجێ بەجێ کردنی پلان‌و نەخشە داگیرکاریەکانیان‌و لێدان‌و چەوساندنەوەی کوردو بزاڤە نەتەوەییەکەی، لەبەرامبەردا شێخ مەحمودو شێخ ئەحمەد بارزانی وەك سەرکردەی بزاڤی نەتەوەیی‌و گشت چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگە بەشداری ڕووبەڕووبەنەوەی دوژمنانیان کرد[٦٧]. لەرۆژهەڵاتی کوردستان بارودۆخ باشتر نەبوو، چونکە بەهاتنی (ڕەزاشا) بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوایی ئێران‌و لاسایی کردنەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ بۆ (ئەتا تورك)و هەنگاو هەڵگرتنی، هەمان گیرو گرفتی ناوچەکانی تری بەرپاکرد، بەهەمان شێوە

---

[٦٤] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان‌و...، ب٢، ل٦٢٨.

[٦٥] کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی (٢٠- ١٩)دا، وەرگێڕانی محمد ریانی، چ٢، رتبەندانی ١٣٦٩، ل١٢٤.

[٦٦] لوسیان رامبو: الکرد والحق، ت: عزیز عبدالأحد نباتی، ط١، أربیل، ١٩٩٨، ص٤٣ ومابعدها.

[٦٧] م. ن، ص٥٨ ومابعدها.

بزاڤی ڕزگـارخوازی بەسـەرکردایەتی (سمکـۆو سـەردار ڕەشـیدو....) ڕۆڵـی بەرچاوی گێڕا لەڕووبەڕوو بوونەوەو بەرەنگاری دامو دەزگای ئێرانی[٦٨].

هاوکات لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا ملمـلانـێی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان بۆ بەدەست هێنـانی داگیرگـە بـارودۆخی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی بەگشتیو کوردستانی بەتایبەتی شپرزە تر کردبوو، مێـژووی هـەوڵی ئـەم دەوڵەتانـەش لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە سەرچاوەی گرتبوو[٦٩].

ڕوسیا بۆ گەیشتن بەناوە گەرمەکان ڕووەو باشوور لەهـەوڵی فراوانخوازیـدا بوو، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بەکوردەکانەوە کرد بوو[٧٠]، هەروەها دوای بەستنی چەند پەیماننامـەیەك لەگەڵ هەریەك لەدەوڵـەتی ئـێرانیو عوسمانی، هەندێك شوێنی کوردستانو خێڵی گەورەی کورد کەوتنە سنوری قەڵەمڕەوی ڕوسـیای تـەزاری، وە مـەیدانی بەشـێك لەجەنگـە خوێناوییـەکانی نێـوان (عوسمانی- ڕوسی)و (ئێرانی- ڕوسی) کوردستان بوو[٧١].

گرنگی دانی ڕوسیا بە کورد کارێکی بێ هودە نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بـوو کەبتوانێت بەلای خۆیدا کێشیان بکات، یان هیچ نەبێت لەململانێی نێـوان ڕوسـیاو دەوڵـەتی عوسمانی، یـان ئـێرانی بێلایـەن بـنو دژایـەتی ڕوسـیا نەکەن[٧٢].

ئەم گرنگیدانەی ڕوسیا ڕۆژ بەڕۆژ لەزیاد بووندا بوو، بەجۆرێك لەسـاڵانی (١٨٩٠ز)و دواتـردا تامـاوەی سـاڵانی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی چـەندین

---

[٦٨] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (یاسین خالد: کردستان الشرقیة....).

[٦٩] جلیلي جلیل واخرون: الحرکة الکردیة في العصر....، ص٥٣.

[٧٠] خالفین: الصراع علی کردستان، ص٤٢؛ ئارام عەلی: پـەیوەندی نێوان کوردو....، لا٤٣.

[٧١] بڕوانە (دکتر عبداللە رازی: تـاریخ کـامل ایـران، ص١٣، تهران، ١٣٧٦، ص٤٩٣ ومابعدها) هەروەها اورخان محمد علي: السلطان عبدالحمید الثاني حیاته واحداث عـهده، ط١، ١٩٨٧، ص١٣٨ و١٣٩.

[٧٢] قاسملو: کوردستانو کورد، لا٤٨؛ علیاوەیی: کردستان في عهد....، ص٤٧.

سەربازو ئەفسەری لێهاتووی ڕوسی هاوشێوەی: مینۆرسکیو نیکیتینو تامیلۆڤو... چەندین لێکۆڵینەوەیان لەبوارەکانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو مێژووییو... لەژیانی کوردا پێشکەش بەحکومەتەکەی خۆیان کردووە، کەئەمانە لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانو لەمیانەی کارەکانیان لەکونسولگەو بارەگاکانی ڕوسی لەسنووری ناوچەکانی ئێرانو عوسمانیدا شارەزاییان لەبارەی ژیانی کورد پەیداکردووە[٧٣].

دەرەنجامی ئەم بایەخ پێدانەی ڕوسیا بۆ کورد، ژمارەیەك لەسەرۆکە کوردەکان هیواو ئامانجەکانی خۆیانو جێبەجێ کردنیان؛ بەیارمەتیو پشتگیری ڕوسیاوە بەستبووەوەو بۆ ئەم مەبەستەش جۆرەها پەیوەندیان بەڕوسیاوە کردووە لەکاتی پێویستیدا، نمونەش هەوڵەکانی (عەبدولڕەزاق بەدرخان ١٨٤٦- ١٩١٨)[٧٤]و سمکۆو... بوون. بەڵام دوای ئەوەی کوردەکان لەخواستو ئامانجەکانی ڕوسیا تێگەیشتن بەتایبەتی لەڕاست دروست بوونی دەوڵەتی ئەرمەنی، ئەم پەیوەندییە بەرەو لاوازی چوو[٧٥].

سەبارەت بە بەریتانیا، ئەتوانین سەرەتای هەوڵەکانی بەهاتنی (مالکۆڵم) [کاپتنێکی بەریتانی بەرپرس بوە لەهیندستان] بۆ کوردستان دیاری بکەین، هەروەها لەساڵی (١٨٠٦ز)دا (ڕیچ) کەنماینەدەی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی بوو لەبەغداد سەردانی کوردستانی کردو چەندین زانیاری جۆراو جۆری لەبارەی کوردستان تۆمار کرد[٧٦].

---

[٧٣] کمال مظهر: کردستان في سنوات الحرب....، ص ص٤٩- ٥٠.

[٧٤] لەبارەی ژیانی بڕوانە (عبدالفتاح علي يحيى: عبدالرزاق بدرخان البوتاني، مجلة (کاروان)، العدد (٦٥)، حوزیران ١٩٨٨، ص١٢٥ ومابعدها).

[٧٥] کمال مظهر: کردستان في سنوات الحرب...، ص ص٦٥- ٦٦.

[٧٦] کمال مظهر: دراسات في تأريخ ايران...، ص٢٣٥؛ خالفين: الصراع على کردستان، ص٢٧- ٢٨.

کوردستان لەنەخشە سیاسیو سەربازیو ئابووری‌یەکانی بەریتانیادا پایەیەکی گرنگی هەبوو، چونکە یەکێك بوو لەو ناوچەنەی کەلێوەی بەکورتترین ڕێگا ئەگەیشتنە هیندستان[77]. لەبەر ئەوە بەریتانیا بەردەوام لەهەوڵی بنیاتنانی پێگەی خۆیدا بوو لەکوردستانو لەناو هۆزە کوردی‌یەکاندا، بۆ ئەمەش سامانێکی زۆری بەسەر خەڵکیدا لەناوچەکانی کوردستان دابەش دەکرد بەتایبەتی دوای ئەوەی کە باشووری کوردستانی داگیرکرد لەدوای ئاگربڕی مۆدرۆس[78].

ئەڵمانی‌یەکانیش بۆ هەمان مەبست لەهەوڵدانا بوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی توانیان مافی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنینی بەغداد لەساڵی (1903ز)دا بەدەست بهێنن، ئەم هێڵە لەیەکێك لەنەخشەکانیدا بەکوردستاندا تێدە پەڕی بۆیە بەناوی (هێڵی باکور) ناودەبرا[79].

لەکاتی جەنگی جیهانیو دەوروبەریدا بەتایبەتی لە(نیسانی 1914ز) گۆڤارێکیان بەناوی (کوردستان)و بەزمانی کوردی بڵاو کردەوە، کە لەسەر ڕووپەرەکانی ئەم گۆڤارە بیری (ئاری)یەتو پڕوپاگەندەی جۆراو جۆر بڵاو ئەکرایەوە بەمەبەستی نزیك کردنەوەی کوردەکان لەخۆیان[80].

ئەمریکاش وەك هێزێك ڕۆڵی خۆی هەبوو، لەسەرەتاکانی جەنگدا زیاتر گرنگی بەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەداو بەهۆی مسیۆنێرەکانی‌یەوە لەمەڵبەندەکانی ورمێو مهابادەدا توانیان ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن[81].

بەهەمان شێوە فەرەنسی‌یەکان گرنگیان بەدروست کردنی هێڵە ئاسنینەکانو بڵاو کردنەوەی زمانو فەرهەنگی فەڕەنسی ئەدا لەناو کورد،

---

[77] م. ن.، ص33.

[78] کمال مظهر: کردستان في سنوات الحرب...، ص39.

[79] م. ن، ص25- 26.

[80] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، ل104.

[81] قاسملو: کوردستانو کورد، ل49.

هەروەها هەولی چەند خوێندنگاو دەزگای تایبەتیان خستبووە خزمەت ئامانجەکانیان و لەم پێناوەدا کردبویانەوە[٨٢].

بەم جۆرە لەکوردستان و هەریەکە لەدەوڵەتە ئیمپریالیستی یەکان بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی خۆیان بەجۆرەها شێوازو ڕێگای تایبەت لەپارچەو بەشە جیاجیاکانی کوردستان لەهەوڵی وەدیهێنانی ئامانجە داگیرکاریەکانی خۆیاندا بوون، لەم پێناوەشدا ململانێی نێوانیان چڕ کرد بووەوە کەزیان و باجەکەی تەنها لەلایەن خەڵکی کوردەو تاکی چەوساوەی کوردەوە پێشکەش ئەکراو سامانی کوردستان بوو کەبێ هودەو بەهەدەر ئەچوو.

## دووەم- پێکهاتەو بونیادی کۆمەڵایەتی ی کۆمەڵی کوردەواری:

کوردستان لەزۆر ڕووەوە ڕێگەو شێوازی گەشە کردن و پەرەسەندنی تایبەت بەخۆی هەبووە، بەجۆرێك سیماو شەقڵێکی تایبەتی پێ بەخشیوە جیاواز لەولاتانی دەوروبەری، ئەمەش چەند هۆکارێك ڕۆڵی تێدا بینیوەو نەخشەی ڕێبازی گەشە کردن و ڕژێمی کۆمەڵایەتی کێشاوە، لەوانە: داگیرکردنی کوردستان و دابەش کردنی لەلایەن زلهێزان و پێشێل کرانی مافە نەتەوەیی یەکانی کورد لەسەر هەر دوو ئاستی تاك و کۆ، دزە کردنی دەسەڵات و پێگەی دەوڵەتە ئیمپریالیستی یە ئەوروپی یەکان بۆ کوردستان و....[٨٣]، لەبەر ئەوە ئەوەی ناوچە کوردی یەکانی پێ ئەناسرێتەوە نزمی ئاستی پەرەسەندنی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکانەو شێوەی پێکهاتوی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە[٨٤]، لاهوتی لەم بارەیەوە دەڵێت:"ئەوەی لەژیانی کۆمەڵایەتی کورد بکۆڵێتەوە سەری سوڕ دەمێنێ لەو جیاوازی یە زۆرەی کە لەنێوان کوردو گەلانی دراوسێ ی دا بەدی دەکرێت، ژیانی خێڵایەتی کورد

---

[٨٢] کمال مظهر: کردستان في سنوات الحرب....، ص ص٧٦- ٧٧.

[٨٣] مەحمود مەلاعیزەت: دیبلۆماسیتی بزوتنەوەی کوردایەتی، سلیمانی، ١٩٧٣، ٢٣٦.

[٨٤] لازاریف: ئەو هۆکارانەی مەسەلەی کورد پێك دەهێنن، و: سەعد عبدوڵلا، ٢٢٦.

هەندێ دیاردەی لای ئەم گەلە دروست کردووە کە بەهیچ جۆرێك لەکۆمەڵگەی فارس‌و تورکدا بەدی ناکرێت...[٨٥].

کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی‌و لەسەدەی هەژدەو پێشتردا‌و تاکو سەرەتای سەدەی نۆزدەش پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی لەسەر بناغەی خێڵایەتی دامەزرابو[٨٦]، خێڵە کوردی‌یەکان وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی‌و پەیوەست بەمەڵبەندێکی دیاری کراوی تایبەت بەخێڵ خۆ دەنوێنن‌و یەکەیەکی ئابوریش پێك دەهێنن لەگەڵیدا، لەسەر بنەمای ڕەچەڵەك‌و خزمایەتی ڕاستەقینە یاخود هەڵبەستراو، هەڵچوون‌و شیازەیەکی نێو خۆی دیاری کراویان هەبوو[٨٧].

خێڵ لەکۆمەڵی کوردەواریدا لەچەند کەرتێکی لەخۆی بچوکتر پێك دێت، ئەوانەش هۆزو تیرەو بنەماڵەو خێزان... ئەگرێتەوە[٨٨]، خێزان وەك بچوکترین دەزگا لەژن‌و مێرد‌و زۆر جاریش چەند منداڵێك پێك دێت، باوك لەخێزاندا گەورەی ماڵەو بژێوی خێزان دابین دەکات، کوڕی گەورە هەمیشە لەدوای باوکی کاروباری خێزانی دەگرتە دەست، ئافرەتیش پلەو پایەی تایبەتی خۆی هەبووەو تاڕادەیەك ئازاد بووە، تەنانەت لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی‌و دواتر بەشداری کاری سیاسی‌و سەربازی کردووە[٨٩].

---

[٨٥] ئەبو القاسمی لاهوتی: کوردو کوردستان، و: لەڕوسی‌یەوە: دکتۆر جەبار قادر، هۆڵەندا، ١٩٩٨، ل٣٢.

[٨٦] جەلیلی جەلیل: کوردەکانی....، ل٢٧.

[٨٧] مارتن ڤان برونسن: ئاغاو شێخ‌و دەوڵەت، و: لەئەڵمانییەوە: کوردۆ، ب١، چ١، ئەڵمانیا، ١٩٩٦، ل١٠٢.

[٨٨] مارتن ڤان برونسن: ئاغار شێخ‌و دەوڵەت، ل١٠٢؛ جەلیلی جەلیل: کوردەکانی....، ل٢٧.

[٨٩] واسیلی نیکیتین: کوردو کوردستان، و: هێدی، چ١، هەولێر، ١٩٩٧، ل٣٠٥و دواتر.

خێڵ لەرووی چۆنێتی ژیان‌و گوزەرانیانەوە بۆسێ بەش جیا دەکرێتەوە؛ کۆچەری‌و نیمچە کۆچەری‌و نیشتەجێ[٩٠].

بەبڕوای قاسملۆ خێڵە کۆچەرەکان لەسەدەی نۆزدەدا سێ‌یەکی دانیشتوانی کوردستانیان پێك هێناوە[٩١]، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا زۆر کەمی کردووەو زۆرینەیان بەهۆی هۆکاری جۆراو جۆرەوە لەگوندەکاندا نیشتەجێ بوون‌و دەستیان داوەتە کاری وەرزێری‌و لەپاڵیشیدا چەند سەرێك ئاژەڵیان بەخێو کردووە، ڕێژەی ئەم خێڵە کۆچەرانە لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کەمتر بووە وەك لەکوردستانی باکوردا[٩٢].

خێڵە کۆچەرەکان مەودایەکی کۆچیان هەبوو، لەکۆتایی وەرزی بەهاراندا ڕووەو ناوچە دوورەکانی باکور کە بە(زۆزان یان کویستان) ناو دەبرێت کۆچیان دەکردو هەر خێڵێك دوو، یان سێ لەوەڕگەی لەکێوەکاندا هەبوو کەیەك لەدوای یەك بەکاریان دەهێنا بۆ لەوەڕاندنی ڕانەکانیان، هەر خێڵێك خاوەنی ڕانێکی گەورەی مەڕو بزن‌و کەمێك ڕەشە وڵاخ بوون، لەکۆتایی وەرزی (پاییز)یشدا ڕووەو دەشتە بەپیتەکانی گەرمیان کە بە(گەرمیان-گەرمەسێر) ناو دەبرێت کۆچیان دەکرد، ئەم خێڵانە لەکاتی نیشتەجێ-بونیاندا لەهەر هەوارگەیەك (ڕەشماڵیان) بەکار دەهێنا بۆ شوێنی حەوانەوەو خەوتن، ئەستووری (ڕەشماڵ)ە کەش بەپێی کەش‌و هەوای ناوچەکە دەگۆڕا[٩٣].

---

[٩٠] عەلی سەیدۆ گۆرانی: لە"عەممان"ەوە بۆ....، لا٢٩٥؛ علیارەیی: کردستان في عهد....، ص٨.

[٩١] قاسملۆ: کوردستان‌و کورد، لا١٢٩.

[٩٢] عەلی سەیدۆ گۆرانی: لە"عەممان"ەوە...، لا٢٩٥؛ مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ‌و....، لا٤٠؛ جەلیلی جەلیل: ڕاپەڕینی کوردەکان، لا٢٠.

[٩٣] عەلی سەیدۆ گۆرانی: لە"عەممان"ەوە...، لا٢٩٧؛ مارتن ڤان: ئاغا و....، لا٤٤-٤٥؛ علیارەیی: کردستان في عهد....، ص٩- ١٠.

سەبارەت بەنیمچە کۆچەرەکان، جیاوازی نێوانیان لەگەڵ کۆچەرەکاندا، بریتی بوو لەوە، ئەمان هاوینە هەواریان نزیك بەگوندەکان بوو و ڕێگەی دووریان بۆ کوێستانەکان نەدەگرتە بەر، لەبەهاراندا زۆربەی دانیشتوانی گوند بەهەرو ماڵاتەوە ڕوو لەبەرزایی و لەوەڕگای کێوەکان کۆچیان دەکرد و لەم کاتەدا ئێلاخ دەوارو ڕەشماڵیان هەڵدەدا، بەڵام کاتێك کارو فرمانی نێوکێڵگەو کشتوکاڵ دەستی پێ دەکرد، پیاوانیان دەگەڕانەوە بۆ گوندەکان بۆ جێ بەجێ کردنی کاری وەرزێری و کشتوکاڵ کردن و بەروبوم کۆکردنەوە، دوای تەواوبوونیش ئەگەڕانەوە بۆ لای خێزان و خێڵەکەیان لەهەوارگەکان[٩٤].

بەشێوەیەکی گشتی هەر خێڵێك کەسێك ئەیبرد بەڕێوە کە بە(سەرۆك خێڵ) ناودەبرا[٩٥]. پلەو ناستی کۆمەڵایەتی سەرۆك خێڵ لەخێڵێکەوە بۆ خێڵێکی تر گۆڕاوە، هەبوە (شێخ) یان (خان) یان (بەگ) یان (ئاغا) بووە، دەسەڵاتی سەرۆك خێڵ ڕەهاو بێ سنوور بووە، بۆی هەبووە دەست بخاتە کاروباری هەر کەسێکەوە لەسنووری خێڵەکەیدا[٩٦]، ئەندامانی خێڵیش بەهیچ جۆرێك سەرپێچی بڕیاری سەرۆك خێڵەکەیان نەدەکردو بەشانازییەوە جێ بەجێیان کردووە، پلەو پایەی سەرۆك خێڵ بەجۆرێك بووە کەتەنانەت لەناو خێڵە کۆچەرەکانیشدا ئەو ڕەشماڵەی بۆ هەڵئەدرا لەڕووی (گەورەیی و جوانی و بەرزی شوێن) جیاواز بوو لەوانی تر[٩٧].

پەیدابوون و پەرەسەندنی جۆرێك لەبازرگانی، کە لەنێوان خێڵە کۆچەرو نیشتەجێ بووەکاندا سەری هەڵدا، بووە هۆی هێنانە کایەوەی خاوەندارێتی تایبەتی و قۆرخ کردنی لەوەڕگا باشەکان و زەوییە بەپیتەکان، ئەم دیاردەیە لەناوچینی دەسەڵاتداری هەر دوو دەستەکە (کۆچەرو نیشتەجێ) گەڵاڵە بوو،

---

[٩٤] مارتن ڤان برونسن: ئاغاو شێخ...، ل٤٣- ٤٤.

[٩٥] نیکیتین: کوردو کوردستان، ل٣٥٦- ٣٥٧.

[٩٦] عەلی سەیدو گۆرانی: لە"عەمان"ەوە بۆ....، ل٢٩٧

[٩٧] نیکیتین: کوردو کوردستان، ل٣٥٨.

کەوای کورد بوو مافی بەکار هێنان و سەرپەرشتی کردنی ئەو لەوەڕگاو زەویانە تەنها لەدەست ئەم چینەدا بوو کەشێوەی دەرەبەگیان هەبوو، دەرەنجام چینی هەژارو ڕەش و ڕوتی بۆ ئەوەی لەبرساندا نەمرن کەوتنە بەردەستی ئەم دەرەبەگانەو بەنارەزو و خواستی خۆیان کاریان پێ دەکردن[٩٨].

لەئەنجامی ئەم گۆڕانکاری و پرۆسەیەدا، خەباتی چینایەتی بەسیمایەکی دیارەوە سەری هەڵداو پرۆسەی پەرەسەندنی دەرەبەگایەتی هەم لەهەناوی خێڵی کۆچەرو نیشتەجێ بوودا خێرا تر کرد[٩٩].

زیاد بوونی نیشتەجێ بوون لەلایەن خێڵە کۆچەرەکانەوە لەشارو گوندەکاندا ڕژێمی دەرەبەگایەتی بەرەو لاواز تر برد[١٠٠]، هاوکات پراکتیزە کردنی سیاسەتی مەڵبەندی و لەناو بردنی میرنشینە کوردییەکان لەهەر دوو بەشی کوردستانی ئێران و عوسمانیدا ئەم لاوازییەی خێرا ترکرد، چونکە هاتنی لەشکرو سوپای عوسمانی بۆ ناوچەکانی کوردستان بارودۆخی زۆر لێ کردن و ئابووری و کۆمەڵایەتی قورستر کرد، سەرەڕای ئەوە چەوسانەوەی نەتەوایەتیشی هاتە سەر، تەنانەت لەژێر سایەی دەوڵەتی قاجاری ئێراندا چەوسانەوەی (ئاینزایی) هاتە پاڵ[١٠١].

بەتێپەڕ بوونی کات ڕژێمی دەرەبەگی لەکوردستان بەرەو لاوازی ئەچوو، ئەم گۆڕانەش وەك پێویستییەکی کۆمەڵگەی کوردی ئاڕاستەی وەرگرتبوو، بەڵام ئەوەی تێبینی ئەکرێت گۆڕانی ڕژێمی دەرەبەگی لەکوردستان هەمان ڕەوتی گۆڕانی ڕژێمەکانی وڵاتانی ناوچەکەی نەبووە، چونکە ئەگەر چینی بورژوازی و بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی ئەو فاکتەرە سەرەکیانە بووبن کە

---

[٩٨] کەندال و قاسملو: گەلێکی پەژموردەو.....، ل٨٢.

[٩٩] عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی....، ل٤٧.

[١٠٠] هەمان سەرچاوە، ل٤٦.

[١٠١] مەحمود مەلا عزەت: دیپلۆماسیەتی....، ل٤٧؛ صالح محمد أمین: کوردو عەجەم، ل١٥٢.

ڕاستەوخۆ کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی لەرژێمی دەرەبەگی یەوە بۆ سەرمایەداری گواستییتەوە، ئەوا ئەم فاکتەرانە لەکوردستان نەخەملیو بوون لەبەر ئەوە نەبوونە هەوێنی هەمان گۆڕانکاری[102]، هاوکات دزەکردن و هاتنی وڵاتە داگیرکارەکان کەبەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوون کوردستان بەدواکەوتوویی و لەقۆناغی دەرەبەگیدا بهێڵێتەوە لەپێناو بەدەست هێنانی دەستکەوتەکانیان و جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانیان بوونە هۆی ئەوەی کەخەڵکی کورد دووچاری چەوسانەوەیەکی تری نەتەوەیی بێت لەسەر دەستی ئیمپریالیستەکان[103].

دەست پێ کردنی سەردەمی جوڵانەوە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکانی کورد سەرهەڵدانی قۆناغ و سستمێکی تر بوو، لەم قۆناغەدا پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی بەتەواوی لەناو نەچوو، لەهەمان کاتدا وەك خۆشی نەمایەوە، بەڵکو ئەم قۆناغە تێکەڵێك بوو لەهەر دوو قۆناغی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری.

ئەم قۆناغە نوێ یەی کۆمەڵگەی کوردی؛ وەك قۆناغێکی گواستنەوە و ناوەندیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بۆ تێپەڕاندنی ڕژێمی دەرەبەگی بۆ سەرمایەداری، ئەم قۆناغەش لەلایەن بەشێك لەمێژوو نوسانەوە بەقۆناغی (نیمچە دەرەبەگی) ناونراوە[104].

لەم قۆناغەدا دەسەڵات لەڕووی سیاسی یەوە لەدەست میرە کوردەکاندا نەماو کەوتە دەستی داگیرکاری عوسمانی و ئێرانی، هەروەها چینی سەرمایەداری کوردیش توانای سەرکردایەتی و پێشەوایەتی کۆمەڵگەی

---

(102) مەحمودی مەلا عزەت: دیپلۆماسیتی....، ل٤٣.

(103) جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية الكردية، ط١، بيروت، ١٩٦٩، ص١١٦.

(104) م.ن، ص٧٣؛ مەحمودی مەلا عزەت: دیپلۆماسیتی...، ل٤٧؛ جەلیلی جەلیل: کوردەکانی....، لال٤٢- ٥٣.

کوردی نەبوو و نەیتوانی ڕژێمێکی نوێ پێک بهێنێتو ڕۆڵی سەرەکی ببینێت لەبەرهەم هێنانی سەرمایەدارانەدا[١٠٥].

ئەم هۆکارانە بوونە هۆی مانەوەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکانو چەوساندنەوەی جوتیار، چونکە ئەگەر چی ئاغاو خاوەن زەوییە گەورەکان دەسەڵاتی سیاسیان لەدەست نەبوو، بەڵام هەندێکیان بوبونە نمایندەی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی داگیرکەرو خۆیان بەبێگانە فرۆشتبوو[١٠٦].

لەئەنجامی داگیرکاری بۆ کوردستانو ئەو بارودۆخەی ئاماژەمان بۆکرد، پەشێوییو ئاژاوە لەوڵاتدا بەرپابوو بوو، لەبەر ئەوە ئەگەر سەیری شێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستان بکەین لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، کەلێنێک لەدەسەڵاتو پێشڕەوی چینەکانی کۆمەڵگە بەدی دەکەین، بەڵام لەهەشتاکانی سەدەی نۆزدەوە چینێکی نوێ سەرهەڵدەدات، کەئەم چینە دەتوانێت پەیوەندییەکی تارادەیەک گشتگیر لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکانی تر بنیات بنێتو جڵەوی پێشەوایەتیو پێشڕەوی بگرێتە دەست؛ ئەم چینە بریتی بوون لەپیاوانی ئایینی کەخۆی لەشێخو مەلاکاندا دەبینییەوە.

شێخ لەکۆمەڵگەی کوردیدا دەسەڵاتی دینیو دنیایی لەدەست بوو، بوونە شێخ پێویستی بەخوێندنو وەرگرتنی مۆڵەت هەبوو، لەبەرئەوە کوڕە شێخەکان ئەو ڕێگایەیان دەگرتەبەر، بەم جۆرەش بارێکی میراتگریان دابووە ئەم پێگەو پلەو پایەیە[١٠٧].

شێخەکان سەرارەی ئەوەی دیاریو بەخششێکی زۆریان لەلایەن خەڵکو دەروێشەکانی خۆیانەوە بۆ دەهات، سەر پەرشتی هەموو ئەو (وقف)انەیان دەکرد کە بۆ چاک کردنەوەی مزگەوتو جۆگەو شوێنە گشتییەکان بەکار

[١٠٥] مەحمودی مەلا عزەت: دیپلۆماسیەتی...، ل ٤٧- ٤٨.

[١٠٦] مەحمودی مەلا عزەت: دیپلۆماسیەتی...، ل٥٠.

[١٠٧] ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی...، ل١١؛ درک کینان: کوردو کوردستان، ل١٣- ١٤.

دەهات، ئەم لایەنە زیاتر بووە هۆی پەرەو دان بەدەسەڵاتی شێخ و کردنەوەی تەکیە بۆ دەرویش و میوانداری خەلکی ڕێبوار[108].

کەمیی خوێندنگاو زانستی ڕێژەیی و مرۆیی لەکوردستاندا، ببوە هۆی ئەوەی کەچینی ڕۆشنبیری کوردستان کەسانێك بن کەدەرچووی حوجرەو خوێندنگا ئایینییەکان بن و خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی ئایینی بن، ئەم لایەنە وای کرد بوو کەشێخەکان ڕۆشنبیرترین کەسانی کۆمەڵگابن و خەلکانیش لەسەر ئەم بنەمایە کردبوویانە پێشەنگی خۆیان و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن، لەبەر ئەوەیە دەبینین لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم شێخەکان هەوڵیانداوە وەك سەرکردەیەکی گشتگیر لەبوارەکانی ژیان و بزاڤی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی کوردیدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و چەندین کەسی سەرکردەی وەك: شێخ عوبەیدوڵلاو شێخ مەحمودو سەید تەهاو شێخ عەبدالقادری شەمزینیو... لەم بوارەدا هەلکەوتووە.

دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی ڕۆشنبیری و خوێندەواری هەر بەم شێوەیە ئاڕاستەی نەبوو، بەتایبەتی لە(٩٠)ەکانی سەدەی نۆزدەدا، کاتێك چەند سەرۆك خێڵ و دەسەڵاتدارێکی کورد بەناوی (٤٠) هەزار کوردەوە لەویلایەتی وان‌ودەوروبەری نوسراوێکیان پێشکەش بەنماینده‌ی سولتانی عوسمانی کردووە لەکاتی هاتنیدا بۆ ناوچەکە، یەکێك لەداواکانی ئەم نوسراوەی کورد بریتی بوو لەهەوڵدان بۆ کردنەوەی خوێندنگا، بەڵێنی ئەوەشیان دابوو کەخەرجی ئەو خوێندنگایانە خۆیان ئەیگرنە ئەستۆ[109].

لەبەرواری (١٨٩٠/٩/٢١)ز بڕیاری دامەزراندن و کردنەوەی چەند خوێندنگایەك دەرچوو، هەروەها داوا لەسەرۆك خێڵەکان کرا منداڵەکانی خۆیان دیاری بکەن بۆ چوونە بەر خوێندن[110]، لەساڵی (١٨٩٢ز)

---

[108] ڕۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعید....، ل١٩٦.

[109] خالفين: الصراع على كردستان، ص٦.

[110] علیاوەیی: کردستان في عهد....، ص١٥٦.

لەئەستەمبوڵو بەغداد خوێندنگای خێڵەکان (عەشیرەت مەکتەبلەری) دامەزران، دامەزراندنی ئەم خوێندنگانە بۆ مەبەستی دروست کردنی هەستی خۆشەویستی تورك بوو لای تاکی کوردی، بەڵام ئەم خوێندنگانە زۆر درێژەیان نەبوو[111]، لەگەڵ ئەوەشداو بەدەر لەخواستو هیواکانی سوڵتانی عوسمانیو دارو دەستەکەی، بیری ئازادیو سەر بەخۆیی نەتەوەییو نیشتمانی بەشێوازێکی زۆر دیارو لەچوار چێوەیەکی زیاتر واقیعیدا لەلای ئەو کوردانە پەرەی سەند کە لەم خوێندنگانەدا خەریکی خوێندن بوون[112].

هاوکات بەشێك لەڕۆشنبیرە کوردەکانی ئەوکات پەراگەندەی هەندەران بوو بوون، ئەم ڕۆشنبیرانە لەئەنجامی ئاشنا بوون بەبیری بورژوازی لیبراڵی ڕۆژئاوایی داوای دامەزراندنو بنیاتنانی ڕژێمێك بوون کەچینی بورژوا ڕۆڵی سەرەکی تێدا بگێڕێتو هەڵسوڕێنەری بێت[113].

گەڕانەوەی بەشێك لەم ڕۆشنبیرانە بۆ ناوچە کوردییەکانو ئەستەمبوڵ لەدوای کودەتای (١٩٠٨ز)ی تورکانی لاو، بووە هۆی دروست بوونو پێکهاتنی چینێکی دەستە بژێر، کەتوانییان چەندین ڕێکخراو و پارتی ڕۆشنبیریو سیاسی تایبەت بەکوردو کێشەکەی دابمەزرێننو خامەکانیان بخەنە کارو چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی لەئەستەمبوڵو دەرەوەی دا دەربکەن، ئەم چینە بەئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەییەوە هاتنە مەیدانو بەردەوام لەهەوڵی تێگەیاندنی تاکی کوردیدا بوونو ئامانجیان گشتگیر کردنی ئەم ئایدۆلۆژیایە بوو[114]، نموونەی ئەو کەسانەش: (د. عەبدوڵڵا جەودەتو ئیسحاق سکوتیو خەلیل خەیاڵیو سەعیدی نورسیو.... هتد) بوون.

---

(١١١) نیکیتین: کوردو کوردستان، لا٥٤٨؛ جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای....، لا١٩.

(١١٢) جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، لالا ٢٠- ٢١.

(١١٣) هەمان سەرچاوە، لا٢٦.

(١١٤) عبد الستار طاهر شریف: الجمعیات والمنظمات و....، ص

بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی ئایینی کوردستان لەزەردەشتیو جولەکەو مەسیحیو ئیسلام پێك هاتووە، بەهاتنی ئیسلام ئەو ئاینانەی پێش خۆی بەرەو لاوازی چوون، بەلام پاشماوەیان لەکوردستان هەر ماوە[115].

ئیسلامیش وەك ئاینێك لەسەدەی حەوتەمی زایینیداو لەرێگای سوپا هاتە ناوچەکانی کوردستانو بەتێپەربوونی کات بووە بیروباوەڕی زۆرینەی خەلکی کورد، هەروەها لەناو ڕێبازو ئاینزاکانی ئیسلامدا، کورد زۆرینەی لەسەر ڕێبازی شافیعین، هاوکات زۆربەی کوردەکانی خانەقینو کرماشان لەسەر ڕێبازی شیعەی دوازدە ئیمامین کەئاینزای فەرمی (ڕەسمی) ئێرانە[116].

سەرەڕای ئەمانە چەند ئاینزایەکی تر لەکوردستان هەیە، وەك ئاینزای (ئەهلی حەق) یان (کاکەیی)، کەشوێن کەوتوانی بەزۆری لەخواروو خوارووی ڕۆژهەلاتی کوردستان نیشتەجێ بوون[117].

ئێزیدییەکانیش زۆرینەیان لەباشووری کوردستان بەتایبەتی لەناوچەکانی شێخانو سنجارو دەوروبەریدا نیشتەجێ بوونو مەزاری شێخ (عادی) کەپێشەوای ئیزیدییەکانە لەم ناوچەیە دایە، هەروەها لەدیار بەکرو وانو ئەرزە ڕۆمو دەوروبەری شاری حەلەبو هەندێك ناوچەی ئەرمەنستان شوێنکەوتەی ئەم ئاینزایە هەیە[118]، لەبارەی ناوەکەیانەوە جیاوازی هەیە، هەندێك بە(ئێزیدی) و

---

[115] دانیدماکدویل: الاکراد، ت: ایفیت فایز، القاهرة، ١٩٩٨، ص١٢.

[116] بۆ زانیاری دەربارەی ئایینی کورد بڕوانە (د. ڕەشاد میران: ڕەوشی ئایینیو نەتەوەیی لەکوردستان، چ٢، کوردستان، ٢٠٠٠ز)، لازاریف: ئەو هۆکارانەی مەسەلەی....، ل١٥٦.

[117] ڕەشاد میران: ڕەوشی ئایینیو...، ل١٥٢.

[118] هەمان سەرچاوە، ل٨٥؛ عەلی سەیدۆ گۆرانی: لە"عەممان"ەوە بۆ...، ل ٢١٤-٢١٥.

هەندێکی تر بە(یەزیدی) ناویان دەبەن، بەڵام شێوەی ڕاستی ئەم ناوە (ئیزیدی)یە[١١٩].

ئاینزای عەلەوی (قزلباش)، یەکێکی ترە لەئاینزاکانی کوردستان، نشیمەن و مەڵبەندی سەرەکی ئەم ئاینزایە چیای (دەرسیم)ە لەنێوان هەر دوو لقەکانی ڕووباری فورات لەباکوری کوردستان، هەروەها بەشێکیان لەناوچەی کەرکوک و دەوروبەری نیشتەجێ بوون[١٢٠].

شان بەشانی ئەو فرە ئایینی و ئاینزایی یەی لەکوردستان بەدی دەکرێت، ڕێبازی دەروێشی و سۆفیگەری بەشێك لەژیانی کۆمەڵایەتی و نەریتی ئایینی کورد پێك دێنێت، بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەی شارو گوندەکانی کوردستانی گرتبووەوە، ئەم ڕێبازە زۆر لکی جیاوازو جۆراو جۆری هەبوو لەکوردستان کەتائێستاش هەر بەردەوامە، لەوانە: قادری و شازلی و سوهرەوەردی و مەولەوی و نەقشبەندی و...[١٢١].

لەرووی فراوانیی سنورو شوێنەکەو دەستڕۆیی ئەم ڕێبازانە، بەپلەی یەکەم نەقشبەندی و دواتر قادری دێت[١٢٢]، کەسنورێکی فراوانیان لەناوچەکانی کوردستان گرتۆتەوەو خەڵکێکی زۆر لەدەوری ئەم دوو ڕێبازە کۆبونەتەوە[١٢٣].

---

[١١٩] حسو هورمی الخالتي: عن الايزيدية واليزيدية، مجلة (گولان العربي)، السنة الثالثة، العدد (٣٢)، ٢٥ كانون الثاني ١٩٩٩، ص١١٧- ١١٨.

[١٢٠] ڕەشاد میران: ڕەوشی ئایینی و...، ل ٢٠٤- ٢٠٥.

[١٢١] هەمان سەرچاوە، ل٦٠.

[١٢٢] هەمان سەرچاوە، ل٥٨- ٦٠.

[١٢٣] نیکیتین: کوردو کوردستان، ل٦١٤؛ درك کینان: کوردو کوردستان، ل٢٣٦.

## سێیەم- ئاستی ئابووریی کوردستان

بناغەی ئـابووری کوردسـتان لەسـەردەمە پێشـینەکاندا و لـەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا لەسەر کشتوکاڵ بەند بوو، تاکی کـوردی خـەریکی وەرزێـری بوو[١٢٤]، بەڵام شێوەی بەرهەمهێنان زۆر سەرەتایی بـوو، جوتیـاران هـەر بەپاچ و بێڵ و نیرو هەوجاڕ و... زەویان دەکێڵا[١٢٥]، ئەمانەش خـۆی لـەخۆیدا هۆکاری دواکەوتن و نەتوانرێت بەرهەمی زۆری پێ بەرهەم بـهێنرێت. لەبەر ئەوە کەم لەو کشـتوکاڵەی ئەچێنرا لەپێداویستی ڕۆژانـە زیـاد ئـەبوو، ئەم بەرهەمە کشتوکاڵیانە لەچاو بەرهەمی ئاژەڵیدا بەپلـەی دووەم دەهـات[١٢٦]، چونکە ژیانی کۆچەری لەسەدەکانی پێش سەدەی نۆزدە ژیـانێکی بـڵاوی نـاو خێڵە کوردییەکان بوو، سروشتی ژیانی کۆچـەری زیـاتر پشـت بـەئاژەڵداری دەبەسـتێت، لەبەر ئەوە دەبینین خێڵە کۆچەرەکان ژمارەیـەك زۆری ڕانـە مـەڕ و ئاژەڵیان هەبوو، ئەمەش بوو بووە هۆی ئەوەی بەرهەمێکی زۆری شیر و پەنیر و گۆشت و پێستە و خوری و موو و... لەلای ئەم خێڵانە دەسـت بکـەوێت زیـاد لەخۆیان[١٢٧].

بەڵام لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و لەئـەنجامی بـەهێز بوونـی دەسەڵاتی هەریەك لەئیمپریالیستی بەریتانی و ڕووسـی لەناوچەکـەدا، بوونـە هۆی گەشەکردنی وڵات و پەیوەندییەکانی وەرزێری[١٢٨].

کشتوکاڵ کردن لەلایەن خێڵە نیمچە کۆچەرەکانەوە، تەنـها بـۆ مەبەسـتی دابین کردنی خۆبژێوی بوو، لەگەڵ ئەم کشتوکاڵ کردنـەدا کەزۆریـەی بریتـی بوو لەچاندنی گەنم و جۆ، چەند سەرێك ئاژەڵیشیان بەخێو دەکرد[١٢٩].

---

[١٢٤] قاسملو: کوردستان و کورد، ل ١٠٢.
[١٢٥] ئەبو القاسمی لاهوتی: کورد و کوردستان، ل٢٣.
[١٢٦] قاسملو: کوردستان و کورد، ل١٠٤.
[١٢٧] عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی...، ل٤٧؛ قاسملو: کوردستان و کورد، ل١٣٣.
[١٢٨] هەمان سەرچاوە، ل١٢٩.

لەئەنجامی بردنی گەنج و لاوەکان بۆ بەرەکانی جەنگ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە، کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر کەم بوونەوەی دەستی کار، هەروەها زەوت کردنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان بەتایبەتی وڵاخ بۆ گوێزانەوەی پێویستییەکانی تۆردوی تورك، وەدەست بەسەراگرتنی خواردەمەنی و بنەتۆو و بردنی پارەو پوول و لەوەو سوتاندنی کێڵگەکان و تالان کردنی مێگەلەکان و مەڕو مالات، تەنگوچەڵەمەی قووڵ و گەورەی لەکوردستان دروست کرد[130]، لەماوەی نێوان ساڵانی (١٨٧٧-١٨٨٠)ز دا برسێتییەکی زۆر سەخت لەناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی لەڕۆژهەلات بڵاوبووەوە، کەبوو بەهۆی قات و قڕی و برسێتی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و مردنی بەکۆمەڵی دانیشتوان[131].

دواتر لەدوای مۆر کردنی پەیمانی لۆزان و پارچە پارچە کردنی کوردستان، ئەتا تورك هەڵسا بەدەست بەسەراگرتنی زەوی و زاری کوردستان و کۆچ پێ کردنی جوتیارو خەڵکی کورد لەناوچەکانی خۆیانەوە رووەو ناوچە تورك نشینەکان و دابەش کردنی زەویە کوردییەکان بەسەر تورکەکاندا[132]، بەهەمان شێوە لەڕۆژهەلات و باشووری کوردستان، لەلایەن حکومەتە باڵادەستەکانەوە ئەم سیاسەتە لەبواری جێ بەجێ کردندا بوو.

بەم شێوەیەو بەردەوام لەگەڵ ئەوەی کوردەکان خاوەنی خاکێکی بەپیت بوون، بەڵام لەئەنجامی سیاسەتی داگیرکارەکان بەتایبەتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی وەدواتریش ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کرا، هەمیشە کورد برسی بووەو لەڕووی کشتوکاڵ و هۆکارەکانی بەرهەم هێنان دواکەوتوو بووەو سامانی نەتەوەیی و سروشتی خاکە کەشی تالانی کراوە.

---

[129] علیاوەیی: کردستان في عهد...، ص١٠.

[130] صالح محمد أمین: کوردو عەجەم، ل٢٢٦.

[131] جلیلي جلیل واخرون: الحرکة الکردیة...، ص٣٢

[132] د. عزیز الحاج: القضیة الکردیة في العشرینات...، ط٢، بغداد، ١٩٨٥، ص٢٢.

کاری پیشەگەری هەر لەسەردەمی گەشکردنی دەرەبەگایەتییەوە، وەك بەشێکی بچوك لەکۆمەڵی کوردەواری خۆی گرت بەتایبەتی لەشارەکاندا[١٣٣].

ئافرەتی کوردی بەشێك لەپیشەگەرەکان پێك دەهێنێت کە لەدروست کردنی بەرماڵو ڕایەخو کڵاو پەلی سەرەتایی ناوماڵەوە دەستی پێ کردووە، تادواتر فەرشی نایابو جوانی دروست کردووە کەجێگای سەرنجی بازرگانان بووە، ئەمەش بەتایبەتی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دیار بووە[١٣٤].

هەروەها پیشەگەری جۆراو جۆر لەشارەکانی کوردستان هەبووە، لەشارەکانی: وانو بەدلیسو هەولێرو.... جۆرەها خەنجەرو چەرمو ئاسنەواڵو دارتاشینو... دروست کردن هەبووە[١٣٥]، ئەمانە جگە لەتەون کاریو دروست کردنی جلو بەرگ بەشێوازی جوانو ڕازاوەو پێڵاو دروست کردن[١٣٦].

کاری پیشەگەری بەجۆرێك لەپەرەسەندندا بوو، لەناو خودی کوردستاندا جۆرێك لەبازرگانی لەنێوان خێڵە کۆچەرو نیشتەجێبووەکاندا سەری هەڵدا بوو کەسەرەتا لەسەر بناغەی ئالوگۆڕی شمەك دامەزرابوو[١٣٧].

هاتنی ئیمپریالیستەکان بۆ ڕۆژهەڵات بەگشتیو ناوچەکانی دەسەڵاتی عوسمانیو ئێرانی بەتایبەتی، بووە هۆی ڕێگە خۆشکردن بۆ بنیاتنانی بازاڕ لەسنوری دەسەڵاتی ئەم دوو حکومەتە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێژەیەکی بەرچاو لەبازرگانە بیانیەکان لەم بازاڕانەدا بازرگانیان دەکرد لەپێناو ساغ کردنەوەی

---

(١٣٣) مەحمودی مەلا عزەت: دیپلۆماسیتی...، ل٤١.

(١٣٤) نیکیتین: کوردو کوردستان، ل١٩٣.

(١٣٥) هەمان سەرچاوە، ل١٩٣.

(١٣٦) هەمان سەرچاوە، ل١٩٥.

(١٣٧) عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی...، ل٤٩.

کەل و پەل و شمەکەکانیان[١٣٨]، بەم جۆرەو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کوردستان بووە بەشێك لەبازاڕی جیهانی، بەمەش پەیوەندییەکانی بازاڕ پەرەیان سەندو دەرەنجام دروست بوونی شارەکان سیمایەکی شارستانی ترو دیارتری وەرگرت و جیاوازی چیانەیەتیش خێرا تربوو، چونکە پەرەگرتنی بازرگانی و دراو سودو مولکداری زەوی و بارمتە لەلایەك بوو بەهۆی کۆبوونەوەی سامان و دارایی لەدەستی چینێکی بچوکدا، لەلایەکی دیکەوە بوو بەهۆی هەژاری کۆمەڵانی خەڵك و زۆر بوونی ژمارەی خاکە سارو لێقەوماوان[١٣٩].

لەئەنجامی پەرەسەندنی دەسەڵاتی سەرمایەی پیشەسازی بێگانە، پیشەسازی ناوخۆ بەرەو لەناوچوون ڕۆیشت و ئابووری کشتوکاڵی و کاڵای جوتیارانیش ڕووی کردە بازاڕی جیهانی، بەمەش هەندێ لەناوچەکانی کوردستان بووە سەرەڕێگای کاروانی بازرگانی و لێرەوە کەل و پەلی خۆماڵی دروست کراو ئەنێردرا بۆ دەرەوەو لەهەمان کاتدا کەلوپەلی پێویستیش وەك (چەك و قوماش و ئاوریشم و شەکرو..) لە دەرەوە بۆ کوردستان ئەهێنرا[١٤٠]، لەسەدەی نۆزدەدا شاری ئەستەمبوڵ ساڵانە یەك ملیۆن و نیو مەڕی لەکوردستانەوە بەرێگای پیادەدا بۆ دەچوو، هەروەها لەبەرهەمی ڕوەکیشدا بایی (٣٥) هەزار لیرەی (مازوو) بۆ دەچوو[١٤١].

ئەوەی تێبینی دەکرێت بریتییە لەوە کە ئەم بارودۆخە نەبووە هۆی ئەوەی کەجوتیاری کورد ژیانێکی خۆش گوزەران بەسەر

---

[١٣٨] عەزیز شەمزینی: جولانەوەی.....، لا ٣٣- ٣٤.

[١٣٩] هەمان سەرچاوە، لا٣٤؛ قاسملو: کوردستان و کورد، لا١٢٦و دواتر.

[١٤٠] عەزیز شەمزینی: جولانەوەی...، لا٣٤؛ مەحمود مەلا عزەت: دیپلۆماسیتی.....، لا٥٧.

[١٤١] نیکیتین: کوردو کوردستان، لا١٩٨.

بەرێت، چونکە جوتیارەکان ئازاد نەبوون لەبەرهەم هێناندا، بەڵکو مڵ کەچی داراکاریو خواستی خاوەندارو بازرگانەکان بوونو کشتوکاڵ کردنیان لەلایەن ئەوانەوە جۆرەکەی دیاری دەکرا[١٤٢].

هەروەها لەئەنجامی هاتنی سەرمایەی بێگانە بۆ ناوچەکە، بازرگانە خۆماڵی یەکان ڕێگای بەکار هێنانی سەرمایەکانیان لەپیشەسازی خۆماڵیدا لێ بەسترا، ئەم هۆکارە وای کرد ئەم بازرگانە خۆماڵیانە دەست بکەن بەزەوی کڕین لەزەوییە تایبەتیو دەوڵەتی یەکان[١٤٣]، لەئەنجامی فرۆشتنی زەوی یەکان لەلایەن جوتیارەکانەوەو بێ زەوی بوونی ئەم جوتیارانەو بێ کاربوونی شوانەکانو چینی پرۆلیتاریای گوندەکان، ڕوویان کردە شارەکانو بوونە دەستی کاری هەرزانو چینی کرێکار، لەئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا (پەیدابوونی ئابووری بازرگانیو سەرمایەی بازرگانی) بازاڕی ناو خۆ سەری دەرهێنا، بەهۆی بەش کردنی بەرهەم هێنەرانیش لەهۆیەکانی بەرهەم هێنان بازاڕی یەکگرتووی ناوخۆ پەیدا دەبێت، دوای ئەوەی کەبەرهەمی کشتوکاڵی بەبەرهەمی پیشەسازی گۆڕایەوە لەسەربناغەی دابەش بوونی کارو ئامانج، شارەکان بوونە مەڵبەندیبازرگانی[١٤٤].

لەگەڵ ئەم لایەنانەی ئابووری کوردستان، چەندین سامانی کانزایی لەکوردستان بوونی هەیە، وەك: کانەکانی خەڵوزو ئاسنو... هتد[١٤٥].

---

[١٤٢] مەحمود مەلا عزەت: دیپلۆماسیتی...، ل٥٧.

[١٤٣] قاسملو: کوردستانو کورد، ل١٢٨.

[١٤٤] مەحمود مەلا عزەت: دیپلۆماسیتی...، ل٥٨.

[١٤٥] لوسیان رامبز: الکرد والحق، ص٢٨- ٢٩.

ئەم سامانە سروشتیو بەروبومانە بەشێوەیەکی گشتی هاندەر بوون بۆ ئەوەی داگیرکەران چاوببڕنە کوردستانو بیکەنە خەزێنەو لەرێگای باجو سەرانەو بەتالأن بردنی سامانەکانی کوردستان قەرەبووی ئەو زیانانە بکەنەوە کە لەجەنگەکانیاندا توشی دەهاتن.

هەروەها هەمیشە هەوڵیان ئەدا کەپەرەسەندنی ئابووری کوردستان بەجۆرێك بێت کەداگیرکارەکان خۆیان ڕەوتو ئاراستەکەی دیاری بکەنو جڵەوی گەشەسەندنەکەی لەدەست خۆیاندا بێت، لەبەر ئەوە هەمیشە لەمپەر بوون لەبەردەم پەرەسەندنێك کە لەبەرژەوەندیی ئەواندا نەبووبێت.

# بەشی دووەم

# ناسیونالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی

ناسیۆنالیزم وەك دیاردەیەكی بەرهەم هێنراوی هزری مرۆڤ، مێژووی سەرهەڵدانی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا، ئەمەش لە دەرەنجامی هەموو ئەو گۆڕانكاریانەی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٤٧٥-١٨٧٥)دا رویانداو كۆمەڵێك گۆڕانكاری ریشەیی لەبوارە جۆراوجۆرەكانی ژیانی ئابوریو كۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو... هێنایە كایەوە.

ئەم دیاردەیە هەرزوو بەزووو سنورەكانی ئەوروپای تێپەڕاندو لەناوچە جیاجیاكانی جیهان بوو بەخواستی مرۆڤەكانو هەركۆمەڵو نەتەوەیەك بە جۆرو شێوازێكو لە روخسارێكو بەمیكانیزمی شیاو بەكاتو شوێنی خۆی بووە هەڵگری ئەم بیرۆكەیەو لەهەوڵی بڵاوكردنەوەی بنەماكانیو گشتاندنی ئاماجەكانیدا بوو لەناو تاكەكانی كۆمەڵەكەی، تابتوانێت ناسنامەیەك بۆ كۆمەڵەكەی بنیات بنێت جیاواز لەدەوروبەری.

بەمەبەستی ئاشنابوون بەچۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم بیرۆكەیە لەناو كورد وەك نەتەوەیەك، هەوڵئەدەین بەخێرایی تیشك بخەینە سەر مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە رۆژئاوا، دواتر باس لە ناسیۆنالیزمی كوردی بكەین لەرووی چۆنیەتیو چیەتیو ئەو قۆناغانەی تیایدا گەشەی كردووە، هەروەها ئاماژەیەكی خێرا بەبنەماو خواستەكانی ناسیۆنالیزمی كوردی بكەین...

## یەكەم- مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە رۆژئاوا:

نوسەرانو پسپۆڕانی بواری ناسیۆنالیزم، تا ئێستا لەبەرامبەر پێناسەیەكی یەكگرتووو گشتگیر بۆ زاراوەكانی (نەتەوەو هۆشیاری نەتەوەییو ناسیۆنالیزمو...) كۆك نینو میتۆدێكی تایبەت بەم لایەنە نیە تابتوانرێت لە روانگەیەوە لێكۆڵینەوەیەكی وردو پراكتیكی لەچوارچێوەیەكی ئەكادیمیدا بۆ ئەم بیرۆكەیە ئەنجام بدرێت، لەبەرئەوە دەبینین

هەرنوسەرێك بەپێی دیدوبۆچوونی خۆیو لەسۆنگەیەكی تایبەتییەوە لەم لایەنە ئەكۆڵێتەوەو پێناسەی بۆ دادەڕێژێت.[1]

بەڵام هەوڵئەدەین بەشێوەیەكی گشتی شلوڤەی ئەو چەمكانە بكەین، تاوەكو بتوانرێت لە چەمكو گوزارشتەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا چوارچێوەو مەودایەكی تێگەیشتن دیاری بكرێت.

## ١-نەتەوەو توخمە پێكهێنەرەكانی

نەتەوە، وەك زاراوەیەك جێگەی دانوستاندنەو لەنێوان لێكۆڵەرەوانو مێژوونوساندا دیدو بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، لەبەرئەوە كۆك بوونو جەخت كردن لەسەر پێناسەیەكی دیاری كراو بۆ نەتەوە كارێكی ئەستەمە، بۆیە دەبینین (كارل كاوتسكی) بوونی پێناسەیەكی پراكتیكیو كرداری بۆ نەتەوە بەنشیاو دەزانێتو پێیوایە ئەستەمە بتوانرێت پەی بەهەموو لایەنەكانی نەتەوە ببرێت، چونكە نەتەوە شكلبەندییەكە هەرگیز ناتوانێت یاساكانی خۆی بەئۆرگانیزمێكی كۆمەڵایەتی خاوەن پێناسەی دیاریكراو بگۆڕێت، بەڵكو نەتەوە پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتییەو بەردەوام خۆی دەگۆڕێتو لەهەلو مەرجو سەردەمە جیاوازەكاندا بایەخو گرنگی جیاوازی هەیە.[2]

نەتەوە لەڕووی سیاسییەوە بەهاوتای گەلو دەوڵەت، وەك چەمك لە شۆڕشەكانی ئەمریكیو فەرەنسی بەكارهاتووەو تیوریزەكراوە، ئەم هاوكێشەیەش لە دەستەواژەی (دەوڵەت- نەتەوە) دەوڵەتی نەتەوەیی دیاری دەكرێت.[3]

---

[1] لەم بارەیەوە بڕوانە: اریك هوبسباوم: الامم والنزعة القومية منذعام١٨٧٠، ت: عدنان حسين،ط١، ١٩٩٩؛ ارنولدڤان جينيب وريفيه جرهانية: هذه هي القومية، ت: محمد عيتاني، بيروت، ط ١٩٥٣؛ بيتروسلي: العالم الثلاثة (الثقافة والتنمية العالمية)، ت: صلاح الدين محمد سعدالله، ج٢،ط١، بغداد، ١٩٨٧.

[2] كريس هارمن: سەرهەڵدانی پرسی نەتەوەیی، و: لەفارسی: عوسمان حسن شاكر ج١، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٤٢.

[3] إريك هوبسباوم: الامم والنزعة القومية، ص٢٥.

ئەم تێڕوانینە هەریەك لە (گلنەر) و (هۆبسباوم) دەگرێتەوە، کاتێك پێیان وایە کە ئەبێت هەردوویەکەی سیاسی دەوڵەتو نەتەوە هاوشێوەو هاوتای یەك بن.[٤]

بەڵام ئەگەر ئەم جۆرە پێناسەو تێڕوانینە لە بەرامبەر نەتەوەدا گشتگیر بکەین، دەبینین لە هەندێك لەناوچەو هەرێمەکانی جیهان نەشیاوە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەر سەیر بکەین دەبینین ((دەوڵەت هەیە چەند نەتەوەی تێدایە، دەوڵەتی دوونەتەوە، دەوڵەتی یەك نەتەوە، نەتەوەی بێ دەوڵەت. نەتەوەی دابەشکراو بەسەر چەند دەوڵەت هەیە، نەتەوەیەك خاوەنی چەند دەوڵەتو نەتەوەیەکیش بێ هیچ دەوڵەتە))[٥]، لەبەرئەوە ئەگەر تیۆری فەرەنسی بکەینە پێوەر بۆ نەتەوە، ئەوا هەندێك نەتەوە لە چوارچێوەی نەتەوە بەومانایەی باسکرا جێگایان نابێتەوە.

ئاشکرایە کە ئەڵمانەکانیش لەپرۆسەی داڕشتنی پێناسی نەتەوەدا، زۆر جەختیان لەسەر هاوخوێنیو هاوزمانی دەکردەوە، هەروەك چۆن مارکسستەکان پشتیان بە فاکتەری ئابوری بەستووەو ماتریالیستانە دەڕواننە نەتەوە.[٦]

بەپێی فەرهەنگی فەلسەفی (الموسوعة الفلسفية)، نەتەوە Nation:

((بریتییە لە کۆمەڵێك کەس، پرۆسەیەکی مێژوویی کۆی کردونەتەوە، کۆمەڵێك بارودۆخی هاوبەش جیایان دەکاتەوە، وەك: خاك، زەوی، ژیانی ئابوری، زمانی هاوبەشو پێکهاتەی دەرونی، سیمای دیاری کراویان هەیە بۆ

---

[٤] هۆبسباوم: الامم والنزعة القومية، ص١٦.

[٥] صالح محمد أمين: کوردو عەجەم، ل١٤٩٦.

[٦] د. دلێر أسماعیل حقی شاوەیس: نەتەوەو نەتەوایەتی (هۆکارەکانی لاوازی هۆشیاری نەتەوایەتی لای کوردو دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی)، گۆڤاری (زانکۆ)ی سەلاحەدین- هەولێر، ساڵی سێیەم، ژمارە (٧)، ١٥ ئەیلولی ١٩٩٩، ل٧٦.

کەسێتی نەتەوەییان، کە لەڕۆشنبیریو تایبەتمەندێتی نەتەوەییدا ڕەنگی داوەتەوە)).[٧]

هەروەها ئینسکلۆپیدیای نوێی بەریتانی، نەتەوە- Natio بەوە پێناسە دەکات لەناوەندە زانکۆییەکاندا، کە بریتی‌یە لە کۆمەڵێك خوێندکاری ناوچەیەك یان وڵاتێك کە بەرگری هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت بۆ هاوکاری کردن لەناوچەیەکی نامۆدا، بەم پێوەدانگە خاکی هاوبەش مەرجی سەرەکی بوونی نەتەوەیەو لە دووره وڵاتیو نامۆیشدا پێك دێت.[٨]

پێناسە بۆ نەتەوەو لێکدانەوەی وەك چەمکێك زۆرەو هەر نوسەرو توێژەرێك لەم باسەدا کۆمەڵێك پێناسەی جۆراوجۆرو لەتێڕوانینی جیاوازەوە پێشکەش دەکات، بۆیە ئەتوانین بڵێین کە بەشێوەیەکی گشتی (نەتەوە)، بریتی‌یە لەکۆمەڵە کسانێك کە یەك زندیان هەیەو بەیەك زمان ئەدوێنو خاوەنی فەرهەنگو کلتورێکی هاوبەشن، تاکەکانی ئەم کۆمەڵە یان بەشێك لە تاکەکانی، ئارەزومەندی بوونی کیانێکی سەربەخۆی سیاسی خۆیان کە لەدەوڵەتدا خۆی دەنوێنێ.

سەبارەت بەتوخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە بەهەمان شێوە جێگای مشتومڕی توێژەرانە، بەجۆرێك هەریەکێکیان چەند توخمێك وەك توخمی سەرەکی بۆ پێکهێنانی نەتەوە دیاری دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی توخمەکان بریتین لە:

(هاورەگەزی، سنوری جوگرافی، زمان، ئایین، ئەدەب، مێژوو وفەرهەنگی. هاوبەش، نەریتو دیاردەی ڕۆشنبیری هاوبەشو...).[٩]

---

[٧] وضع لجنة من العلماء والاكاديين السوفياتين بأشراف: م. روزنتال وي. يودني: الموسوعة الفلسفية، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ص٥٠٠. لا٧.

[٨] د. دلێر أسماعيل حەقی: نەتەوەو نەتەوایەتی، لا٧

[٩] أرنولدڤان جينيب... : هذة هي القومية، ص١٥

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت بڕیاری کۆتایی‌و یەکلاکەرەوە بدرێت لەسەرئەوە کام لەم توخمانە سەرەکین بۆ پێکهێنانی نەتەوە[10]، چونکە پێکهاتەی کۆمەلایەتی نەتەوەکان لەهەرێم‌و ناوچە جیاجیاکاندا شکڵبەندی جیاواز وەردەگرێت‌و بەپێی باری پێکهاتەی نەتەوەکە توخمەکان ئەگۆڕێن، لەبەرئەوەیە کە (ئۆزباخ) ئەلێت ((ئەم توخمانە لە نەتەوەدا بەڕێژەی جیا دەردەکەون‌و بونیان هەیە، خۆنەگەر وامان دانا ئەم توخمانە هەموویان بۆ پێکهێنانی نەتەوە بنەڕەتی‌و سەرەکین، ئەوا نەتەوە بەم مانایە بوونی نامێنێت...))[11].

## ٢-هەستی نەتەوەیی:

هەستی نەتەوەیی هەستێکی هاوەدەردی‌یە کە لەهەریەکێکماندا هەیە دەرهەق بەهاوڕەگەزییەکانمان، ئەو هەستەیە وادەکات هەریەکێکمان خەم بۆ هەرکوردێکی دی بخۆین کاتێك دەکەوێتە ژێر فشارێکی کوشندەی دەرەکی، ئەو هەستەیە لەسەریەوە شیعرو داستان‌و ستایش‌و ئەفسانەو چیرۆك دەربارەی نەتەوەکەمان دەنوسین.[12]

یاخود هەستی نەتەوەیی بەوە پێناسە دەکرێت، کە خسلەتێکی مرۆڤانەیەو هەلۆیستی مرۆڤە بەرامبەر ئەو گەل‌و دەوروبەرو ژینگەیەی تێیدا دەژی، خۆشەویستی‌و شانازی کردن بەگەل‌و نیشتمان‌و هەولدان بۆ فەراهەم هێنانی بەرژەوەندی گشتی نەتەوە لە دیارترین سیماکانی ئەو هەستەن، ئەم مەیلە خۆشحالە بەسەرکەوتنی کۆمەلەکەی‌و ئەرخان

---

(10) م. ن، ص١٦؛ هريسبارمك الامم والنزعة القومية، ص٣٩.

(11) أرنولدڤان جينيب...، هذه هي القومية، ص ٨-٩.

(12) بەختیار عەلی: سەدەی ناسیۆنالیزم، گۆڤاری (رەهەند)، ژمارە (٩-١٠)، سالی ٢٠٠٠ز، ل١٤٠.

کردنی مرۆڤەکان بۆ پێش کەوتنی خۆیو ئامادەباشی بەرەنگاری کردنی هەرفشارێکی دەرەکی‌یە بۆ سەر نەتەوەکەی.[١٣]

## ٣-ناسیۆنالیزم (پێناسەو سەرهەڵدان):

ناسیۆنالیزمیش لەزۆر سۆنگەو تێروانینی جیاوازەوە پێناسەکراوەو هەریەکێك لە فەرهەنگو کلتورەکان جورێك لە تێگەیشتنیان لەبەرامبەری دەربڕیوە.

(محمد قوتب) وەك بیریارێکی ئیسلامی لە پێناسەی ناسیۆنالیزمدا دەڵێت: ((ئەوەکانی یەك رەچەڵەكو زمانی هاوبەش، ئەخوازێت خواست (ولا،)یکی هاوبەشیان هەبێت ئەگەرچی نیشتمانو خاکیان پەرتو جودابێت، تێ بکۆشن بۆیەکێتی نیشتمان، بە شێوەیەك؛ نەتەوەیەك لە نیشتمانێکی گشت داکۆببنەوە، کە تیایدا خواست بۆ ناسیۆنالیزم پەیوەستە بەخواست بۆ نیشتمان، بەڵام خواست بۆ ناسیۆنالیزم وەك خواستێکی سەرەکی‌و بنەڕەتی دەمێنێتەوە ئەگەرچی یەکێتی خاكو نیشتمانیش نەیەتە دی))[١٤].

هەروەها (د. رەفیق سابیر) لە سۆنگەیەکی ترەوە ناسیۆنالیزم دەناسێنێتو دەڵێت: ((سیستەمێکی فیکرییە کە لە سەر بنچینەی باوەڕو خێکی تۆبژێکتیڤی بوونی گروپێکی ئێتنیکی نەتەوە، زمان و کلتورو مێژوو هەستی هاوبەشیان هەیە، سەرهەڵدەدات تانرخو بەرژەوەندی نەتەوەکە، لە بەرامبەر نرخو بەرژەوەندی نەتەوەیەکی دیکە، بەرزترو گرنگتر بگرێتو

---

[١٣] جلال الطالباني: کردستان والحرکة القومیة...، ص ٦٨؛ سەلام ناوخۆش بەکر: کوردستان چۆن داگیرکراو دابەش کرا، ١٩٩٨، ل٨٦؛ ئازاد عەبدولواحد: فەلسەفەو بیری نەتەوایەتی، گۆڤاری (کادر)، ژمارە (٣٠)، تشرینی یەکەم ١٩٩٢، ل٦٣؛ پارێزەر مەی مەحوی: دەسەڵاتی نەتەوەیی زامنی نەتەوەیە، گۆڤاری (پەیامی راستی)، ژمارە (٥١)، نیسانی ١٩٩٨، ل٤٨.

[١٤] محمد قطب: مذاهب فکریة معاصرة، ایران، بدون سنة، ص٥٥٤.

بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی لەرێگای سیاسەتێکی سەربەخۆوە دابین بکات..))[١٥].

هەروەها (رۆز نتالیا) ناسیۆنالیزم دادەنێت بە: ((یەکێك لەپرەنسیپەکانی ئایدۆلۆژیاو سیاسەتی بورژوا، کە بریتییە لە پروپاگەندە کردن بۆ تایبەتمەندیو گۆشەگیری نەتەوایەتیوبێ باوەڕیو دوژمنایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا))[١٦].

فەیلەسوفی ئەڵمانیش (فرودریك شلیر ١٧٦٨-١٨٣٤) دەڵێت: ((نەتەوایەتی هەوڵ دەدات پەیوەندی بەمەسەلەیەکی فەلسەفیەوە هەبێت، کە لەلای هەر نەتەوەیەك تیایدا گوزارشت کردن بێت لەرۆحێك یان بیرۆکەیەك...))[١٧].

هەروەها (هانزکوهن) پێی وایە: ((نەتەوایەتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەبڕیاردانی خود لەژیانی کۆمەڵێکدا هەیە، لەگەڵ هێنانی زانستی نوێو تەکنەلۆژیا بۆ خزمەتی نەتەوەو بەرزکردنەوەی زمانو کەلەپوری نەتەوایەتی...))[١٨].

بەگوێرە هەندێك ناسیۆنالیزم وەك ناسیۆنالیزمێك دەناسێنن کە خزمەت بە نەتەوەو مرۆڤایەتی بکاتو بەم ئاراستەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن[١٩]، بەڵام هەندێکی تر زیادەڕۆیی تێدادەکەنو لە سۆنگەیەکی شۆڤێنستانەوە پێناسەی بۆ دادەڕێژن.

---

[١٥] د. رەفیق سابیر: ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیزمی خێڵەکی، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە (٦)، حوزەیرانی ١٩٩٨، ل٣٧.

[١٦] د. دلێر اسماعیل حقي: نەتەوەو نەتەوایەتی...، ل٨-٩.

[١٧] ئازاد عەبدولواحید: فەلسەفەو بیری نەتەوایەتی، گۆڤاری (کادر)، ژمارە (٣٠)، تشرینی یەکەم (١٩٩٢)، ل٦٥.

[١٨] ئازاد عەبدولواحید: فەلسەفەو بیری نەتەوایەتی، ل٦٢.

[١٩] أحمد زكي: فلسفة القومية، مصر، بدون سنة، ص١٣٩.

لەبەرئەوە ئەتوانین بڵێین: نەتەوایەتی هەموو جوڵەو بزاوت و هەوڵەکانی تاکەکانی نەتەوەیە، کە بەپێی بارودۆخ و کات و شوێنی نەتەوەکە فۆرمی جۆراوجۆر لە خۆی دەگرێت و دەشێ سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان... هتد بێت، سەرقاڵی گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵگایە بۆ دروست کردنی بارودۆخێکی نوێ و لەبار بۆ نەتەوەکەی.

بەجۆرە پارێزگاریکردنی کلتووری نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوە لە کاتێکدا هەست بکرێت ناسنامەکە ناتەواوە یان کەم و کوڕی تێدایە دەبێتە ئەرکێکی سەرەکی بۆ ناسیۆنالیزم[٢٠].

پێویستە بۆ زانین و ڕێناکردنی ئەو دۆخەی ناسیۆنالیزمی تێدا لەدایک بووە، چاوێك بەچاخەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا بگێڕین، دەبینین کە دوو دەزگای سەرەکی هەیمەنەیان لە سەر جڵەوی دەسەڵات و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگا کردبوو، ئەوانەش ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزو کەنیسەی کاسۆلیکی بوون[٢١]، هاوکات ململانێیەکی توندوتیژ لەنێوان ئەم دوو دەزگایەدا هەبوو بۆ لەدەست گرتنی جڵەوی فەرمانڕەوای[٢٢].

ئەو سامانە زۆرەی کە لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە کۆدەکرایەوە، وای کردبوو کە لەڕێبازی سەرەکی دینەکەیان لابدەن و بەرەو گەڕان بەدوای خۆشی ژیان و چێژوەرگرتنی ئارەزووەکانی خۆیان ئاراستە وەربگرن، هەروەها لەئەنجامی ئەم کارەی پیاوانی ئایینی چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگەو بەتایبەتی جوتیارەکان لەژێر باجێکی زۆردا دەیانناڵاند[٢٣].

---

[٢٠] جۆن پلامێناتز: دووجۆری ناسیۆنالیزم، و: ئازاد سدیق، گۆڤاری (پەیڤین)، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم تەمووز ١٩٩٧، ل٧٤.

[٢١] د. محمد محمد صالح: تأريخ أوربا من عصر النهضة وحتى الثورة الفرنسية (١٥٠٠-١٧٨٩)، بغداد، ١٩٨٢، ص١٤.

[٢٢] م. ن والصفحة.

[٢٣] علي حيدر سليمان: تأريخ الحضارة الاوربية الحديثة، ط١، بغداد، ١٩٩٠، ص٢٧.

زۆری خراپەکاریەکانی دەزگای ئاینیو گرفتەکانی، بووە هۆی لە دایك بوونی بزافێکی چاکسازی کاران (لسەر ئاستی تاکو کۆ) کەدەستیان کرد بەرەخنەگرتن لە کارەکانی کەنیسە، بۆ بەرگرتن لەم کارانەی چاکسازی کاران کەنیسەی کاسۆلیکی هەڵسا بەگومڕاو کافرکردنیانو دژایەتی کردنیانو تەنانەت سوتاندنیان[٢٤].

کارەکانی کەنیسەو توندوتیژی نواندنی لە بەرامبەر بزافی چاکسازیکاراندا نەیتوانی بەربەستیان لەبەردەمدا دروست بکات، بەڵکو زیاتر بەرەوپێش دەچوو وبوونە هەوێن بۆ روودانی کۆمەڵێك گۆڕانکاری ریشەیی لە مێژووی ئەوروپا کە دواتر بە (رێنیسانس) ناوبرا.

مەبەست بە (رێنیسانس) لە ئەوروپادا؛ هەموو ئەوگۆڕانکاریانە دەگرێتەوە کە لەکۆتایی چاخەکانی ناوەڕاستدا لەبواری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو هزریدا بەرجەستە بوو[٢٥]، کە کۆمەڵێك دیاردەی نوێی هێنایەکایەوە، وەك: گەشەکردنی بازرگانیو بزافی ژیاندنەوەی زانستەکانو پێشکەوتنی ئەدەبیاتو هونەرەجوانەکان بە جۆرێك گوزارشت لە تێڕوانینێکی نوێ بکات لە کاروباری ژیانو لێکۆڵینەوە لەزانستە سروشتیەکانی (ئەستێرە ناسیو پزیشکیو جوگرافیاو داهێنانی چاپەمەنیو شۆڕشی فیکریو سەرهەڵدانی بزاڤو ڕەنسیپەکانی تاکگەراییو دۆزینەوە جوگرافیەکانو کۆلۆنیالی ئەورووپی بۆ جیهانی نوێو گەشەکردنی سەرمایەداریو دواتر پادشایەتی نەتەوەیی (الملكية القومية)[٢٦].

---

[٢٤] م. ن، ص٢٨.

[٢٥] محمد محمد صالح: تأريخ أوربا من عصر...، ص٧١.

[٢٦] م. ن، ص٧٣ ومابعدها؛ علي حيدر سليمان: تأريخ الحضارة...، ص٣٦ ومابعدها.

دروست بوونی پادشایەتی نەتەوەیی دەرئەنجامی گەشەکردنی ئەو هەستە نەتەوەیی یە بووکە لەبەرامبەر گەورەی وڵاتدا هەبوو، هەمیشە وەك سومبولی شانازی‌و هێزی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا[٢٧].

هاوکات مرۆڤەکان رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر هەستیان بەخراپەکاریەکانی قەشەو پیاوانی ئایینی دەکرد لەکەنیسەی کاسۆلیکی‌داو ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی خواستی چاکسازی لە ئایینی مەسیحی‌و کەنیسەی کاسۆلیکیدا، لۆسەر (١٤٨٣-١٥٤٦)و زۆنگلی‌و کالڤن لە پێشەنگ‌و پێشڕەوانی ئەم بزاڤە بوون[٢٨].

پرۆسەی ریفۆرمی ئایینی بووە هۆی زیاتر بەهێزکردنی رژێمی پاشایەتی رەها، چونکە داگیرکردن‌و دەست بەسەراگرتنی کەل‌و پەل‌و سامانەکانی کەنیسە لەلایەن پادشاکانەوە دەستی پێ‌کرد، بەمەش خۆیان پیادەی دەسەڵاتیان دەکرد بە شێوەیەکی کرداری لە کۆمەڵگەدا، بە تایبەتی لەکاتی جیابونەوەی ئەم پادشایانە لەرۆمای پایتەخت[٢٩]، لەم مارەیەدا پاشاکان سەرۆکایەتی چەند دەوڵەتێکیان دەکردو چەند کۆمارێکیش سەری هەڵدا، چینی بورژوا هەمیشە بەچاوی رق‌و کینە لێی دەڕوانراو زۆربەی دانیشتوان لەجوتیارو هەژاری شارەکان پێکهاتبوو[٣٠].

تاکی ئەوروپی هەر لەگەڵ سیما سەرەتایی‌یەکانی رێنیسانس‌و بەرەبەیانی سەرهەڵدانیدا، وردە وردە لەئەو نەریت‌و دیاردە کۆمەڵایەتی‌و ئایینیانە دوورکەوتەوە کە کۆمەڵگەی ئەوروپی لە چاخەکانی ناوەند بەرهەمی هێنابوو، لە هەمان کاتدا سەرلەنوێ دیدگاو تێڕوانینەکانی لە بەرامبەر ژیان، لەسەر بنەمای ژیری‌و ئاوەز دارشتنەوەو لێکۆڵینەوە لە ئەدەب‌و

---

[٢٧] علي حيدر سليمان: تأريخ الحضارة....، ص٥٧.

[٢٨] محمد محمد صالح: تأريخ أوربا من عصر...، ص ص ١٨١-١٨٢.

[٢٩] م.ن، ص٢١٩.

[٣٠] م.ن، ص٢٨٠.

هونەری پێشینەکانو ڕێکخستنەوەی ژیانی ئابووری لە سەر بناغەی نوێ دەستی پێ کرا، ئەم هەوڵانە لەبنەماکانی سەربەخۆیی تاکو سەرمایەداریەوە جێبەجێ کردنی تیۆرو گریمانە جوگرافیەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەبەرئەوە دۆزەرەوە جوگرافیەکان دەستیان کرد بەگەڕانو سەرەنجام کیشوەری ئەمریکاو جیهانی نوێ دۆزرایەوە[٣١].

هەروەها بزاڤی زانستیو هزری لە سەر دەستی چەندین بیریارو فەیلەسوفی هاوشێوەی (دیکارت ١٥٩٦-١٦٥٠) و (بێرکلي ١٦٨٤-١٧٥٣)و ...هتد دەستی پێ کرد، کەرۆڵی بەرچاویان هەبوو لە داهێنانی میتۆدی ڕەخنەییو بەعەقڵانی کردنی ژیانو دواجار سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری ئەورووپی[٣٢].

لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا، گەڕانەوە بۆ کلتورو ئەدەبی یۆنانی سەری هەڵدا، بەجۆرێك سیمای یۆنانی بووبووە ڕووپۆش بۆ ئەدەبی ڕۆژئاوا، لە چیرۆكو ڕۆمانو بەرهەمە ئەدەبیو هونەریەکاندا هەمان ئەو پاڵەوانانە ڕۆڵیان هەبوو کە پاڵەوانی یۆنانییەکان بوون[٣٣]، لەبەرامبەردا گرنگی دان بەزمانو یەکگرتنو گشتگیر کردنی زمان لەدامو دەزگاو سیستمی خوێندندا بەرجەستە بوو، (دۆزلچ) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ڕێزمانناسەکان (لەسەدەی هەژدەدا) هەوڵیاندا زاراوەکان بەزمانی نوسین دابڕێتنو لەوێشەوە زمان خاوێن کرایەوە...))[٣٤].

شان بەشانی ئەم دیاردانەو لەسەدەی هەژدەدا، بەتایبەتی لەماوەی نێوان (١٧٧٠-١٨٣٠) گۆڕانکاری لەهەندێك بواری پیشەسازی سەری هەڵداو

---

[٣١] علي حيدر سليمان: تأريخ الحضارة...، ص١٠٣.

[٣٢] محمد محمد صالح: تأريخ أوروبا من عصر...، ص٥٥٧.

[٣٣] نجاح عطا الطائي: الفكر القومي أسلاميا وتأريخيا، ط١، طهران، ١٩٨٦م، ص١٥-١٦.

[٣٤] ئاراس فەتاح: نەتەوەو گروپە ستراتیژیەکانی، گۆڤاری (ڕەهەند)، ژمارە (١)، ١٩٩٦، ل١٣٥.

لەساڵی ١٨٧٠)دا ئەم گۆڕانکاریانە بە شێوەیەکی هەمەلایەنو گشتگیر دەرکەوتن[٣٥]، ئەم گۆڕانکاریانە لەدواتردا بە شۆڕشی پیشەسازی ناوزەدکرا.

لەئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی، کەڵەکەبوونی سامانو ڕێژەی دانیشتوان گەشەی سەندو کرداری قۆرخو داگیرکاری دەستی پێ کرد، ئەمەش لەپێناوی ساغ کردنەوەی ئەو بەرهەمەی لەبازاڕەکانی ناوخۆدا زیادبوو، هەروەها بۆ فەراهەم هێنانی کەرەستەی خاوومادەی خۆراکی پێویست بۆ دانیشتوانەکانی خۆیان[٣٦].

هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا چینی ناوەند لە ئەورووپادا گەشەی سەند، ئەمەبووە هۆی ئەوە کە ئەم چینە بتوانێت دەست بگرێت بەسەر سامانە مادیو ئەدەبیەکانداو دەسەڵاتێکی ئابووری بەهێزیان هەبێت، لەبەرئەوە دواتر لەهەوڵی لەدەست گرتنی جڵەوی هێزی سیاسیدا بوو (کە پێشتر ئەم دەسەڵاتە لەدەستی پیاوانی ئایینیو پاشاکاندا بوو) هەوڵەکانی هەریەك لە (جۆن لۆك) لە ساڵی (١٦٨٨ز) و (مۆنتسکیو) لەساڵی (١٧٤٨ز) و دواتر (جان جاك رۆسۆ ١٧٨٢-١٧٧٨) تیۆری سەروەری ئەتەوەیان دارشتو ئەوەیان روون کردەوە کە پێویستە لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمان بەسەردا کراودا پەیمانێك هەبێت تاوەکو ئازادی مرۆڤەکان تیایدا بەرقەرار بێتو لەژێر دەسەڵاتی زۆرینەدا بەڕێوە بچێت[٣٧].

بەمجۆرە ئەو خواستەی چینی ناوەند پێشەنگو هەڵگری بوو، بووە هۆی هاتنەکایەی شۆڕشی فەرەنسی لە (١٧٨٩)دا، کە هەڵگری پەیامی

---

[٣٥] د. فاضل حسين ود. كاظم هاشم نعمة: تأريخ الاوروبي الحديث (١٨١٥-١٩٣٩)، ط١، بغداد، ١٩٨٢، ص١١٥.

[٣٦] م. ن، ص١٤٢؛ محمد قطب: مذاهب فكرية...، ص٥٥٦-٥٥٧.

[٣٧] علي حيدر سليمان: تأريخ الحضارة...، ص١٦٧-١٦٨؛ محمد محمد صالح: تأريخ أوروبا من عصر...، ص١٥٦.

گراستنەوەی دەسەڵات و سەروەری بوو لەتاکەکەسەوە بۆ دەوڵەت کە گشت بڕیاری لە سەردەدا.

شۆڕشی فەرەنسی کۆمەڵێك گۆڕانکاری و دیاردەی نوێی هەڵگرتبوو، هەروەها بیرۆکەی نەتەوەبوونی بە شێوەیەکی ڕێکخراو تەرو دیارتر پەخش و بڵاوکردەوەو هەمرو چینەکانی لەبۆتەی نەتەوەدا تواندەوە کە بەپێی پەیوەندی هاوبەش پێکهاتبوو، بەجۆرێك یەکێتی و تەبایی لەنێوان گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا پێك بهێنێت[٣٨].

هەروەها لە ئەنجامی هاتنی (ناپلیۆن) بۆ دەسەڵات و فەرمانڕەوایی فەرەنساو بەرپاکردنی جەنگەکانی، بووە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی و بڵاوبوونەوەی بزاڤی نەتەوەیی لە ئەڵمانیاو ئیسپانیاو فەرەنساو ئیتاڵیاو سیبریار یۆنان و...، لەئەنجامی وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیستی لەم وڵاتانەدا، گەڕان بەدوای لاپەڕەکانی مێژوو وسەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی ڕووداو و مێژووە پرشنگدارەکانی نەتەوە دەستی پێکردو بەمەش مێژووی نەتەوەیی سەری هەڵدا[٣٩].

لێرەوە نەتەوەو نەتەوایەتی بووە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ دروست بوونی چەندین بزاڤی نەتەوەیی و ڕزگاریخواز لەسنورو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتەکاندا کە چەند نەتەوەیەکیان لەخۆیاندا قەتیس کردبوو، ئەم بزاڤە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیانە هەر زوو بەزوو سنوری وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە، بەتایبەتی سنوری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەم بوارەدا ئەم بزاڤانە خوازیاری دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت بەنەتەوەکەیان بوون[٤٠].

---

[٣٨] علي حيدر سليمان: تأريخ الحضارة، ص٢١٦.

[٣٩] علي حيدر سليمان: تأريخ الحضارة...، ص٢٢١؛ محمد محمد صالح: تأريخ أوروبا من عصر...، ص٦٥٠.

[٤٠] فاضل حسين وكاظم هاشم: التأريخ الاوربي...، ص٩٣.

بەم شێوەیەو لە زۆربنەی ناوچە جیاجیاکانی جیهان ئایدیاو بزاڤی نەتەوەیی سەری‌هەڵدا کە چینی دەستەبژێری کۆمەڵ رێبەرو پێشەنگی بوو [٤١] بانگەشەی نەتەوەیی بوون‌و توندڕەوی لەم لایەنەدا، یەکێك بوو لە هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی [٤٢]، بەڵکو ئەتوانین بڵێین جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو سەردەمەبوو کەپرەنسیپی نەتەوەیی سەرکەوتنی تیادا بەدەست هێناو بەتەواوی بەرجەستەبوو. [٤٣]

هەروەها لەدوای جەنگی جیهانی پرەنسیپی نەتەوەیی بووە سەرەکیترین هۆکارو هەوێنی ئاراستە وەرگرتنی بزاڤەکان لەپێناو بنیاتنانی کیانی نەتەوەیی سەربەخۆ، بەڵام ئەگەر سەرنجی بزاڤەکانی جیهانی سێ بدەین، دەبینین کەبزاڤەکانی ئەم وڵاتانە ئەرکێکی تریشیان کەوتبووە ئەستۆ، کەئەویش دژایەتی‌کردنی ئیمپریالیزم بوو.

هەرلەم ماوەیەداو لەژێر سایەی بانگەشەکەی (ویلسن)ی سەرۆکی ئەمریکی‌دا، چەندین کیان دروست بوون‌و هەندێکیشیان دروستکران.

## دووەم–سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی:

سەبارەت بەمێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لەناوکورددا، تائێستا جیاوازی بیروڕا هەیە لەسەر دیاری کردنی کاتی سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە، هارکات هەندێك پێی وایە کە تائێستاش ناسیۆنالیزم لەناوکورددا بوونێکی نییە، ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کەنوسەر هەوڵدەدات لەچاوی بیریارو نوسەرە ڕۆژئاواییەکانەوە خۆی بخوێنێتەوەو دواجار توشی هەڵەدەبێت لەبڕیاردان، ئەمەلەلایەك.

لەلایەکی ترەوە... ناسیۆنالیزمی کوردی وەك ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی، دەرەنجامی کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕیشەیی‌و هەمەلایەن نییە تاکو بتوانرێت

---

[٤١] أريك هوبسباوم: الامم والنزعة...، ص١٠٩.

[٤٢] فاضل حسين وكاظم هاشم: التأريخ الأوروبي...، ص ١٦٢-١٦٣.

[٤٣] إريك هوبسباوم: الأمم والنزاعة..، ص ١٣٥.

لەچوارچێوەیەکی تایبەتیو کاتێکی دیاریکراودا باس لەچۆنیەتی سەرهەڵدانو ناڕاستەکەی بکرێت، بەڵکو توێژەرانو پسپۆڕانی ئەم بوارە هەر یەکێکیان لەسەر بنەمایەکو لەبەر ڕۆشنایی چەند جیاکارییەك لەم بیرۆکەیە دەکۆڵێتەوەو سەرهەڵدانی دیاری دەکات، لەبەرئەوە ئەگەر سەرنجی سەرچاوە مێژووییەکان بدەین چەندین جۆر دیدوتێڕوانینی جیاواز لەسەر سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی بەدی دەکەین، ئەم لایەنە وا لە(جەمال نەبەز) دەکات بڵێت: ((ڕاستییەکەی نازانرێ لەکەیەوە کورد کەوتونەتە سەر بیری ئەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناسیۆنال بۆ خۆیان دروست بکەن!! کەیو لەکوێی کوردستاندا هەوڵ دراوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی گشتگیر یاکوردستانێکی یەکگرتوو؟! ئەوە بەتەواوی نازانرێ، ئەوەندە دەزانین کەئەم هەوڵە لەلایەن کوردەوە دراوە...))[٤٤].

بەم جۆرەو هەموو ئەو خوێندنەوەو ڕاڤەکردنانەی تائێستا لەم بوارەدا پێشکەش کراوە، نەیانتوانیوە لەچوارچێوەیەکی ئەکادیمیو چەسپاودا شلۆڤەی ڕووداوە مێژووییەکان بکەنو بڕیار لەسەردەمێکی سنوورداروو دیاریکراو بدەن، ئەوانەش کەهەوڵێکی سەرەتاییان بۆ ئەم بوارە داوە، هەوڵی یەکلاکەرەوەو تایبەتمەند نەبوون بۆ خوێندنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵکو زیاتر باس کردن بوون لەڕووداوەکانو لەمیانەیدا ئاماژەی کورتو خێراو لەڕوانگەی چەند سەرچاوەیەکی کەم یان ناڕاستەوخۆ بەم بوارە بووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵدەدەین ئەو کەسانەی دەربارەی سەرهەڵدانو ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی نوسیویانە، بەشێوەیەکی گشتی بۆ چەند گروپێك پۆلێن بکەینو گرنگترین ئەو بنەمایانە دیاری بکەین کەبیرکردنەوەو بڕیاری ئەو کەسانەی ڕەنگ ڕێژ کردووە لەم بوارەدا.

---

[٤٤] -جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری "قەومیەت"ی ڕۆژهەڵاتیو نەبیری "ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژئاواییە، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٤، ل ٢١- ٢٢.

گروپی یەکەم؛ سەرەتاکانی بیری نەتەوەیی کوردی بـۆ سـەدەکانی شـازدەو حەڤدەی زایینی دەگێڕنەوەو لەم مەیدانەشدا چەند هەوڵ و گوزارشتێك ئەکەن بەپاڵپشتی بیروبۆچوونەکانیان کەرەخساری نەتەوەیی بوونیان پێوە دیارە ...

بەشێك لەم گروپـە ئامـاژە بـۆ هەوڵـەکانی نوسـینەوەی مێـژووی کـوردی دەکەن‌و بـاس لـەکتێبی (شـەرەفنامە)ی (شـەرەفخانی بەدلیسـی ١٥٤٣-١٦٠٤) دەکەن، و هۆکاری نوسینی ئـەم کتێبـە بەئەونـە دەهێنـنـەوە کـاتێك شەرەفخان دەڵێت: "چونکە مێژوونوسـان تائێسـتا هیچیـان لـەبارەی کـوردو کوردستانەوە نەنوسیوە، من ویستم بەپێی توانا لەو بارەوە کتێبێك بنوسـم‌و نـاوی لێبنێم (شـەرەفنامە) هـەموو ئاواتیشـم هـەر ئەوەیـە کەخانەدانـە گـەورەکانی کوردسـتان ناویـان گـوم نـەبێت..."[٤٥]، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوە کەباسێکی زۆر لەسیفات‌و خسـڵەتەکانی تاکی کوردی دەکات‌و باس کردنی ئەوکیان‌و پێکهاتە سیاسـیانەی لەسـەردەمە جۆراوجۆرەکـاندا دروسـت بـوون باس کردنە لەکیان‌و دەوڵەتی کوردی."[٤٦]

هەروەها باسکردنی چەند شاعیرێکی کوردی ئـەو سـەردەمەو هێنانـەوەی شیعرەکانیان وەك بەڵگە بۆ بیرو بۆچوونەکانیان یەکێکی ترە لەو بنەمایانـەی ئەم گروپە پشتی پێ دەبەستێت، بۆ نمونە کـاتێك بـاس لـە(مـەلای جزیـری) دەکرێت کەدەڵێت[٤٧]:

گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم     شەب چراغی شەبی کوردستانم

وەیان ئاماژ بۆ (ئەحمەدی خـانی ١٦٥٠- ١٧٠٧) دەکرێـت لەلایـەن ئـەم گروپەوەو چەند شیعرێکی لە(مەم‌و زین)دا دەکەنە بەڵگـە، بۆنمونـە (خـانی) دەڵێت:

---

[٤٥] -شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، چ ٢، ١٩٨١، لاسەدو حەفتاوسێ.

[٤٦] -جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی...، ل٣٤٦.

[٤٧] کامـەران مـەنتك: نەتەوایـەتی‌و بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی کـورد، بـش ١، گۆڤـاری (نیشتمان)، ژمارە (٣)، تەمموزی ١٩٧٧، ل١٠٦.

گەردێ هەبووا مە پادیشاهەك
لایقی بدیا خوەدێ كولا هەك
تەعیین ببوا ژبووێ تەختەك
زاهیرڤە دبوو ژبومە بەختەك[٤٨]

هەروەها ئاماژە بەوە دەكەن كەخانی سەركۆنەی میرە كوردەكان دەكات لەبەر ئەوەی بەپاشكۆیەتیو ژێر دەستەیی تورك‌و فارس ڕازی دەبن[٤٩]، هەر لەم بوارەشدا (د. ئەمیری حەسەن پوور) دەڵێت: ((ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی كوردی سێسەد ساڵ لەمەو بەر بەهۆی ئەحمەدی خانی لە(مەم‌و زین)دا گەڵاڵە كراوە. ئەو ناسیۆنالیزمە بەگوێرەیەكی تاق‌و بێنە لەدونیا ئیسلام لەسەدەی حەڤدەدا، داواكاری زۆر نوێ‌و مۆدێرنی خستۆتە بەرچاو..

ئەحمەدی خانی؛ كورد وەك نەتەوەیەكی جیاواز لەفارس‌و عەرەب‌و تورك دەناسێنێ‌و ئەندامیانی كورد داوادەكات دەوڵەتێكی یەكگرتوو لەژێر حوكمی شایەكی كورد دامەزرێنن...))[٥٠].

گرووپی دووەم، سەرەتاكانی بیری نەتەوەیی كوردی لەسەدەی هەژدەو نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەدا دەدۆزنەوە كەهەروەك (نیكیتین) بەقۆناغی نافەرمانیو یاخیگەریەكانی كۆمەڵایەتیو شۆڕشی خان‌و دەرەبەگەكانی دادەنێت[٥١]، (جەمال نەبەز)یش لەم سۆنگەیەوە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال لای كورد بەكردەوە دەباتەوە بۆ سەدەی هەژدەو پێی وایە لەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدە خەباتی چەكدارانەی ڕێكخراو سەری هەڵداوە،

---

[٤٨] -ئەحمەدی خانی: مەم‌و زین، ئا: هەژار، پاریس، ١٩٨٩، ل ٢١٦.

[٤٩] جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی كوردی...، ل ٣٤.

[٥٠] د. ئەمیری حەسەن پوور: پێداچوونەوەی كتێبی (ئێتنۆناسیۆنالیزمی كورد)، و: هاشم گۆڤاری (ڕابوون)، ژمارە (٧و ٨)، ١٩٩٣، ل ١١٧.

[٥١] نیكیتین: كورد‌و كوردستان، ل ٥٥٦.

بۆئەو بۆچوونەشی نموونەی میرە کوردەکان دەهێنێتەوە کەچەندین شۆڕش و ڕاپەڕینیان لەم ماوەیەدا دژی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری بەرپاکرد[٥٢].

هەروەها (عەزیز شەمزینی) لەم بارەیەوە پێی وایە لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە جولانەوە ڕزگاریخوازیەکان دەست پێ دەکەن، جیاوازی ئەم جولانەوەو خەباتە لەم قۆناغەدا لە ڕاپەڕینەکانی تر، لەوەدا بەدی دەکات کەلەم قۆناغەدا دروشمە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیەکان ڕونترو گەشتر دەردەکەن[٥٣].

(مینۆرسکی)یش بەهەمان شێوە باس لەپیادەکردنی سیاسەتی مەڵبەندی دەوڵەتی عوسمانی دەکات و کاریگەری ئەم سیاسەتە لەسەر ڕەوتی نەتەوەیی کوردی پیشان دەدات و دەڵێت: ((داگیرکردنی تازە هۆیەك بوو بۆ ئەوەی کورد لەساڵی (١٨٤٣- ١٨٤٦)دا بەسەرۆکایەتی ی (بەدرخان پاشا)[٥٤] یەکەم بزوتنەوەی نەتەوەیی ی خۆی هەڵبگیرسێنێ...))[٥٥].

جەخت کردنەوەی ئەم نوسەرو مێژوونوسانە لەسەر سەدەی هەژدەو نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بۆ سەرهەڵدانی بیرهۆشی نەتەوەیی لەهەوڵەکانی میری سۆران (محمد پاشای گەورە) هاتووە، کاتێك هەوڵیدا کوردستانێکی یەکگرتوو دروست بکات و دەست بەسەر گشت میرنشینەکاندا بگرێت[٥٦].

هەروەها هەوڵەکانی (بەدرخان پاشا) کاتێك ویستی لەرێگای پەیمانی پیرۆزو یەکخستنی میرنشینەکانەوە کیانێکی یەکگرتوو بۆ کورد دروست

---

[٥٢] -جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی...، لا ٣٦، قاسملو: کوردو کوردستان، لا ٤٤-٤٦.

[٥٣] -عەزیز شەمزینی: جولانەوەی...، لا ٧٥.

[٥٤] -لەبارەی ژیانی بڕوانە (مالمیسانژ: بدرخانیو جزیرة بوتـان، ت: شكور مصطفى، أربیل، ١٩٩٨ ص ٣٧ و ٣٨).

[٥٥] مینۆرسکی: کورد، و: لەعەرەبیەوە: محەمەد سەعید حەمەکەریم، ١٩٨٤، لا ٥٥.

[٥٦] -بۆ زانیاری بڕوانە جەمال نەبەز: الامیر الكردي، اربیل، ط ١٩٩٤.

بکات، هاوکات لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی خوێندنو ڕۆشنبیری دابوو لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەوکاتو بەنیاز بوو کەچەند کەسانێك بۆ خوێندن بنێرێتە هاندەرانو گرنگیەکی زۆریشی بەدروست کردنی کەشتیو چەكو جبەخانە دەدا...[٥٧]

ئەم هەوڵانە بەشێك لەو هۆکارو بنەماو دیاردانەن کەبوونەتە هۆی ئەوەی بەشێك لەپسپۆڕانو مێژوونوسانی ئەم بوارە، ئەم قۆناغەی مێژووی کوردی بکەنە قۆناغی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیو ئەوانەش ئاماژەمان پێکردن بکەنە بەڵگە لەکاتی بۆچوونەکانیاندا.

گروپی سێیەم: جیاواز لەوانەی پێشوو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەشێوەیەکی گشتیو شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بەتایبەتی وەك هەنگاوی یەکەمو سەرەتایی بۆ خەملینی بیرو هۆشی نەتەوەیی کوردی دیاری دەکەن.

(کریس کۆچیرا) کاتێك باس لەم قۆناغە دەکات، دەڵێت: "شێخ عوبەیدوڵلا لەمانیفێستێکدا کەبلاوی کردەوە بۆ یەکەم جار نەتەوایەتی کوردی باس کردووەو بەوڵاتانی ڕۆژئاوای حاڵی کردووە، کەکوردەکان پێویستە چ لەئێرانو چ لەتورکیا ئاکارو کردەوەی خۆیان بەدەست خۆیان بێتو مافی سەربەستی نەتەوایەتیان بۆ دیاری بکرێت، بەبڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیە بەڕابەری نەتەوەیی کورد ناسرا..."[٥٨].

(ڕۆبەرت ئۆلسن)یش لەبارەی نەهرییەوە دەڵێت: "دەرکەوتنی شێخ عوبەیدوڵلا وەك کەسایەتیەکی دیار، نیشانەدەری هۆشیاری زۆرتری کوردان لەمەیدانی نەتەوە پەروەریدا...)[٥٩] بەم جۆرەو (صالح محمد ئەمین)یش بەهەمان شێوە، دەرکەوتنی شێخ عەبەیدوڵلا بەقۆناغێکی نوێ دادەنێتو

---

[٥٧] -مالمیسانژ: بەدرخانیو...، ص ٣٩.

[٥٨] کریس کۆچیرا: کورد لەسەدەی (١٩-٢٠)دا، لا ٥٠-٥١.

[٥٩] روبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی...، لا١٦٧.

وەك قۆناغێك باسی لێوە دەكات كەتیایدا هەستی نەتەوەیی سنورەكانی هەستی تێپەڕاندووەو لەچوارچێوەی هۆش (وعي)دا بەرجەستە بوو، هەروەها پێی وایە كەلەم قۆناغەوە دانانو داڕشتنی بناغەی سەرەتا گشتییەكانی چوارچێوەی ستراتیژی كاری نەتەوەیی لەپێناوی ڕزگاریو یەككگرتنەوەو پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا ئاڕاستەی وەرگرتووە[60].

ئەم نوسەرو گروپانەی ئاماژەمان بۆ كردن، كاتێك باس لەسەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دەكەن، وەك ناسیۆنالیزمێك باسی لێوە دەكەن كە(كار)ە نەك (كاردانەوە)و پێیان وایە كەئەم ناسیۆنالیزمەی كوردی هەڵقوڵاوی ناخی كوردستانو تاكی كوردەو خواستاوی دەوروبەرو كەسانی تری دەرەوەی كوردستان نیە، (جەمال نەبەز) لەم سۆنگەیەوە دەڵێت: "بیری دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی ناسیۆنال كەهەموو نەتەوەی كورد بگرێتەوە لەكوردستانێكی سەربەخۆداو بەسەركردەیی شایەكی كورد، هەر لەكوردستان خۆیدا هەڵقوڵاوەو لەبێگانە وەرنەگیراوە.."[61].

سەرەڕای ئەم سێ گروپە گروپێكی تری نوسەرانی بواری ناسیۆنالیزمو مێژووی نەتەوەیی كوردی، ناسیۆنالیزمی كوردی وەك كاردانەوەو دەرەنجامی كۆمەڵێك هۆكاری دەرەكی وێنادەكەن، ئەمەش بەتایبەتی لەدەرەنجامی سیاسەتی شۆڤێنستی توركەكان لەساڵانی (١٩٠٨)و دواتردا خۆی دەنوێنێ.

هەریەك لە(ڕەفیق سابیر)[62] و (ڕەمزی قەزاز)[63] (عوسمان عەلی)[64] (نەجاح عەتا ئەلتائی)[65] پێیان وایە كەبزوتنی دەماری ڕەگەزایەتی

---

[60] -صالح محمد أمین: كوردو عەجەم، ل ١٥٣.

[61] جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی كوردی...، ل ٣٤- ٣٥.

[62] ڕەفیق سابیر: ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیزمی خێڵەكی، ل٣٧.

[63] ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسیو ڕۆشنبیری كورد لەكۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تاناوەڕاستی چەرخی بیست، ١٩٧١، ل٢٣.

تورکەکان بووە هۆی ڕاچڵەکاندنی نەتەوە ناتورکەکان‌و وروژاندنی هەست‌و هۆشی نەتەوەییان، لەبەر ئەوە دەشێت سەرەتاکانی دەرکەوتنی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی وەك یەکێك لەو نەتەوە ناتورکانە پێش هەر شتێك وەك کاردانەوەیەکی ستەمی تورك‌و ناسیۆنالیزمی شۆڤینستی تورك لەقەڵەم بکرێت.

بەشێك لەنوسەرانی ئەم گروپە کەدیدو بۆچونەکانیان لەم چوارچێوەیەدا نسورێنەوە، ئەو گوزارشتەی (محمەد ئەمین زەکی) ئەکەنە بەڵگە بۆسەلماندنی بۆچونەکانیان کە لەپێشەکی کتێبی (مێژووی کوردو کوردستان)دا نوسیویەتی کاتێك دەڵێت: "... لەدوای ئەمە، کە لەجیاتی تەعبیری عمومیی (عثمانی) لفظی (تورك) و (تزرانی) لەتورکیادا باوی سەند، بەطبیعەت، وەکو افرادی ملەتەکانی تر، منیش لەناو ئەو کۆمەڵەدا غیرەتی خۆم چاکتر حس کردو غروری قومی مجبوری کردم کە لەهەموو فرصتێکدا ئەم حسەی خۆم اظهار بکەم. بەلام درحق بەأصل وتأریخی قومەکەم هیچم نەئەزانی، چونکە تائەو وقتە نە لەمکاتبدا فکرێکی وامان درابویەو نە لەدواییشدا ضرورتی تدقیقی تأریخی کوردمان دی‌بو، وکلمەی جامعەی (عثمانلی) أعصابی قومیەی هەموومانی تادەرەجەیەك خاوکردبووەوە...)) [٦٦]

ئەگەر سەرنجێکی وردی ئەم دەقە بدەین‌و بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە لێی بڕوانین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەئەم دەقە ئەوەمانایە ناگەیەنێت کە پێشتر بیر لەکوردبوون نەکرابێتەوە، یان هەوڵی بەدیهێنانی خواستی نەتەوەیی نەبووبێت، بەڵکو (محمەد ئەمین زەکی) باس لەوە دەکات کەکاری شۆڤێنی

---

[٦٤] د. عثمان علي: الأسس الفكرية للحركة القومية الكردية، ح٢، مجلة (تالای ئیسلام)، السنة التاسعة،العددان الثاني والثالث، نوفمبر ١٩٩٥م، ص ١٥ ومابعدها.

[٦٥] نجاح عطا الطائي: الفكر القومي، ص ١٦٠ ومابعدها.

[٦٦] محمەد ئەمین زەکی: مێژووی کوردو کوردستان، ١٧.

تورکەکان هۆکاری گەشەکردنی هەستی کورد بوون بووەو سیمایی نەتەوەیی لە تاکەکاندا تۆخ کردۆتەوەو گەشەی پێداوە، هەروەك دەڵێت: منیش لەناو ئەو کۆمەڵەدا( زیاتر هەستم بەجیاوازی خۆم کرد لەوان)، هەروەها باس لەوەش دەکات کەبیرۆکەی(جامعەی عوسمانی) بووبووە هۆی خاوکردنەوەی هەستو هۆشی نەتەوەیی و لاوازکردنی ئەم هەستە بەڵام بەرتژەیەکی کەم، هەروەك دەڵێت(تادەرەجەیەك).

لەبەرئەوە ئەتوانین هەرهەمان گوزارشتی(د. شەفیق قەزاز) بەکاربهێنین کە لە نامەی دکتۆراکەیدا بەکاری هێناوەو بڵێین: ستەمی ناسیۆنالیستە تورکەکان لەکورد، فاکتەرێکی سەرەکی و کارابووە بۆ گەشەسەندنی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا،[٦٧] تەك هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدان.

بەمانایەکی تر ناسیونالیزمی کوردی پرۆسەیەکی گەشەسەندوی خودی واقیعی کوردستانەو هەڵقوڵاوی ناخی تاکەکانی کورد بووەو خواستاوی دەرەوەو کاردانەوەی کارێکی دەرەکی نیە،[٦٨] بەڵکو پەیوەندیەکی بەتینی بەهێزە جیاجیاکانی ناوکۆمەڵگای کوردیەوە هەیەو کاریگەری هەلومەرج و رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆمەڵگەی لەسەربووە کەوایکردووە پێکهاتەو شکڵبەندیەکی پێببەخشێت جیاواز لەناسیونالیزمی نەتەوەکانی ترو هاوکات ئەتوانرێت لە پێناسەو وێنەی ناسیونالیزمی نەتەوەیەکی تردا لەقاڵب بدرێت.

بەڵکو ئەشێت بڵێین ئەم ناسیونالیزمەی کوردی لەقۆناغە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی و لەکاتی پەڕینەوەی لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پەرەسەندوتر، هۆکاری دەرەکی رۆڵی بینیوە لەباشتر خەملین و پڕبوونەوەی ئەم بیرۆکەیەو

---

[٦٧] عثمان علي: الآسس الفكرية للحركة...، ج٢، ص١٧

[٦٨] هەڵکەوت عەبدوڵلاو چەندانی تر: دیدارێك سەبارەت بەبیر لەنێو کورددا، گۆڤاری(یەکگرتن)، ژمارە(١٤)، کانونیکی یەکەم ١٩٩١.

چەسپاندنی‌و گشتگیرکردنی لەناو چین‌و توێژاڵە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

سەبارەت بەدیدو بۆچوونەکانی گروپی یەکەم کەئاماژەمان پێکردن دەڵێین ڕاستە(شەرەفخان‌و جزیری‌و ئەحمەدی خانی‌و...) لەنوسین‌و شیعرەکانیاندا ئاماژەو گوزارشتی نەتەوەییان دەربڕیوە، بەڵام هەستی خۆبەکورد زانین، هەستی پێویستی یەکبوون‌و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ کەکوردو کوردستان لەدەست بێگانەو ژێردەستەیی بپارێزێت وەکو بیرو ئایدۆلۆژیای کەسانێکی بلیمەت لەدووتوێی (نوسینەکان)دا مایەوەو لەبەر نەگەیشتنی هەلومەرجی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فەرهەنگی کۆمەڵی ئەوسای کوردنەبوو بە ئایدۆلۆژیای چینی هەڵبژاردەی کۆمەڵ‌و خواستی خەڵک‌و بزووتنەوەی جەماوەر.[69]

بەهەمان شێوە، باس کردنی گروپی دووەم لەنێوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم‌و هەوڵی میرە کوردەکانی سۆران‌و بۆتان‌و بابان، ئەتوانین بڵێین هەرچەندە دروشمی سەربەخۆیی کوردستان‌و کیانێکی کوردیان بەرزکردبۆوە، بەڵام کردەوەکانیان لەیەك دابڕاوو پچڕپچڕو لەناوچەیەکی بەرتەسکدا بەرجەستە دەبوو،[70] هاوکات ئەو مکیکانیزمەی بۆپیادەکردنی دروشمەکان بەکاردەهات‌و گیرابوونەبەر، زۆرجار لەگەڵ دروشمەکان یەکیان نەدەگرتەوەو دژی‌یەك بوون، ئەمە وێڕای ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی تاکەکەس یان خێڵ لەکاتی ئەنجامدانی ئەم هەوڵانەدا.

بەڵام ئەم گوزارشتە ئەوە ناگەیەنێت کەئەو هەوڵانەکەم ئەرزش‌و بێبایەخ بوون، بەڵکو ئەمانە هۆکاری کاریگەربوون بۆ ئەکتیڤ بوون‌و بەرەو پێش چوونی هەستی نەتەوەیی‌و خۆبەکوردزانین‌و بوونەتە بناغە بۆخەملێنی بیری نەتەوەیی کوردی‌و بەرپابوونی بزاڤە نەتەوەییە ڕزگاریخوازیەکەی.

---

[69] -صالح محمد امین: کوردو عەجەم، ل١٥٢.

[70] -هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

لێرەوە ئەگەر سەیری دیدوبۆچونەکانی گروپی سێیەم بکەین، زیاتر ئەو وێنەی نەتەوەیی بوونەوکاری نەتەوەیی گشتگیر ئەدۆزینەوە کە لەچوارچێوەی پێناسەی ناسیۆنالیزمدا شوێنی خۆی ئەکاتەوە.

تەریب بوونی بۆچونی ئێمە لەگەڵ گروپی سێیەم هەڵوێستێکی سۆزگەرایی و بەپەلە نیە لەبەرامبەر نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، چونکە ئەگەر بەوردی لەم ماوەیە بکۆڵینەوە ئەوا چەندین دیاردەو گۆڕانکاری لەپێکهاتەو شکڵبەندی کۆمەڵگەی کوردی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و... هتد، بەرچاو دەکەوێت، کەجۆرە تێروانین و بیرکردنەوەیەکی جیاوازی بەتاکی کورد بەخشیوە جیاواز لەقۆناغەکانی پێشتر، لەم ماوەیەدا وێڕای سەرهەڵدانی شێخەکان وەك دەسەڵاتدارو جڵەو لەدەستی زۆرینەی کۆمەڵگەی کورد، لەسەردەمانێکی دواتردا بزاڤی ڕۆژنامەگەری و سەرەتاکانی مەیینی چینی دەستەبژێری کۆمەڵگە (ڕۆشنبیر بەسەردەمی خۆیان) سەرهەڵدەدات.

لەبەر ئەوە ئەگەر سەرەتا سەرنجێکی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بدەین دەبینین لەم ماوەیەدا دوامیرنشینی کوردی کۆتایی پێدێت لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە کەمیرنشینی (بابان) بوو، لەبەر ئەوە لەماوەی نێوان ڕوخانی میرنیشینی بابان تادەرکەوتن و سەرهەڵدانی شێخەکان لەکۆمەڵگەی کوردیدا کەلێن و دابڕانێك لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا بەدی دەکەین و پەیوەندییەك نەبوو کەچینەکانی کۆمەڵگە لەیەك خاڵی هاوبەش یان مەبەستێکی دیاریکراودا کۆبکاتەوە، چونکە لەئەنجامی سیاسەتی مەڵبەندیی دەوڵەتی عوسمانی لەکوردستان، میرەکان لەدەسەڵات پاشەکشەیان پێکراو بەمەش ئەو دەسەڵاتە سیاسیە ناوچەییانەی لەسنوری میرنشینەکاندا هەبوو لەناوچوو وبووە هۆی زیاتر پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەی کوردی و لێرەوە چەوساندنەوەو ستەمی دەوڵەتی عوسمانی لەناوچە کوردیەکاندا بووە کارێکی ئاسانترو باروودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد.

ئەم بارودۆخە هەر لەسەر ئەم ئاراستەیە بەردەوام نەبوو، بەڵکو زووبەزوو لەئەنجامی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی ڕێبازی نەقشبەندی بووە هۆی ئەوەی جارێکی تر کۆمەڵگەی کوردی ڕووەو بوژانەوە هەنگاو هەڵبگرێت و چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا کە(شێخەکان) بوون.

شێخەکان بەپێی ئەو پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و ئابوریەی لەناو چینەکانی کۆمەڵگەدا بنیاتیان نابوو پرۆژەی وتارێکی بەهێزی ئایینی و نەتەوەییان هەڵگرتبوو[71]، لەبەر ئەوە دەبینین کەتا سەردەمانێکی زۆرو لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستیشدا ڕۆڵێکی کاریگەرو ڕاستەوخۆیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بەتایبەتی هەبووە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە:

١-لەبەر ئەوەی بوونە شێخ پێویستی بەزانیاری هەبوو، ئەو زانیاریانەش یان لەمزگەوت یان لەتەکی و خانەقاکانەوە بوو و ئەمەش وایکردبوو کەلایەنە ئایینیەکە سیمایەکی دیار وەربگرێت و کار بکاتە سەر ڕۆشنبیری باوی ئەو سەردەمە بیکاتە ڕۆشنبیریەکی ئایینی، شێخەکان وەك کەسانێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا.

٢-لەڕوی ئابوریەوە، شێخەکان توانیبوویان دەسەڵاتێکی ئابووری بەهێز بۆ خۆیان بنیات بنێن، چونکە داهاتێکی زۆریان لەزەکات و وەقفەکان و خێرو خێراتەوە بۆ دەهات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەهەندێك لەشێخەکان بووبوونە خاوەنی ناوچەو ژمارەیەك لەگوندەکانیان تایبەت دەکرد بەخۆیان و سەرپەرشتی داهاتەکانیان دەکرد.

٣-شێخەکان لەڕوی دەسەڵاتەوە دەسەڵاتێکی فراوانیان هەبوو کە لەدەسەڵاتی سەرەك هۆزەکان زۆر فراوانتر بوو، ئەمە لەکاتێکدا میرو سەرۆك

---

[71] -ئەکرەم محەمەد: سەردەمی نەتەوایەتی، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ)، ژمارە (٢١)، کانونی یەکەمی ٢٠٠٠، ل١٢١.

خێڵەکان تەنها لەسنووری میرنشین یان خێڵەکەدا دەسەڵاتی هەبوو، چونکە لەدەرەوەی ئەم سنوورە سەرۆک خێڵ یان میرێکی تر، گوزارشتی لەدەسەڵات دەکرد.[٧٢]

٤-سەرەڕای ئەمانە، شێخەکان وەك کەسایەتیەکی ئاییني و ئەوەی پێغەمبەر خۆیان دەناساند، ئەمەش وایکردبوو لەلای خەڵکی کوردی سەرچاوەی ڕاستي و هەموو بڕیارێکی شەریعەت بن.

لەلایەکی تریشەوە، لەبەر ئەوەی ئەم توێژە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە ترسکەی هیوابوو بۆ کۆنترۆلکردن و دەست بەسەردا گرتنی کۆمەڵگەی کوردي و بۆئەم مەبەستەش هەوڵي ئەوەیان دەدا لەڕێگەی سۆزی ئاییني و بانگهێشت کردنیان بۆ پایتەخت و بەخشینی هەندێك لەپلەوپایەی بەڕێوەبردن، یان ئاییني، خواستەکانیان بەرجەستە بکەن.

بەم جۆرە، کۆمەڵگەی کوردی لەڕوی بونیادی کۆمەڵایەتیەوە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە توێژێکی تری بەرهەم هێنا کەنزیکەی سەدەیەك ڕۆڵی دیارو کاریگەی لەبزوتنەوەی نەتەوەیی کورددا هەبوو.

ئەگەر سەیری ڕاپەڕینی ساڵی (١٨٨٠)ی شێخ عوبەیدوڵلا بکەین دەبینین کەئەم ڕاپەڕینە چ وەك خودی ڕاپەڕینەکەو چ وەك سەرکردەکەشی زۆر جیاوازی لەگەڵ سەرکردەو ڕاپەڕینەکانی پێش خۆیدا هەبووە.

هەوڵەکانی (شێخ عوبەیدوڵلا) هەر لەیەك بوارو لەسەر یەك ئاست نەبووە، بەڵکو لەمیانەی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش لەپێناو ڕزگارکردنی کوردستان و پێکهێنانی کیانێکی کوردی یەکگرتوو، لەسەر ئاستی دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەهەوڵي کارو پەیوەندی دیبلۆماسیدا چالاکانە دەستی پێ کرد بوو، لەوانە چەندین نامەو یاداشتی بۆ (د. کوچران و نیقبال

[٧٢]-ڕۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی.... ل١٧٦.

ئەلدەولەی حاکمی ورمێ)[٧٣] و گفتوگۆکانی لەگەڵ (کلایتۆن و ئابوت و...) چەندانی تر و[٧٤] ناردنی نوێنەر بۆ گفتوگۆ کردن و پەیڤین لەگەڵ دیپلۆماتەکانی ڕوسیاو بەریتانیا لەتاران و تەوریز و ئەرزڕۆم وان.

لەهەموو ئەم کارە دیپلۆماسیانەدا، شێخ زۆر وردبینانەو بەگوتارێکی نەتەوەیی هارچەرخ (بەسەردەمی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە) داکۆکی لەسەربەخۆیی کوردو کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی یەکپارچە دەکردو هەوڵی سەر لەنوێ ڕێنا کردنەوەی ڕێنەی ڕاستەقینەو جوانی کوردی دەدا لەلای گشت دەوڵەت و نەتەوەکانی ناوچەکە[٧٥]، لەبەر ئەوە دەبینین کەئەم مەبەستەی کرد بووە ستراتیژێکی سەرەکی لەگفتوگۆکانیداو ئەوەتا لەنامەی دووەمی شێخ بۆ (د. کۆچران)دا دەنوسێت:

"... ئێمەش میللەتێکی دابەشکراوین. ئێمە دەمانەوێت بەڕێوەبردنی کاروباری خۆمان، بەدەست خۆمانەوە بێت، بۆ ئەوەی لەسزادانی تاوانکارانی خۆماندا، بەهێزو سەربەخۆبین و ئەو مافانەمان هەبێت، کەمیللەتانی تر هەیانەو سەبارەت بەخەتابارەکانیش، ئێمە ئامادەین ئەوەبگرینە ئەستۆی خۆمان (بەڵێن دەدەین)، کەئازاروزیان لەهیچ میللەتێك نەکەوێت. ئەمەیە ئامانجی ئێمە..."[٧٦].

هەروەها پەیوەندی لەگەڵ پیاوانی عەرەبدا کردووەو لەم پێناوەشدا مەبەستی بەدەست هێنانی پاڵپشتی (مەعنەوی- سیاسی) بووەو لەگەڵ

---

[٧٣] -د. أحمد أبوبكر: نصوص ثلاث رسائل للشيخ عبيدالله النهري، مجلة (شمس كردستان)، العدد (٦٩)، نيسان ١٩٨٥، ص ٥-٧.

[٧٤] -صالح محمد أمين: کوردو عەجەم، ١٧٧؛ جەلیلی جەلیل: ڕاپەڕینی کوردەکانی....، لا ١١١و دواتر.

[٧٥] -محەمەد حەمەباقی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا نەهری (١٨٨٠) لەبەڵگەنامەی قاجاریدا، چ١، هەولێر، ٢٠٠٠ز، لا ١١٣- ١١٤.

[٧٦] هەمان سەرچاوە، لا ١٢٣.

(شەریفی مەککەو خدێوی میسرو چەندین پیاوی تری عەرەب لەویلایەتەکانی موسڵو بەغداد) پەیوەندی بەستووە[٧٧]، دیارە لێرەشدا شێخ تێبینی پەیوەندی نێوان ئەم کەسایەتیە عەرەبانەو دەوڵەتی عوسمانی کردووەو لەهەوڵی قۆستنەوەی ئەم پەیوەندییەدا بووە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی‌و هاوکات زیندوکردنەوەو زیادکردنی بەرەیەکی تری دژایەتی بووە بۆ دەوڵەتی عوسمانی.

هاوکات شێخ لەمیانەی هەوڵەکانی بۆ فراوان بوونی بەرەی شۆڕش لەگەڵ (مارشەمعونی سەرۆك‌و پێشەوای ئایینی ئاسورییەکان) کەوتە گفتوگۆکردن[٧٨]، دەرەنجامی هەوڵەکانی لەگەڵ ئەرمەنەکان بەردی بناغەی شۆڕشە کەبوون[٧٩].

لەهەمان کاتدا شێخ، تەریب بەکارە دیپلۆماسییەکان، لەناو کۆمەڵگەی کوردی‌و ناوخۆی کورد کاری گرنگ‌و پڕبایەخی ئەنجامدا، بەتایبەتی شێخ عوبەیدوڵلا چاوی لەوە بوو و هەوڵی ئەوەی ئەدا کوردەکانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی‌و دەوڵەتی ئێرانی لەیەك کاتداو بەیەك ئاڕاستە شۆڕش بەرپابکەن‌و بۆ ئەم مەبەستەش پلانی بەستنی کۆنگرەیەکی بۆ عەشرەت‌و خێڵە کوردەکان بەدەستەوە بوو و ئەم پلانەشی لەکۆتایی (ئەیلولی ١٨٨٠)دا جێبەجێ کرد[٨٠].

لەم کۆنگرەیەدا شێخ عوبەیدوڵلا وەك سەرکردەیەکی لێهاتوو و خاوەن جیهانبینی‌و لەمیانەی ئەو گوتارەی بۆ بەشداربوانی خوێندەوە، گرنگترین‌و دیارترین ڕەهەندە نەتەوەیی‌و ڕزگاریخوازییەکانی ئەم شۆڕشەی ڕوون کردەوەو

---

[٧٧] -جەلیلی جەلیل: ڕاپەڕینی کوردەکانی....، لا ٨٦.

[٧٨] -لەتاریکییەوە بۆ ڕووناکی (بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠)، و: جەمال میرزا عەزیز، چ١، سلێمانی، ١٩٩٩، لالا ١٣- ١٤.

[٧٩] -محەمەد حەمەباقی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری....، لا ١٠٦.

[٨٠] جەلیلی جەلیل: ڕاپەڕینی کوردەکان....، لا ١١٤.

پەردەی لەسەر هەموو ئەو نهێنیی و شتە شاراوانە هەڵدایەوە کەئەم دوو دەوڵەتە کوردیان پێ خەڵەتاندووە.

شێخ عوبەیدوڵڵا بەم جۆرە دەست بەگوتارەکەی دەکات و دەڵێت:

"٥٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئیمپراتۆری عوسمانی دامەزرا. عوسمانیەکان بەناڕەوایی هاتنە سەر کار، دوای ٤٠٠-٥٠٠ ساڵ دەوڵەتی عوسمانی لەرێی ئیسلامەتی لایداو ڕێگای خوانەناسیی گرتەبەر. لەو ساوە لاوازو بێدەسەلاتەو تادێت لەڕوخان و هەرەس هێنان نزیک دەبێتەوە. ئەم هەرەس هێنانە بەئەندازەیەك خێرا دێتە پێش کەئیتر کەس گومانی لەوەدا نیە ئیمپەراتۆریەت بەم زوانە تیا دەچێ. ڕۆڵە ئازیزەکانم با گوێ بۆ ئامۆژگاری‌یەکانی باوو باپیرانمان شل کەین و چیتر سەر بۆ ستەم و چەوسانەوەی تورکە خوانەناسەکان شۆڕ نەکەین، نەك هەر ئێمەی کوردی تورکیای عوسمانی بەڵکو کوردی ئێرانیش دەبێ لەم دوو دەوڵەتە کەتەگەرە لەپێشکەوتنمان دەدەن، ڕزگار بێ.

باپیرانمان داواکارن هەموومان لەپێناوی ئاین و ڕزگاریی نیشتماندا تێ بکۆشین، بلیمەت و زانایان وتویانە: کەڵك وەرگرتن لەبارودۆخی لەبار ژیری و زیرەکی‌یە.

ئەمرۆ فارسەکان بەشەڕی تورکمانەکانەوە خەریکن و هەموو هێزەکانیان بۆ شەڕ ناردووە، کەواتە ئەمرۆ هەلومەرجی هەڵگیرساندنی جولانەوەیەك دژی دەوڵەتی ئێران زۆر لەبارو گونجاوە. دەبێ ئەوەش بزانین کەئەگەر فارسەکان ئەو پەڕی پێیان بکرێ لەسەد هەزار شەڕکەر زیاتریان پێ کۆناکرێتەوە، جارێ زیاتر لەنیوەی ئەو شەڕکەرانە برا کوردەکانی خۆمانن کە لەژێر چەپۆکی دەوڵەتی ئێران دان و بەنۆرەی خۆیان هەمان هەستی ئێمە یان هەیە.

لێرەدا لەبەر ئەوەی بەشێکی بەپیت و دەوڵەمەندی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئێراندایە، ئێمە لەسەرەتادا دژی دوژمنی بێ‌هێز جولانەوەکە بەرپا دەکەین و لەئەنجامدا دەتوانین براکانمان و ولاتە هەرە بەپیت و دەوڵەمەندەکەیان

ڕزگار بکەین. ئەوەش کارێکی وا دەکا سەرچاوەیەکی گرنگمان چنگ بکەوێ. دەتوانین بەم سەرچاوەیە لەشەڕدا دژی دوژمنی دوەم و بەهێز، واتە تورکە عوسمانی‌یەکان، پشت ئەستوربین.

بەڵام ئەگەر هەر بەکێوەکانی خۆمان پشت ئەستور بوین، ئەوا ناتوانین مەسەلەی ئازوخە دابین کەین. ئایا هەڵوێستی ئێوە لەم بارەیەوە چیە؟ ئایا ئێوە ئامادەن ڕێبازی بەرەو پێشەوە چون بگرنەبەر؟ ئەگەر لەم بارەیەوە هیچ شتێکتان هەیە، تکایە بفەرمون"[٨١] . بەسەرنجدان لەدەقی گوتارەکەی شێخ عوبەیدوللا ئەتوانین زۆرزانیاری وردو بایەخدار لەبارەی شێوازی بیرکردنەوەی شێخ و هەڵوێست و تێڕوانینی لەبرامبەر دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی بزانین لەوانە:

١-شێخ عوبەیدوللا زۆر باش لەکاریگەری دەوڵەتی عوسمانی وەك دەوڵەتێکی بەناو ئایینی گەیشتوە بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەت لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و ئاگاداری ئەوەیە چۆن عوسمانیەکان لەسەرەتارە لەڕێگەی ئایینەوە شەرعیەتی دەسەڵاتی خۆیان سەلماند، لەهەمان کاتدا باش شارەزای عوسمانیەکانە کەچۆن لەڕێگای ئایینەوە جڵەوی نەتەوەکانی ژێر دەستیان لەدەست گرتووەو بەئارەزووی خۆیان ئەیانچەوسێننەوەو بەناوی غەزاوە ڕەوانەی جەنگەکانیان دەکەن، لەبەر ئەوەو بۆ نەهێشتنی کاریگەری ئایین و لەق کردنی ئەو شەرعیەتە ئاماژە بۆ لەڕێ لادانی عوسمانیەکان دەکات و بە(خوانەناس)یان لەقەڵەم دەدات.

٢-شێخ عوبەیدوللا وەك سەرکردەیەك پێشبینی‌یە سیاسیەکانی لەبرامبەر دەوڵەتی عوسمانی دەخاتە ڕوو و باس لەهەرەسی عوسمانیەکان

---

[٨١] -عەزیز شەمزینی: جولانەوەی ڕزگاری....، لالا ٨٤- ٨٥ (ئەویش لە"کامەراکان: هێرشی سالی ١٨٨٠ی شێخ عوبەیدوللا بۆ سەر ئێران، سان پۆترسبورگ، ١٨٨٤، لا ٣٨- ٣٩" وەری گرتووە).

دەکات لەداهاتودا کەئەمەش خۆی لەخۆیدا سەلمێنەری بایەخ‌و بەدوادا چۆنی شێخە بۆ سیاسەت‌و روداوە سیاسیەکان.

٣-شێخ هەوڵێدات سەرنجی ئامادەبوان بگێرێتەوە بۆ مێـژوو و نەریت‌و رەفتـارو هەڵس‌وکەوتی باپیران‌و پەندو ئامۆژگاریەکانیان بـەبیر دێنێتـەوە کەچۆن لەهەوڵی رزگاری‌و سەربەخۆییدا بـوون‌و سـەریان بـۆ هیـچ سـتەمێک شۆڕ نەکردووە، لەم پێناوەشدا دەیەوێت کەکوردەکانی هەردوو دەوڵەت بـەبیر بیرکردنەوە لەئێستەما بۆ خێڵ‌و هۆز یان ئاین. لەیەک بەرەداو بەیەک ئاڕاستە خەبات بکەن.

٤-هەروەها هەر لەمیانەی ئەم گوتارەوە ئەتوانین لـەوە تێبگەین کـەچۆن شێخ عوبەیدوڵلای نەهری وەک سەرکردەیەکی شـارەزاو لێهاتوو هەوڵـەدات شـوێنی شـۆڕش دیـاری بکـات‌و هەوڵـەدات هـەموو ئـەو هۆکارانـەش بـۆ ئامادەبوان روون بکاتەوە کەبۆچی شۆڕش لەکوردستانی ئێران بەرپا دەکات.

٥-دوابـەدوای گـەیاندنی گشت مەبەست‌و ئامانجـەکانی لەبـەرپاکردنی شۆڕش، وەک کەسێک بڕوای تەواوی بەئازادی کەسـەکان‌و راوێژکـاری هـەبێت مارەبەبەشداربوان دەدات تاهـەر بۆچون‌و دیدێکـی نـوێ‌و جیاوازیـان هەیـە پێشکەشـی بکـەن‌و لـەرێگای داتوسـتاندن‌و گفتوگـۆوە یـەکلایی بکرێتـەوە لەبەرژەوەندی شۆڕشدا.

بەم جۆرە شێخ عوبەیدوڵلا میتۆدێکی نوێی لەخەباتی نەتەوەیی کـورددا هێنایەکایەوە کەیەکەمین هەوڵە بۆ یەکخستنی سیاسەت‌و ئاین، بەشێوەیەک ناکۆکی لەنێوانیاندا نەبێت‌و روی خەباتیش نەتەوەیی‌و دژ بەسـتەم‌و زۆرداری سوڵتان بێت[82].

سەرەڕای ئەمانە، زۆر سیمای پەرەسەندوی تر لەشۆڕش‌و هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵلادا وەک قۆناغێکی نوێ بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لەوەدا کەشێخ لەهەوڵی زەمینەسازیدا بوو بۆ شۆڕش‌و بەپلان‌و قۆناغبەندی کـاری دەکرد،

---

[82] -جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای....، لا ١٥.

ئەوەبوو لەسەرەتاوە لەھەوڵی ڕێکخستن‌و ئاشکراکردنەوەی خێڵە ئاغۆکەکاندا بوو کەئەمەش کارێکی گرنگ بوو بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردو دواتر لەھەوڵە دیپلۆماسییەکاندا بۆ پێك هێنانی پاڵپشتی مەعنەوی کاریگەری زۆری ھەبوو لەسەر دەنگدانەوەی شۆڕش‌و پێشوازی لێکردنی لەلایەن خەڵکی‌یەوە[83].

فراوانی شۆڕش‌و بەشداریکردنی کورد لەھەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان سیمایەکی تری ئەم شۆڕشە بوو، شارەکانی ڕۆژھەڵاتی کوردستان ھەر لەخوی‌و ساوجبلاق (سابلاخ)و ورمێ‌و شنۆ، بونە بنکە بۆ ئامادە کردنی چەك‌و جبەخانە[84]، ھەروەھا نوێنەرانی بنەماڵە ناودارەکانی کورد لەشاری ڕەواندوزو بەدلیس‌و بۆتان‌و... ھتد بەگەرمی‌یەوە بەشداریان کرد[85].

لەبەر ئەوە دەبینین کەشۆڕشی ساڵی (١٨٨٠) زیاتر بووە ھۆی ئەوەی کەبزوتنەوەی نەتەوەیی لەسنوری ناوچەیی تەسك بگوازێتەوە بۆ شۆڕشکردن لەسەر ئاستی کوردستان بەگشتی.

لایەنێکی تری گرنگی ئەم شۆڕشە کەشیاوی سەرنج‌و تێڕامانە بریتی‌یە لەھۆکاری ڕاستەوخۆی بەرپابوونی شۆڕشەکە، کەبریتی بووە لەمادەی (٦١)ی پەیمانی (بەرلین)ی ساڵی (١٨٧٨) کەتیایدا ھاتبوو: "بابیعالی پابەندی ریفۆرمێکی بەپەلەی پێویستییەکانی ناوخۆی ناوچە ئەرمەن نشینەکان دەبێ، کەئاسایشیان لەچەرکەس‌و کورد دەستەبەر بکات. بۆئەمەش بابیعالی پابەندی ئەوە دەبێ: ناوبەناو ئاکامەکانی چۆنیەتی

[83] -لەوتاریکی‌یەوە بۆ...، ل ١٠و دواتر؛ جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية...، ص ١٩٥- ١٩٦.
[84] -جەلیلی جەلیل: ڕاپەڕینی کوردەکان...، ل ٨٢- ٨٣.
[85] -ھەمان سەرچاوە، ل ٨١.

بەرێوەچوونی ئەم ریفۆرمە، بەو دەوڵەتانە رابگەیەنێت، کەچاودێری جێبەجێ کردنەکە دەکەن"[٨٦].

بڵاوبوونـەوەی نـاوەڕۆکی ئـەم پەیماننامـەو بەتایبـەتی بـەندی (٦١) دەنگدانەوەیەکی گەورەو فراوانی هەبوو لەناو کورد دا، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین کەشاعیری کوردو هاوسەردەم بەم پەیماننامەیە (حاجی قادری کۆیی) چەندین پارچە شیعری دەربـارەی ئـەم بـەندەو مەترسـی‌یەکانی لەسـەر کـورد ووتووەو کوردی لێ ئاگادار کردۆتەوە[٨٧].

بەهـەمان شێوە کـاتێك شێخ عوبەیدوڵڵا هەواڵی ئەم رێکەوتننامەیە دەبیستێت، دەڵێت:"هەرگیز مۆڵەتی شتی وانادەم، ئەگەر ناچاریش بم چەك بەژنان هەڵگرم"[٨٨] بەجۆرە کێشەیەکی نەتەوەیی رۆڵی سـەرەکی‌و کاریگـەر دەبینێت لەبەرپابوونی ئەم شۆڕشەدا.

لەروانگەی ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد، نەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزمی کوردی بەشۆڕشـەکەی شێخ عوبـەیدوڵڵای تـەمری رچەشـکێنی دەسـت پـێ کـرد و لەچوارچێوەیـەکی ئـایدۆلۆژی*دا ئاراسـتەی خـۆی وەرگـرت‌و لـەم قۆناغـەدا (نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە) زیاتر خەملینی پێوە دەرکـەوت‌و شـێلگیرانە داکۆکی لەخواستی هاوچارەنوسی لـەنێوان تاکـەکانی نەتـەوەی کـورددا لەکوردستان دروست بووبوو، بەمەش بنەمایـەکی جەماوەری بۆشۆڕشـە کـە

[٨٦] -محەمەد حەمەباقی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا....، ل ٨٩؛ رۆبەرت ئۆلسن: راپەڕینی شێخ سەعیدی...، ل ٢١.

[٨٧] -محەمەد حەمەباقی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا....، ل ٩٦و دواتر.

[٨٨] -لەتاریکی‌یەوە بۆ....، ل ١٣.

*ئایدۆلۆژیا: سـستەمێکی فیکریـە لـەچوارچێوەی ئامـانجێکی کـرداری‌و دیـاریکراوی تایبەت بەگرۆهێکی کۆمەڵایەتی خۆی بەرجەستە دەکات‌و کۆمـەڵێك تیـۆروانین‌و دیدگـای لەخۆگرتووە بەرامبەر جیهان‌و ژیان‌و کۆمـەڵگا، کەئەشێت بکرێتە بناغە بۆ کارێکی بەکۆمەڵ.

پێکهاتبوو. هاوکات لەگەڵ ئەمە پێویستە ئاماژە بۆ هەوڵێکی تری کورد بکرێت لەبواری نەتەوەیی‌دا کە (مەریوان وریا قانع) ناسیۆنالیزمی دوور مەودای بۆ بەکار دەهێنێت، ئەمەش خۆی لە هەوڵەکانی ئەو ڕۆشنبیرە کوردانە دەبینێتەوە کە لەدواسالأنی دەوڵەتی عوسمانی‌و نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا هەبووە[89].

لەوانە ((حاجی قادری کۆیی ١٨١٧_ ١٨٩٧))، حاجی کاتێك ڕوو دەکاتە مەنفاو ڕووەو پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی (ئەستانبول) کۆچ دەکات بەهەمان گوزارشتی (مەسعود محمد) دەکەوێتە کوردایەتی کردن، ولەوێ تێکەڵ بە بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەبێت کە ڕۆڵێکی مێژوویی‌و بەرچاویان گێراوە لەخەباتی نەتەوەیی کورددا، لەبەر ئەوە (مەسعود محمد) پێی وایە کە ناسیۆنالیزمی کوردی لەحاجی‌یەوە زیاتر خۆی بەرجەستە دەکات وەك لەپێشتر دەنوسێت ((... دەبێ جیاوازی میانی هەوڵ‌و تەقەللای ئەمیرێکە بۆ گەیشتن بەدەسەلات ڕوون کەینەوە لەگەڵ باوەڕهێنانی خاوەن بیرێکە وەیا زوورەی گەل بەفەلسەفەیەکی تایبەتی سیاسی، بەلأم باس لێکردنی ئەو مەوزوعانە بەڕادەی لێوەشانەوەیان‌و پاککردنەوەیان لەعاتیفەکاری چەندین فرسەخ بەولای باسی حاجی قادرمانەوە دەبا))[90].

هەروەها دراتر دەنوسێت ((بەقەدەر ئەوە باران کاریگەری لەڕوانی گیاو گوڵ هەیە، پەیدابوونی سەرەتای هەستی نەتەوایەتی لەکوردستانی ژێرودا علاقە دارە لەگەڵ هەڵکەوتنی حاجی قادر...))[91].

ئەمەش دەرئەنجامی کۆچی حاجی‌یە بۆ ئەستەمبوڵ‌و ئاشنابوونیەتی بەچەمکەکانی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە، جگە لەوەی دەبێتە مامۆستای

---

[89] -مەریوان وریا قانع: ناسیۆنالیزمی دوورمەودا، گۆڤاری (ڕەهەند)، ژمارە (٩_١٠)، سالی (٢٠٠٠)ز، ل٥٥.

[90] -مەسعود محمد: حاجی قادری کۆیی، بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٧٤، ل٢٢٤.

[91] -هەمان سەرچاوە، ل٢٢٨.

منداڵەکانی خێزانی بەدرخانییەکان، کە دواتــرو لەسەرەتای سەدەی بیستدا ڕۆڵێکی ئاشکرا لەبزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردیدا دەگێڕن[٩٢].

هەروەها هەر لەم ماوەیەداو لەدەرەوەی کوردستانو بگرە لە ئەورووپا کۆمەڵێکی تری وەك (عــەبدوڵلا جەودەت ١٨٦٩_ ١٩٣٢)و (ئیسحاق ســكوتی ١٨٦٨_١٩٠٢)و (زنــار ســلوپی_ قــەدری جــەمیل_)و (عەبدولرەحمان بەدرخان) لە(ئەورووپاو فەرەنساو سویسراو بەریتانیا) لەچالاکی نەتەوەیی‌و کاری ڕۆژنامەوانیدا بوون کە هەموو ئەمانەو چەندانی تر لەنزیکەوەو بەباشی ئاگاداری ڕۆشنبیری ئەورووپا بوونو لەماناکانی نەتەوەو نەتەوایەتی تێگەیشتبون. دوابەدوای ئەم هەوڵانەو لەکۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو بەتایبەتی لە (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨)دا ڕۆژنامەی کوردستان (کوردســتان) وەك سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی لەسەردەستی کەسایەتی ناوداری کورد (میقداد مەدحەت بەدرخان)[٩٣] لەدایك بوو.[٩٤]

ئەگەر (بەندیکت ئەندەرسون) پێیوایێت کە گەشەکردنی شێوازە نوێیەکانی پەیوەندیکردن، بەتایبەتی لەدایك بوونی ڕۆژنامەو ڕۆمانو چاپەمەنییەکانی تر وەك ئامرازی پەیوەندی کلتووری، ئەو زەمینەیە دەڕەخسێنێت نەتەوە تێیدا وەك پێکهاتێکی هاوبەشو لەیەکچوو وێنا

---

[٩٢] -مەریوان وریا قانع: ناسیۆنالیزمی دووەمەودا، ل٨٠-٨١.

[٩٣] لەبارەی ژیانی بڕوانە (کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی: کۆکردنەوەو پێشەکی: د. کەمال فوئاد، و: بەشە تورکییەکەی: شێرزاد کەریم، پێشەکی: فەرهاد پیرباڵ‌و مەلا بەختیار، چ١، ٢٠٠٠ز، ل٧و دواتر.

[٩٤] -د. کەمال فوئاد: کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (١٨٩٨-١٩٠٢)، بەغداد، ١٩٧٩، د. کەمال مەزهەر: تێگەیشتنی ڕاستی‌و شوێنی لەڕۆژنامەگەری کوردیدا، بەغداد، ١٩٧٨، لل٥٨-٥٩.

بکرێت،[٩٥] ئەوا دەتوانین لێرەوە ڕۆڵو بایەخی لەدایك بوونی ئەم ڕۆژنامەیە (کوردستان) لەخەباتی نەتەوەیی کورددا تێ بگەین.

لەدایك بوونی ڕۆژنامەی (کوردستان)..... لەو سەردەمەدا خواستێکی سروشتیو نەتەوەیی کوردو واقیعی ئەوسای کوردستان بوو، لەبەر ئەوە لەدایك بوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی هەر بەنەتەوەییو بۆ پڕکردنەوەی لایەنێکی تری ناسیۆنالیزمی کورد بوو، هەروەها ئاگر خۆشکەرەو هۆکاری زیادبوونی هۆشیاری نەتەوەییو دروستکەری چرای ڕزگاریخوازی کورد بوو.[٩٦]

لێرەوە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ڕۆڵو بایەخی ڕۆژنامەگەری لەخەباتی نەتەوەیی کوردیدا خۆی ئەخاتە ڕوو و لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ناسیۆنالیزمی کوردی دەباتە قۆناغێکی گەشسەندو تر.

ئەم هەولانەی ڕۆشنبیرانی کورد لەدەرەوەی کوردستانو لەبواری نەتەوەیی کورددا بووە بەهۆی ئەوەی کە (مەریوان)و لەوانەیە چەندانی تریش هەبێ بڕوایان وابێت ناسیۆنالیزمی کوردی لەدەرەوەی کوردستانو لەمەنفادا لەدایك بووە.[٩٧]

بەلام هەرچۆن بێت ئەم بۆچوونە لەگەڵ بۆچوونی ئێمەدا دژ نایەتەوەو پێمان وایە کە ئەم هەولانەش زیاتر تەواوکردنو پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ئەو ناسیۆنالیزمەیە کە لەناو کوردستاندا بووەو بەتایبەتیش کاتێك لەدوای جەنگو پەیماننامەکانو لەسالآنی (١٩٢٥)و دواتر زیاتر هەولەکانو خەباتی ناسیۆنالیستی لەناو شارو هەرێمە کوردییەکاندا چڕ دەبێتەوە.

---

[٩٥]-مەریوان وریاقانع: ناسیۆنالیزمی دورمەودا، لا ٩٩.

[٩٦]-مومتاز حەیدەری: دەوری ڕۆژنامەنوسی کوردی لەپێگەیاندنی هۆشیاری نەتەوەییو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٠)، ١٩٩٨، لا ٢١.

[٩٧]-مەریوان وریا قانع: ناسیۆنالیزمی دورمەودا، لا ٥٥و دواتری.

بەم شێوەیە ناسیۆنالیزمی کوردی قۆناغ بەقۆناغ لەچەند ڕەهەندێکەوەو بەبنەمای جۆراوجۆرەوە بەناوچەو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆدەچێتەو خۆی دەچەسپێنێت، لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشدا، ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر خۆی ڕێك دەخاتەو لەم پێناوەشدا چەندین پارتی سیاسیو ڕێکخراوی پیشەیی تایبەت بە خوێندکارو ئافرەتی کورد پێك دەهێنرێتەو لقەکانیان لەزۆربەی شارەکانی باکوری کوردستاندا دەکرێتەوەو تاکی کوردی لەخۆیان کۆدەکەنەوە.

## سێیەم- ناسیۆنالیزمی کوردی (قۆناغ و بنەماکان)

ناسیۆنالیزمی کوردی وەك پرۆسەیەکی پەرەسەندوی ئاڵۆزوخاوەن مێژوویەکی شپرزە*، وای کردووە ئەتوانرێت بەسانایی ڕووداوەکان پێکەوە گرێ بدرێت، لەبەرئەوە بەشێك لەمێژوونوسانو پسپۆڕانی تایبەت بەمێژووی کوردو بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی لەپێناو کەم کردنەوەی ئەم شپرزەییو ئاڵۆزیە، هەوڵیانداوە کە ئەو قۆناغانە دیاری بکەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی تیایدا گەشەی کردووەو تێی پەڕاندووە، ئەم قۆناغبەندیەش بەپێی جۆری مامەڵەو ئەو سۆنگەیەی ناسیۆنالیزمی کوردی پێی بینیوە گۆڕاوەو هەریەکێکیان لەڕوانگەیەکی تایبەتیو لەبەر ڕۆشنایی چەند ڕەهەندێکی جۆراوجۆری ناسیۆنالیزمی کوردیدا خوێندنەوەی خۆیان پێشکەش کردووە، ئەو خوێندنەوانەش هەندێکیان خوێندنەوەیەکی گشتگیرو وەك یەکەیەکی پێکەوە بەستوو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، هەندێکی تریش لەپارچەیەك لەپارچەکانی کوردستاندا ئەم کارەی ئەنجامداوە. یەکێك لەو مێژوونوسانەی دابەشکاریو قۆناغبەندی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی کردووە (عەزیز شەمزینی)ە وگرنگترین قۆناغەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٨٨٠-١٩٣٩) بەمجۆرە دیاری دەکات:

١-لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی.

---

* ئەم شپرزەییو ئاڵۆزیە کۆمەڵێك فاکتەری خۆییو بابەتی ڕۆڵی تێدا بینیوە.

٢-لەجەنگی یەکەمی جیهانی تاکو جەنگی دووەمی جیهانی[٩٨].

هەروەها (سالم جاسم) مێژووی پەیدابوون و گەشەکردنی نەتەوایەتی لای کورد بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکات:

١-دەست پێ کردنی نەتەوەیی یان قۆناغی خۆ جوداکردنەوەی کورد لەنەتەوەکانی تر، ئەم قۆناغەش لەسەدەی شازدەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی سەدەی نۆزدە.

٢-سەرهەڵدانی رێکخراوی نەتەوەیی کە لەدەرچوونی رۆژنامەی کوردستانەوە دەست پێدەکات و تاکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی دەخایەنێت.

٣-قۆناغی دەست پێکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی[٩٩].

(واسیلی نیکیتین)یش، ناسیۆنالیزمی کوردی لەم ماوەیەدا (١٨٨٠-١٩٣٩) بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکات:

١-قۆناغی زەمانی نافەرمانی و یاغیگەرییەکانی کۆمەلایەتی و شۆرشی خان و دەرەبەگەکان.

٢-قۆناغی گودەتای تورکیای نوێ.

٣-قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی[١٠٠].

بەهەمان شێوە (رۆبەرت ئۆلسن) جیاواز لەم دابەشکاریانەی ئاماژەی بۆکرا، ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ چوار قۆناغ دابەش کردووە:

١-بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵلاو کۆمەڵەی میللەتی کورد.

---

[٩٨] عەزیز شەمزینی: جولانەوەی...، لا٧٣-٧٤.

[٩٩] د. دلێر ئیسماعیل حەقی شارەیس: نەتەوە نەتەوایەتی، هۆکارەکانی لاوازی هۆشیاری نەتەوایەتی لای کوردو دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی، گۆڤاری (زانکۆ)، هەولێر، سالی سێیەم، ژمارە (٧) ١٥ ئەیلولی ١٩٩٩، ل١٢٧.

[١٠٠] واسیلی نیکیتین: کوردو کوردستان، لا٥٥٥-٥٥٦.

٢-نەخشی فەوجی سوارە- ئانیزامیەکانی حەمیدی لە سەردەمی دامەزراندنیان لەساڵی (١٨٩١)تا سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی.

٣-رووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی تا پەیماننامەی سیڤەر (١٠ئابی ١٩٢٠).

٤-کاریگەری رووداوو دەرەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە یاخی بوونی شێخ سەعیددا[101].

سەرەڕای ئەو دابەشکاریو قۆناغبەندییەی ئاماژەی بۆکرا، نەشێت نوسەرانی تر هەبن قۆناغبەندی تریان بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی کردبێت، واتە ئەکرێ جارێکی ترو لەگۆشە نیگایەکی جیاواز لەوانەی ئاماژەیان بۆکرا، ناسیۆنالیزمی کوردی بخوێنرێتەوەو قۆناغبەندی بۆ بکرێت.

هەرلەم سۆنگەیەوە نەشێت جارێکی ترو بەشێوازێکی دیکە ناسیۆنالیزمی کوردی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٨٨٠-١٩٣٩) بۆ دوو قۆناغ دابەش بکەین:

قۆناغی یەکەم/ ناسیۆنالیزمی کوردی پێش مۆرکردنی پەیمانی لۆزان‌و رەتکردنەوەی (خەلافەتی ئیسلامی)* کەلەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە تاکو رەتکردنەوەی خەلافەت (١٩٢٤) دەخایەنێت.

قۆناغی دووەم/ ناسیۆنالیزمی کوردی پاش مۆرکردنی پەیمانی لۆزان‌و رەتکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی، کە لەرەتکردنەوەی خەلافەت تاوەکو سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی دەخایەنێت.

---

[101] رۆبەرت ئۆلسن: راپەڕینی شێخ سەعیدی...، ل١٦٧.

* مەبەست بە خەلافەتی ئیسلامی، ئەو دەسەڵات‌و هێزە مەعنەوییەیە کە دەوڵەتی عوسمانی‌و سوڵتان لە پێناو مل کەچ کردنی زۆرینەی نەتەوە ژێردەستەکانیان، وەك ئوێنەری ئیسلام بەخۆیان دەبەخشی‌و شەرعیەتیان بەکارە زۆرداری‌و چەوسێنەرەکانیان دەدا.

هەروەها ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٢-١٩٢٤) وەك قۆناغێکی گۆڕەرەوە لە قەڵەم نەدەین کە ناسیۆنالیزمی کوردی لەڕووی بنەماو خواستو شێوازی خەباتو مامەڵە کردنەوە، تەنانەت پێکهاتەو شکڵبەندی خودی ناسیۆنالیزمی کوردی گۆڕانکاری تێدا هاتە بوون.

لەبەرئەوە، ئەگەر سەرنجی ناسیۆنالیزمی کوردی بدەین لەم دوو قۆناغەدا، ئەتوانین جیاوازیەکی زۆربەدی بکەینو دوو ڕێنەمان لەلا گەڵاڵە ببێت کە ڕێنەی قۆناغی یەکەم تاڕادەیەکی زۆر میانەڕەو وسازشکارە لەبەرامبەر نەیارانیدا، بەڵام ڕێنەی دووەم زیاتر هەڵوێستێکی توندو ڕەقمان پیشان دەدات، ئەمەش دەرەنجامی گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەو دروست بوونی چەند کیانێکی سیاسیو ڕەتکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی بوو لە (٣ی ئازاری ١٩٢٤)دا[١٠٢]، کە هەموو ئەم گۆڕانکاریانە کاریگەری دیارو ڕاستەوخۆیان هەبوو لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی.

گرنگترین ئەو ڕەهەندانەی بوونەتە هۆی ئەم دابەشکاریە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی لە چوارچێوەی ڕەهەندە سیاسیو ئایینیەکانەوە سەرچاوە دەگرێتو زۆرتر مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە سیاسیە کراوە کە ناسیۆنالیزمی پێدا تێپەڕ بووە، هاوکات لایەنی ئایینی کۆمەڵگەی کوردیو پابەندی کورد بە ئاینێکی ئنتەرناسیۆنالی وەك (ئیسلام) لە کوێی ناسیۆنالیزمو چۆن کاریگەری لە سەر دیاریکردنی جۆری مامەڵەی ئەم ناسیۆنالیزمە بووە لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا.

لەم دیدگایەوە کاتێك ئاماژە بۆ ڕەهەندی سیاسی دەکەین دەگەڕێینەوە بۆ پەیمانی لۆزان، سەرەڕای ئەوەی کە پەیمانی سیڤەر لەڕوی ناوەڕۆكو بەندەکانیەوە ئەو خەونانەی نەدەهێنایە دی کە چاوەڕوانی لێدەکرا*، بەڵام

[١٠٢] أبراهيم خليل أحمد وآخرون: تركيا المعاصر، ص٤١.

* لەبەشی یەکەمدا ئەم لایەنەمان ڕوون کردۆتەوە. (بڕوانە لاپەڕە).

لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری ئەم پەیمانە لەڕووی مەعنەویەوە لە سەر کورد زۆربوو.

لەبەرئەوە دەبینین لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەم پەیمانەو مۆرکردنی پەیمانی لۆزان، کاردانەوەیەکی خێراو توندوتیژ لە کوردستان سەرهەڵدەدات[١٠٣]، بەمەش چالاکیە نەتەوەییەکان دەستیان پێکردەوەو بۆ گەیشتن بەمافەکانیان جگە لەپەنابردنە بەر چەکو جبەخانە ڕێگاو میکانیزمێکی تر لەبەردەمدا نەمابوو[١٠٤]، (جەمال نەبەز)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((پاش ئەو نائومێدیو هیواڕووخانە، ڕۆشنبیرانو سەردارانی کورد کەوتنە خۆ، بەوهیوایەی بەزۆرو لەڕێگەی ڕاپەڕینی چەکدارانەوە مافی خوراوی میللەت بەدەست بهێنن))[١٠٥].

بەهەمان شێوە (جەلیلی جەلیل) دەڵێت: ((دوای ئەوەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان کوردستانیان دابەشکردو لە سەر زەوی جارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دوو ژێرماندانیان، عیراقو سوریا، دامەزراند، باروزروفی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕاو بزوتنەوەی کوردایەتیش کەوتە قۆناغێکی تازەی تێکۆشانەوە))[١٠٦].

بەمجۆرە، لەڕووی سیاسیەوە، لەبارربردنی خواستە نەتەوەییەکانی کوردلە پەیمانی لۆزاندا، فاکتەرێکی سەرەکیو پاڵنەرێکی کاریگەرو ڕاستەوخۆ بوو بۆ گواستنەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر کە زیاتر ڕەهەندی چەکداری وەرگرتو لە بەرپاکردنی زنجیرەیەک شۆڕشدا خۆی بەرجەست کرد کە بەشێوەیەکی گشتیو سەرەتا لەبەشی باکوردا دواتر ڕۆژهەڵاتو پاشان باشوری کوردستانی گرتەوە[١٠٧].

---

[١٠٣] صلاح الدين محمد سعداللة: كردستان و الحركة الوطنية...، ص٢٥.

[١٠٤] رۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی...، ل٢٢٧.

[١٠٥] جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی، ر: کوردۆ، ١٩٨٥، لل ٩٨-٩٩.

[١٠٦] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، ل١٧٤.

[١٠٧] جةليلى جةليل وآخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ص١٥٦.

دوابەدوای مۆرکردنی پەیمانی لۆزان‌و لەباربردنی خواست‌و هیواکانی نەتەوەی کورد، (مستەفا کەمال ئەتاتورك) رەتکردنەوەی خەلافەتی لە (٣)ی مارسی سالی (١٩٢٤)دا راگەیاند، رەتکردنەوەی خەلافەت لەرووی کاریگەرییەوە لەسەر رەوتی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو تاکی کورد، لەکاریگەری پەیمانی لۆزان کەمتر نەبوو، چونکە ئیسلام وەك ئەو دینەی لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیەوە هاتۆتە کوردستان، بەتێپەڕبوونی کات ئاوێتەی فەرهەنگ‌و شارستانی‌و کەسێتی‌و نەریتە کۆمەلایەتیەکانی کورد بووە، بەشێوازێك مێژوویەکی هاوبەش‌و ئاوێتەیان بنیاتناوە، لەبەرئەوە دەبینین هەمیشە (خەلیفە) سومبولی پیرۆزی‌و نوێنەری خواو پێغەمبەر بووە لەلای تاکی کوردی‌و لەئاستی جۆراوجۆردا، بەجۆرێك خەلیفە هەموو کارێکی لەخواوە سەرچاوە دەگرێت‌و بۆ خوایە، ئەم چەمکە بەجۆرێك لە تێگەیشتن‌و بیرکردنەوەی تاکی کوردیدا رەگی داکوتابوو کە کەمکردنەوەی پیرۆزیەکەی کارێکی ئەستەم بوو، تەنانەت لە کۆتایی تەمەنی خەلافەتی عوسمانیداو دوای رەتکردنەوەی کۆمەلێك لەناو کورد فرمێسکی بەخوڕیان بۆ سولتان‌و خەلیفەی عوسمانی دەڕشت.

ئەم راستیە زیاتر لەو رووداوەدا روون دەبێتەوە کە بەسەر گەڕۆکی بەناوبانگ (حەسەن عەرەفە) هاتووە کاتێك بەناوخێل‌و عەشیرەتە کوردەکاندا گەڕاوە لە سالانی (١٩٢٢)داو کاتێك یەکێك لەسەرۆك خێلەکان پرسیاری لێ دەکات بۆ ئەوەی بزانێت کێ ئەکرێ بە سولتان، حەسەن عەرەفە لەوەلامدا ئەلێت: سولتان‌و خەلافەت نەماوەو ولات بووە بە (جمهوری) کۆماری... حەسەن عەرەفە ئەلێت هەرچەندم کرد نەمتوانی بیخەمە مێشکیانەوە جمهوریەت چیەو مانای چیە؟ لە کۆتاییدا وتیان هەرچۆنێك بێت ولات بەبێ سولتان نابێت‌و ناتوانێت بژی، بێگومان سولتان لای کورد رەمزی پارێزگاری ئیسلام بووە لای ئەوان‌و مادام ئیسلام ماوە ئیتر ئەبوایە سولتانیش هەر هەبێ کە خەلیفەو نوێنەری ئیسلام بووە[١٠٨].

---

[١٠٨] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان‌و...، ب١، ل٢٥١.

لەبەرئەوە دەبینین نەرمیو ساردییەك لەخەباتی کوردیداو لەسەردەمی خەلافەتو خەلیفەدا هەیەو زۆرجار خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتە کە مۆرکێکی ئایینی پۆشیبوو سازشی لێ دەکراو پاشەکشەی لێدەکرا، چونکە هەڵگەڕانەوەو دژایەتی خەلافەت بەتاوان سەیر دەکراو ئەمەش مەترسی بۆ دوارۆژی تاکەکان دروست دەکردو خواستە نەتەوەییەکانی بیردەبردەوەو سۆزە ئایینەیەکەی بەسەردا زاڵ دەکردن، بەڵام هەر ئەو رۆژەی خەلافەت هەڵوەشایەوە، بەیەك بڕیار گشت قوتابخانەو کۆڕوکۆمەڵو چاپەمەنییە کوردیەکان، هاوکات لەگەڵ بنکەو قوتابخانە ئایینییەکانو تەکیو خانەقاکان، قەدەغە کرانو ئەمەش بووە هۆی لێك داپچڕاندنی یەکجارەکی کوردو کەمالیستەکان[109].

لێکداپچڕاندن بەمانای ئەمانی ئەو هەستو سۆزەی بۆ خەلافەتو سوڵتانی عوسمانی هەبوو، کە تورکەکان پێشتر بەهۆیەوە تاکی کوردییان پێ تەفرەداو لەگەڵ ئەرمەنو ئاسوری بەشەڕیان ئەدان[110] لەئامانجو مەبەستەکانی خۆیان دوریان دەخستنەوەو ئاراستەی شۆڕشەکانیان ئەگۆڕی.

(عەبدول عەزیز یامولکی) لەم بارەیەوە دەنوسێت: ((ئەو کوردانەی کە دەورانی خەلافەتی عوسمانی شوێنو پایەیەکی لایەقیان هەبوو وخزمەتێکی گەورەی حکومەتی عوسمانیان کردبوو وچەندین پیاوی گەورەیان پێگەیاندبوو، ئەمڕۆ لەدەورانی ئەم کۆمارە عەلمانیەدا بە گەورەترینو گرنگترین دوژمنی تورکایەتی دەژمێردرێن))[111].

---

[109] کەندالو قاسملو: گەلێکی بەژموردەو...، ل١٣٥٦.

[110] جلیلی جلیل وآخرون: الحركة الكردية في...، ص١٠٥.

[111] عەبدول عەزیز یامولکی: کوردستانو راپەڕینەکانی کورد، و: لە تورکیەوە: شێرزاد کەریم، ئاسدیق سالح، چ١، سلیمانی، ١٩٩٩، ل٧٣.

هەروەها (مەعروف چیاووك)یش باس لەکاریگەری ئایین دەکات، کاتێك ئاماژە بۆ وازهێنانی تورکەکان دەکات لەدین و لەوێوە بەرپابوونی شۆڕشە کوردیەکان ڕێنە دەکات[١١٢].

بەهەمان شێوەو هەرلەم بوارەدا (کارل بروکلمان) دەنوسێت: ((... بەڵام ئێستا، دوای جیابوونەوەی کوردەکانی باکور لەعیراکانیان لە ناوچەی موسڵ، زیاتر هەست و ئارەزووی سەربەخۆیی نیشتمانیان هەیەو رزگاربوون لەدەسەڵاتی تورکی بووە بەهیوایەك لە ناخیاندا...))[١١٣].

لەوەی ئاماژەی بۆکرا دەردەکەوێت کە رەتکردنەوەی خەلافەت، وەك ئەو هێزە مەعنەویە کاریگەرە لەهەست و نەستی کورددا فاکتەرێك بووە شان بەشانی فاکتەرەکانی تری گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی، چونکە ئیتر ئەو سومبولە پیرۆزەی پێی دەوترا (خەلیفە یان خەلافەت) لەلای تاکی کوردی بوونی نەما، لەبەرئەوە رازی بوون و تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەو کۆمارە عەلمانیەی ئەتاتورك دایمەزراند لەلایەن خەڵکی کوردەوە کارێکی سەخت و دژواربوو[١١٤].

لێرەوە ئەگەر سەرنجێکی رووداوەکانی ئەم ماوەیە بدەین (رەتکردنەوەی پەیمانی سیڤەرو خەلافەت) دەتوانرێت وەك خاڵێکی وەرچەرخان و قۆناغێکی ناوەندی و گوێزەرەوە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەر قۆناغێکدا خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی کە لەقۆناغێکی تری جیادەکاتەوە.

---

[١١٢] چیاووك الکردي (م. ع. أ): القضیة الکردیة، بغداد، ١٩٢٥، ص١٠٦ و مابعدها.

[١١٣] کارول بروکلمان: تأریخ الشعوب الاسلامیة، ص٦٩٧.

[١١٤] بڕوانە لۆمبۆرن: کورد گەلێکی بێ وڵات، و: لە سویدییەوە: ئەحمەد شاکەلی، ستۆکهۆلم، ١٩٩٤، ل٢٠٧.

## قۆناغی یەکەم: ناسیۆنالیزمی کوردی پێش مۆرکردنی پەیمانی لۆزان و ڕەتکردنەوەی خەلافەت

ئەم قۆناغە هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهری (١٨٨٠-١٨٨١) دەست پێدەکات تا ڕەتکردنەوەی خەلافەت لەساڵی (١٩٢٤) کۆتایی پێدێت.

ئەگەر سەیری مێژووی کوردو ڕوداوو گۆڕانکاریەکانی بکەین دەبینین کۆمەڵێك گۆڕانی کاریگەری تێدا هاتۆتە بوون کە هەریەکەیان کەم تا زۆر کاری کردۆتە سەر پەرەسەندن و گۆڕانی شکڵبەندی ناسیۆنالیزمی کوردی لەبەرئەوە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی ئەو کاریگەریانەو پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم قۆناغەدا، بەچەند قۆناغێکی تر ئاماژە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەین.

**١-شۆڕشی شێخ عوبەیدوللای نەهری (١٨٨٠-١٨٨١)ز وەك سەرەتا:**

لەم قۆناغەدا، بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەوێتە پێڕەوگەو لەشێوەی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی هاوچەرخدا خۆی دەنوێنێ و گەشە و نما دەکات، لەم قۆناغەدا زۆر ڕێبازو هێزی سیاسی پەیدابوون (خەباتی چەکداری یەکگرتوو کاری دیبلۆماسی)و ڕۆژنامەگەری کوردی چاوی هەڵهێنا، لە ئەنجامی گۆڕانکاری باری کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد، توێژاڵی ئینتلجنسیای کورد پەیدابوو [١١٥].

لەتەوەری دووەمی ئەم بەشەدا لەکاتی باسکردن لە شۆڕش و هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوللای نەهری، زۆرلایەنی گەشەسەندوی نەتەوەیی ئەم شۆڕشەمان خستە بەرچاو [١١٦].

بە تێڕوانینێکی بابەتیانە بۆ هەوڵەکانی شێخ لەم قۆناغەدا ئەتوانرێت بیری سیاسی بزوتنەوەی کورد بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەدی بکرێت [١١٧]،

---

[١١٥] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، ل١٧٥.

[١١٦] بڕوانە لاپەڕە (٦٠)و دواتری ئەم لێکۆڵینەوەیە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەئەم شۆڕشە خەسڵەتێکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە جیاواز لە شۆڕشەکانی پێش خۆی، ئەم خەسڵەتەش بریتی‌بوو لەهەوڵدانی سەرکردەکانی شۆڕش بۆ ئەوەی دسپیلینی شۆڕشەکە بکەن، ئەمەش لایەنێکی پەرەسەندوی ئەم شۆڕشەمان بۆ دەسەلمێنێت‌و خاڵێکی سەرەکیە بۆ جیاکردنەوەی ئەم شۆڕشە لە شۆڕشەکانی پێشتر، چونکە ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی لەبزوتنەوەیەکی شپرزەو بێسەروبەرەوە بگۆڕن بۆ شۆڕشێکی خاوەن دسپلین‌و بەرنامە بۆ داڕێژراوو رێك‌وپێك، ئەمەش زیاتر لەهەوڵەکانی (شێخ عەبدولقادر)ی کوڕی شێخ عوبەیدوڵلادا دەردەکەوێت کەلەکاتی بەرەو پێشەوەچونی شۆڕشگێڕان‌و ئازادکردنی هەرناوچەیەك، هەوڵەکانی خستبووەگەڕ بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی سەروماڵی خەڵکی، هەڵئەستا بەدیاریکردنی چەند فەرمانڕەوایەکی کوردی بۆ پاراستنی یاساو ئاسایشی وڵات‌و بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو ناوچانەی کەوتبونە ژێردەستی شۆڕشگێڕان.[118]

هەرچۆنێك بێت شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای ئەهری لەئەنجامی ئەوەی مەترسیەکی زۆری بۆ سەر بەرژەوەندی وڵاتانی داگیرکەرو ئیمپریالیست هەبوو لە ناوچەکەدا، بەهاوکاری‌و تەبایی نێوان داگیرکەران (دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێرانی)و ئیمپریالیزمی بەریتانی‌و روسیای تەزاری شکستی پێهێنراو کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆیش ئەم شکستەی مسۆگەرتر کرد.[119]

---

(117) جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، ل١٥٧.

(118) جليلي جليل وآخرون: الحركة الكردية في.. ص٣٧.

(119) بڕوانە: لەتاریکی بۆ روناکی (کۆمەڵێك بەڵگەنامەیە)، و: جەمال میرزا عەزیز..؛ ساڵح محمد ئەمین: کوردو عەجەم، ل١٩١؛ محمد حمە باقی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا...، ل٢٦٥و دواتر.

دوابەدوای ئەم روداوانەو لەئەنجامی فراوان بوونی هزرو بیری ئەو لاوانەی لە خوێندنگەکانی ئەستەمبوڵ و بەغداد دەیانخوێند[120] بیری ئازادیو سەربەخۆیی نەتەوەییو نیشتمانیان لەلازیاتر بوو، هاوکات بیری پێکهێنانی رێکخراوی رامیاریو جەماوەری لەلایەن ئەو خوێندکارانەی لەوڵاتە پێشکەوتوەکانی ئەوروپا دەیانخوێند، هێنرایە کوردستانو ئینتلجنسیای کوردی لەشێوازێکی نوێو هاوچەرخداو لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەریان هەڵدا کەتارادەیەك ئەوەی چینی ئۆرستۆکرات بوون، دەرەنجام وەك رۆشنبیری نەتەوەکانی تر روویان لەچاپو چاپەمەنیو رێکخستنی کۆمەڵەو پارتی نهێنیو ئاشکراکرد.[121]

دیارترین ئەو کەسانەی لەم مەیدانەدا رۆڵی بینی (عەبدوللا جەودەت ١٨٦٩-١٩٣٢)[122] و (ئیسحاق سکوتی ١٨٦٨-١٩٠٢) بوون، کە وەك پێشڕەوانی رۆژنامەگەری بەشێوەیەکی گشتی لە (کانونی یەکەمی ١٨٩٧) لە (ژنێف) رۆژنامەیەکیان بەناوی (عشانلی Osmanli) بەزمانی تورکی عوسمانلیو فەرەنسی بلاوکردۆتەوە[123].

هەروەها دواترو لە (٢٢)ی نیسانی ساڵی (١٨٩٧)دا (میقداد مەدحەت بەدرخان) توانی یەکەمین رۆژنامەی کوردیو بەزمانی کوردیو بەناوی (کوردستان) بلاو بکاتەوەو دەربکات[124].

---

[120] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، لا١٨و دواتر.

[121] واسیلی نیکتین: کوردو کوردستان، لالا٢٠-٢١.

[122] لەبارەی ژیانو چالاکی بڕوانە: (مالمسیانژ: القومیة الکردیةو د. عبدالله جودت...، ص٩ ومابعدها)؛ د. جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چ١، سلێمانی، ١٩٩٩، لا٤٠و دواتر.

[123] د. کەمال فوئاد (کۆکردنەوە): کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، پێشەکی: د. فەرهاد پیربالو مەلا بەختیار، لالا ٧-٨.

[124] هەمان سەرچاوەو لاپەرە.

بەمجۆرە، لەبەشی یەکەمی قۆناغی یەکەمی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، تێبینی ئەوە دەکرێت کە ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەوڵی داکوتانی پێگەی خۆیدابووە لە کوردستانداو هەوڵی ئەوەی داوەکە بە شێوازێکی هاوچەرخ گوزارشت لە کێشەی نەتەوەیی کورد بکاتو چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی بۆ خۆی بنیاد بنێتو سروشتێکی جەماوەری بەخۆی بداتو بۆئەمەش گوتاری رۆژنامەگەری وەك میکانیزمێك دەخاتە پاڵ میکانیزمی خەباتی دیبلۆماسیو سەربازیو لەخودی ئەو خەباتەشدا هەوڵئەدات پێکهاتو شکڵبەندییەکەی بگۆڕێتو پەرەی پێبدات لەوەدا کە لەگەڵ تاکی کوردیدا مامەڵە دەکاتو لە سەر بنەمای لەیەك گەیشتنو داتوستاندن بۆ جەم بوونەوەی هەموو هێزەکان لەپێناو مەبەستێکی دیاریکراودا ئەمەش بە پەیڕەوکردنی ئازادی گوزارشتدان لە بۆچونی کەسیو تایبەتی، جیاواز لەوەی کە تاکی کوردی هەست بکات وەك مسکێنێكو کارێکی بێکار کە لەلایەن ئاغایان دەرەبەگێکەوە پێی سپێردراوەو دەبێت ئەنجامی بدات.

ئەم پەرەسەندنو بەرەوپێش چونەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم قۆناغەدا بەردەوام بووە، ئەم لایەنەش لەبەشی دووەمی ئەم قۆناغەدا زیاتر رون دەبێتەوە.

**٢-شۆڕشی دەستوریخوازی (مەشروتە)ی ئێران (١٩٠٥-١٩١١)و کودەتای (١٩٠٨-١٩٠٩)ی تورکانی لاو لەتورکیا:[١٢٥]**

لەم قۆناغەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا و لە دەرەنجامی پەرەسەندنی لایەنی کۆمەلایەتیو سیاسی ناوچەکە، لەگرێی یەکەمی سەدەی بیستدا؛ بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی دوای ئەوەی لەرووی میکانیزمی خەباتەوە توانی رۆژنامەگەریو کاری بلاوکردنەوەو پەخش بخاتە خزمەتی ئامانجو خواستە نەتەوەییەکانی، لە دەرەنجامی کودەتای (١٩٠٨)ی تورکانی لاو، قۆناغێکی نوێ سەری هەڵدا کە قۆناغی پێك هێنانی پارتو رێکخراوی رۆشنبیری

(١٢٥) دەربارەی ئەم شۆڕشانە بڕوانە اورخان محمد علی، ص ٢٧٠.

سیاسی دەستی پێکردو هاوشانی نەتەوەکانی تر لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی کەوتنە خەبات و تێکۆشان[١٢٦].

لەبەرئەوە ئەگەر سەیری باروودۆخی ناوچەکە بکەین دوای ئەم گۆڕانکاریانە دەرفەتێکی سیاسی باش لەئارادا بوو بۆ ئەوەی کوردیش وەك نەتەوەکانی تر بێتە مەیدانی کارو توانی چەند ڕێکخراوێکی سەرەتا رۆشنبیری و دواتر سیاسی دروست بکات، لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٠٠-١٩١٤)دا چەندین کۆمەڵەو پارتی جۆراوجۆر دروست کران، لەوانە کۆمەڵەی عەزمی قەوی کوردستان (کردستان عزمي قوي جمعيتي) کە لەسالی (١٩٠٠) دامەزراوە، هەروەها کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد (کرد تعاون ترقی جمعیتی) لە (١٩٠٨) و (کۆمەڵەی هێڤی) کە بەشێك لە خوێندکاران دایانمەزراند[١٢٧].

لەڕێگای ئەم پارت و ڕێکخراوانەوە هەوڵئەدرا کار لە سەر کۆمەڵگەی کوردی بکرێت و چەندین یانەی جۆراوجۆر لە ناوچە کوردییەکان دروستکران[١٢٨]، گرنگی و بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و وەرگێڕانی پەرتوك و چاپکردن و دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامە بەزمانی کوردی و تورکی لەم قۆناغەدا زیاتر گەشەی سەند[١٢٩].

لەم قۆناغەدا توێژاڵی ئینتلجنسیای کوردی داینەمۆی بەگەڕخستنی ئەم پارت و ڕێکخراوانە بوون و پێشەنگی کارە ژیاری و شارستانیەکانی ئەو

---

[١٢٦] جلال الطالباني: کردستان والحركة القومية...، ص٩٢.

[١٢٧] فيصل دباغ: أضواء على كتاب (الجمعيات والمنظمات...)، ص١٣ ومابعدها؛ جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی...، ل٩٤٧؛ زنارسلوپی: في سبيل كردستان...، ص١٣ ومابعدها؛ ماليساند: القومية الكردية ود. عبداللة جودت...، ص٢٧ و مابعدها.

[١٢٨] علياوەيی: کردستان في عهد الدولة...، ص١٨.

[١٢٩] د. عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات...، ص٢٧.

سەردەمە بوون[١٣٠] . لەم قۆناغەدا چینەکانی کۆمەڵگەی کوردی وردە وردە ڕووەو خەمڵێن ئاراستەی وەرگرت‌و ئەم سەرەتایەش بەدروست بوونی ڕێکخراوی (هێڤی) وەك ڕێکخراوێکی تایبەت بەو کۆمەڵە خوێندکارەی وەك دەستەی دامەزرێنەر ڕۆڵی خۆیان تێدابینی لەساڵی (١٩١٢)دا زیاتر ڕوون دەبێتەوەو دەردەکەوێت[١٣١] . هەر لەم ماوەیەدا کاری ڕۆژنامەگەری زیاتر پەرە دەسێنێت‌و لەپشتێنەیەکی فراوانتردا کاری لەسەر دەکرێت، چەندین ڕۆژنامەی وەك (کورد تعاون ترقی غزتەسی- ڕۆژی کورد- هەتاوی کورد... هتد) لەلایەن پارت‌و ڕێکخراوو کەسایەتیە کوردیەکانەوە دەردەکران، کەبەشێك لەو بلاوکراوانە ئۆرگانی فەرمی (ڕەسمی)و زمانحاڵی پارت‌و ڕێکخراوەکان بوون‌و تیایدا ئامانج‌و مەبەستەکانی ڕێکخراوو پارتەکانی تیادا ڕوون دەکرایەوەو بەخوێنەرو خەڵك دەناسێنران، بۆ نمونە لەیەکێك لەژمارەکانی ڕۆژنامەی (کورد تعاون ترقی غزتەسی)دا وتارێك لەلایەن خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامە (پیرەمێردی شاعیر) بەناوی (مەقسودی کردنەوەی جمعیەت)ەوە بلاوکراوەتەوەو دەڵێت: "جمعیەتی ئێمە نیزامنامەی بۆ هەموو تەرەفێ ناردووە، وەکو لەوەدا (نیزامنامە) هاتووە: حوکمی قانونی ئەساسی کە لەگەڵ شەریعەتدارێ دەکەوێ، محافزە بکەین. ئەوەی لازمە بۆ تەرەقی قەومی نەجیبی کورد هەمووی ڕێك بخەین: مەعاریفیان، حاڵ خۆشیان، ڕێکەوتنی نێوخۆیان، ئاشت بوونەوە لەگەڵ هاووەتەنیان بەخسوس

---

[١٣٠] بلەج شێرکۆ: کێشەی مێژینەو ئێستای کورد، و: محمد حمە باقی، چ٣ ، کوردستانی عیراق، ١٩٩٢، لا٥٠و دواتر؛ زنارسلوبی: في سبیل کردستان...، ص ٢٦-٢٧.

[١٣١] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیما...، لا٨٢و دواتر، بلەج شێرکۆ: کێشەی مێژینەو...، لا٥١؛ ڕۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی...، لا٣٤- ٣٥؛ زنارسلوبی: في سبیل...، ص ٢٧- ٢٨.

لەگەڵ ئەرمەنیان، بێنینە جێ.........، هیچ میللەتێ خۆی لەمیللەتێکی تر چاتر ڕانەگرێ..."[132].

ئەم خەباتە هەر کوردستانی عوسمانی نەگرتبۆوە، بەڵکو لەکوردستانی ئێرانیش بەهەمان شێوە لەدوای شۆڕشی مەشروتە (١٩٠٥- ١٩١١)ز. بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی لەسەر دەستی عەبدولڕەزاق بەدرخان و سمکۆ، ڕەوتێکی هاوچەرخانەی گرتە بەرو لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسی و هۆشی نەتەوەیی تاکی کوردی تێدەکۆشان، سەرەتاو لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩١٢- ١٩١٣)ز کۆمەڵەیەکیان بەناوی (جیهانداند- گیهاندن) لەشاری (خوی) دامەزراند[133]، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە بڵاو کردنەوەی خوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانەو دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار بوو بەزمانی کوردی[134].

ئەم کۆمەڵەیە توانی لە(٢٤/١٠/١٩١٣)دا خوێندنگایەك لەشاری (خوی) بکاتەوەو ئاهەنگێکی گەورە بۆ کردنەوەی ئەم خوێندنگایە ساز بکات، ژمارەی یەکەم دەستەی ئەم خوێندنگایە (٢٩) خوێندکار بوو[135].

هاوکات لەگەڵ ئەم خەباتەدا، بزاڤی نەتەوەیی و نیشتمانی لەدەرەنجامی سیاسەتی تورکەکان لەچوارچێوەی خەباتی چەکداریدا ئاراستەی وەرگرت، لەباشووری کوردستان لە(تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٩) لەناوچەی

---

(132) Malmisanij U Mahmud Lewandi: Likurdistana bakuru li Tirkiye ROJNAME GERIYA KURDI (1908- 1992), Cilt2, Ankara, 1992, La 35.

(133) کمال مظهر: کردستان في سنوات الحرب...، ص ١٠٠- ١٠١؛ محمد ڕەسوڵ هاوار: سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاك) و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥، ل١٥٢.

(134) هاوار: سمکۆ، ل ١٥٢- ١٥٣.

(135) فیصل الدباغ: أضواء على كتاب...، ص ١١١- ١١٣.

(بادینان) بەسەرۆکایەتی (شێخ عەبدولسەلام بارزانی ڕاپەڕینێك بەرپابوو کەهەڵگری کۆمەڵێك خواستی نیشتمانی بوو و داوای چاکسازی دەکرد لەڕوی بەڕێوە بردنو ئابوری‌و سیاسی لەناوچەکانی بادیناندا[١٣٦].

لێرەوە لەئەنجامی جۆراو جۆر بوونی میکانیزمەکانی خەباتو فراوانبوونی ئەم خەباتەو هاتنەریزی ژمارەیەکی زۆری تاکی کوردی؛ گۆڕانێکی جۆری لەناسیۆنالیزمی کوردیدا هێنایە بوون، کەوایکرد لەسەر هەردوو ئاستی ستونی‌و ئاسۆیی لەگەشەکردندا بێت، هەروەها زیاتر سیماو بەرگی ئایدیۆلۆژی بوون لەم خەباتەدا خۆی ئەنواند.

بەم شێوەیە، لەبەشی دووەمی قۆناغی یەکەمی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بزاڤێکی ڕۆشنبیری‌و سیاسی هاوچەرخ سەر هەڵدەدات، ئەتوانین وەك شۆڕشێکی ڕۆشنبیری ناوی ببەین کە لەمیانەیدا دەیان هەوڵی پڕ بایەخ‌و گرنگ ئەنجام دراوە بۆ گەشەپێدانی زمان‌و ئەدەبی کوردی‌و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەناو منداڵان‌و گەنجانی کوردو دارشتنەوەو زیندوکردنەوەی نەریت‌و هەستی نەتەوەیی‌و دروست کردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی[١٣٧].

ئەم قۆناغە تاسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی‌و ڕاگەیاندنی (جیهاد) لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوو، بەڵام لەگەڵ بانگەشەی جەنگ‌و جیهادو پیرۆزی بەخشین بەم جەنگە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە؛ وەك ئەوەی بۆ خوایەو لەپێناوی خوایە، سستی‌و ساردی لەخەباتی نەتەوەیی کوردی‌و چالاکی پارتە سیاسیەکان دروست بوو، ئەمەش لەئەنجامی ڕاپێچ کردنی زۆرێك لەکوردەکان بۆ بەرەکانی جەنگ لەلایەك، هەندێکی تری لاوە

---

[١٣٦] مەسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد (١٩٣١- ١٩٥٨)، و: سەعید ناکام، چ١، ١٩٩٨، لالا ١٨- ١٩؛ لازاریف: کێشەی کورد، بەش١، لا ٢٣٨؛ کەندال‌و قاسملو: گەلێکی پەژمووردەو...، لا٩٨.

[١٣٧] د. کمال مظهر: كردستان في السنوات الحرب، ص ١٠١ و ١٠٣.

کورد کان خۆیان ڕوویان کردە بەرەکانی جەنگ وەك وەڵامێك بۆ خەلیفەی عوسمانی و بانگەشە ئیسلامیەکەی، کەئەتوانرێت پرکانسەی کۆمەڵەی (هیڤی) وەك بەڵگەیەك بۆ ئەم ڕاستیە ئاماژەی بۆ بکرێت.

## ٢-جەنگی یەکەمی جیهانی و کاریگەری لەسەر ڕەوشی نەتەوەیی کوردی:

جەنگی یەکەمی جیهانی خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە بوو لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، کەکاریگەری دیارو ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ... هتد، وە جۆرەها گۆڕانکاری لەگەڵ ڕوودانی ئەم جەنگەو دەرەنجامەکانی هاتە بوون، لەبەر ئەوە جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ ناسیۆنالیزمی ئەوروپی بەو قۆناغە لەقەڵەم دەدرێت کەتیایدا ناسیۆنالیزم خەسڵەت و گەڵاڵە بوونی خۆی بەتەواوی بەرجەستە کرد[١٢٨].

ئەگەر ئەم قۆناغە بۆ ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی بەو جۆرە بوو بێت، ئەوا بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی بووە هۆی ئەوە کە لەچوار چێوەیەکی ئاشکرا ترو هاوچەرخانە خۆی بەرجەستە بکات، (ڕۆزینەلۆمبورت) سەبارەت بەم قۆناغە دەڵێت: "لەرزانگەیەکی نوێ و هاوچەرخەوە بۆ یەکەم جار پاش کۆتایی جەنگ و لەساڵی ١٩١٨ دا سەری هەڵدا..."[١٢٩].

لەبەر ئەوە ئەگەر سەیری مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی بکەین، دەبینین لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩١٤- ١٩٢٢) ناسیۆنالستە کوردەکان لەرووبەرێکی فراوانتر و گشتگیرتر خەباتی ناسیۆنالستانەیان پراکتیزە کردووە، هاوکات بەهۆی لاوازی و خەریکی دەوڵەتی عوسمانی بەجەنگەوە، کوردەکان چەند هەوڵێکی چەکداری لەدژی دەوڵەت و لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان ئەنجام ئەدەن، لەساڵی (١٩١٤) لە(بەدلیس) ڕاپەڕینێك

---

[١٢٨] اریك هوبسباوم: الأمم والنزعة... ، ص ١٣٥.

[١٢٩] ڕۆزینەلۆمبورت: کورد گەلێکی بێ وڵات... ، ل ٢٢.

بەسەرکردایەتی (مەلا سەلیم) هەڵگیرسا[١٤٠]، ئامانجەکەشی لەلایەن (مەلا سەلیم)ەوە ڕوون کراوەتەوە کاتێك دەڵێت: "ئەگەر کورد لەمەوبەر بۆ بەرگری شەخسی ڕووبەڕووی سەربازە تورکەکان دەبوونەوە، ئەوا لەداهاتوویەکی نزیکدا هەموویان لەپێناوی حەق و مافی خۆیاندا ڕادەپەڕن، بەتایبەتیش ئەو دامو دەزگایانە هەڵدەتەکێنن، کەکورد دەچەوسێننەوەو وڵاتیان خستۆتە ژێر دەستی بێگانە..."[١٤١].

هەروەها لەساڵانی (١٩١٥و ١٩١٧) چەند ڕاپەڕینێکی جۆراو جۆر لەناوچەکانی موسڵ و بۆتان و دۆڵی موش و بەدلیس و دەرسیم و... هەڵگیرسا[١٤٢]، مەبەستی ئەم ڕاپەڕین و بزوتنەوانە پێکهێنانی کیانێکی سەر بەخۆ بوو[١٤٣].

هاوکات و لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا خەباتکارانی کورد لەهەوڵی ئەوەدابوون کەسود لەناکۆکی و ململانێی نێوان زلهێزان وەربگرن، لەم پێناوەدا سەرکردەو ڕۆشنبیرانی کورد پەیوەندییان بەزلهێزانەوە کردو هەوڵەکانی (مەلا سەلیم و عەبدولڕەزاق بەدرخان و...) لەگەڵ ڕوسیاو (ژەنراڵ شەریف پاشا) لەساڵی (١٩١٤و ١٩١٨) لەگەڵ بەریتانیا خۆی لەم چوارچێوەیەدا بەرجەستە دەکات[١٤٤].

لە(٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨) ئاگربڕی (مۆدرۆس) بەسترا، بەستنی ئەم ئاگربڕە مانای شکستی سیاسەتی تورکانی لاو سەرنەکەوتنی دەوڵەتی

---

[١٤٠] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیما... ، لالا ١٤٦- ١٤٩؛ علیاوەیی: کردستان في عهد الدولة...، ص ص ٢٢١- ٢٢٤.

[١٤١] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیما...، لالا ١٥٥- ١٥٦.

[١٤٢] جليلي جليل وآخرون: الحركة الكردية في...، ص ٩٠ و٩٣؛ ئارام عەلی: پەیوەندی نێوان...، لا ٩٤- ٩٥.

[١٤٣] مارف عومەرگوڵ: کێشەی کەسایەتی یاسایی...، لا ٤٥.

[١٤٤] صالح محمد أمين: کوردو عەجەم، لا ٢٠٨- ٢٠٩.

عوسمانی بوو لەجەنگ، لەبەر ئەوە ئەم باروودۆخە بووە هۆی ژیاندنەوەی چالاکی نەتەوەیی و چەند ڕێکخراوو پارتێکی سیاسی نوێ دامەزران و لەبەرنامەکانیاندا ئامانجی سەر بەخۆیی کوردستانیان وەك ستراتیژ بۆ ئەم قۆناغە دیاری کرد بوو[١٤٥].

دیارترین ئەو کۆمەڵەو پارتە سیاسیانە (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان- کۆمەڵەی هیڤی- کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتماعیەی کورد- پارتی دیموکراتی کورد...) بوون[١٤٦]، هەروەها لەم ماوەیەدا دابەش بوون و جیابوونەوەی چینە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر گەشەی سەندو شان بەشانی ڕێکخراوی تایبەتی خوێندکاران (کۆمەڵەی هیڤی)، ڕێکخراوی تایبەت بەئافرەتان سەری هەڵدا بەناوی (کۆمەڵەی تەعالی ئافرەتانی کورد) کە لەساڵی (١٩١٩) دامەزرا[١٤٧].

ئەم کۆمەڵەو ڕێکخراوانە تەنها لەسنورێکی تەسکی جوگرافیدا نەمایەوە، بەڵکو شارەکانی کوردستانی گرتەوەو لەباشووری کوردستان و لەشاری سلێمانی چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوێك دروست بوون وەك: کۆمەڵەی کوردستان و کۆمەڵەی سەر بەخۆیی کوردستان و ... هتد[١٤٨]، لەسەر ئاستی دەرەوەش (پارتی سەر بەخۆیی کورد) لە(قاهیرە) لەلایەن (سورەییا بەدرخان ١٨٨٣- ١٩٣٨) دامەزرا[١٤٩].

---

[١٤٥] جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية...، ص ٩٦؛ ڕۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعید...، ل٤٢.

[١٤٦] بۆ زانیاری دەربارەی پارت و ڕێکخراوەکان بڕوانە: (بلەچ شێرکۆ: کێشەی مێژینەو...، ل٥١٦ و دواتر؛ کریس کۆچیرا: کورد لەسەدەی...، ل٥٣٦ و دواتر؛ سروه أسعد صابر: كردستان من بداية الحرب...، ص ٩٥ ومابعدها).

[١٤٧] عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات...، ص ٤٦.

[١٤٨] جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية...، ص ١٠٦.

[١٤٩] کندال و قاسملو...: گەلێکی بەژمووردەو ...، ل١٠٣؛ سروه أسعد صابر: كردستان من بداية...، ص ٩٧- ٩٨.

ئەم کۆمەڵەو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیریە کوردیانە ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لەبایەخدان بەڕێکخستنی ژیانی کوردو چاککردنی ژیانی کرێکاری کورد لەئەستەمبوڵ و هەوڵی گەڕانەوەی ئەو کوردانەیان ئەدا کە لەساڵانی جەنگ بەزۆر لەکوردستانەوە بۆ شوێنە دوورەکان ڕاگوێزرا بوون[١٥٠].

ئەمە سەرەڕای ئەوە کەهەر یەکێك لەم پارت و ڕێکخراوانە ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی تایبەت بەخۆی وەك ئۆرگانێکی ڕەسمی وزمانحاڵی ئەو پارتە یان ڕێکخراوە هەبوو و لەناو خەڵکدا بڵاویان دەکردەوە بەجۆرێك هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی گرتەوە[١٥١].

هاوکات و لەساڵانی (١٩١٨) دا ئینگلیزەکان وردەوردە دزەیان کردە ناو سنورەکانی کوردستان و توانیان لە(١٩١٨/١١/٢) دا (شێخ مەحمود) وەك (حوکمدار)* بۆ ناوچەکانی سلیمانی و دەوروبەری دیاری بکەن[١٥٢]. (شێخ مەحمود) هەر لەیەکەم ڕۆژی دەست بەکار بوونیەوە لەهەوڵی بنیاتنانی کیانێکی سەر بەخۆدا بوو و داوای هەموو ویلایەتی موسڵی دەکرد[١٥٣]، ئەم خواست و شێوازی بیرکردنەوەی شێخ بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکی و شەڕ لەنێوان شێخ و ئینگلیزداو لە(١٩١٩/٧/٢٥) دا شێخ درایە دادگای سەربازی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی، شێخ لەبەردەم دادگاو لەکاتی دادگاییدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەهیچ تاوانێکی نەکردووەو تەنها بۆ مافی چارەنوسی نەتەوەکەی تێکۆشاوە[١٥٤].

---

[١٥٠] صالح محمد أمین: کوردو عەجەم، لا ٢٣٣.

[١٥١] جليلي جليل وآخرون: الحركة الكردية في....، ص ١٠٣- ١٠٤.

* (حوکمدار): ئەم چەمکە تائێستاش لەفەرهەنگی سیاسی و زمانەوانیدا واتایەکی ڕوون و مانایەکی دیاری نیە کەهاوواتای چ چەمکێکی ترە.

[١٥٢] جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی....، لا ١٤٢.

[١٥٣] جليلي جليل وآخرون: الحركة الكردية في....، ص ١٢٠- ١٢١.

[١٥٤] جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، لا١٤٤.

شێخ لەکاتی هەوڵدانی بۆ هێنانە دی خواستە نەتەوەییەکانی، پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتیو لایەنو ناوچەکانی تری کوردستاندا هەبووە، پەیوەندی لەگەڵ شێخ عەبدولقادری شەمزینیدا هەبووە[155]، سەرۆک خێڵو عەشیرەتەکانی کوردستانی ئێرانیش پشتگیریان لێکردووە بەتایبەتی (مەحمود خانی دزلی)[156]، (مەسعود بارزانی)یش لەبارەی پەیوەندی شێخ مەحمودو شێخ ئەحمەد بارزانی دەنوسێت: "... لەمایسی (1919)ز دا شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی هەلگیرسا، شێخ ئەحمەد بارزانی هاوکاری لەگەڵدا کردو نامەی بۆ شێخو سەرۆک هۆزەکان نارد لەناوچەی بادینانداو هانیدان هاوکاری شێخ مەحمود بکەن. نامەیشی نوسی بۆ یارمەتی کردنیانو ژمارەیەک لەچەکدارانی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای برایدا نارد بەرەی دۆلی پیاوداو ژمارەیەکیشی بەرەی ناوچەی (بالەک)دا نارد، ئەم دوو هێزە لەرێگەیاندا توشی تەڵەهاتن پێش ئەوەی بگەنە سلێمانی، کاتێک سەرەتای گەیشتە سلێمانی، شۆڕش لەناوبرا بوو و شێخ مەحمود بەدەستی ئینگلیزەکان بەدیل گیرا بوو لەبازیان..."[157].

بەم جۆرە شێخ مەحمود وەک کەسایەتیەکی نەتەوەیی بەردەوام لەهەوڵی هێنانەدی داوا ڕەواکانی نەتەوەی کورددا بوو، کە تا دوا ساڵانی تەمەنیو بەتایبەتی لە(سی)یەکانی سەدەی بیستەم بەردەوام خواستەکانی کوردو جێبەجێ بوونیان هیوایەک بووە لەناخو بیرکردنەوەی شێخدا.

لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش (سمکۆ) بەهاوکاری (سەید تەها)ی شەمزینی لەکانونی دووەمی ساڵی (1919)دا توانیان هەموو ئەو شوێنانە ئازاد بکەن کەدەکەونە ناوچەی (ورمێ)وە، مەبەستیش لەم هەوڵانە جاڕدانی دەوڵەتێکی

---

[155] جەلال تەقی: خەباتی گەلی کورد لەیاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا، بەغداد، ١٩٧٠، ١٢٦.

[156] جليلي جليل واخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ص ١٢١- ١٢٢.

[157] مەسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی...، ٢٢٦.

کوردی سەر بەخۆ بوو، لەم ناوەندەدا عەشیرەتەکانی ناوچەی (مەهاباد) لایەنگیریان کردن[١٥٨].

هاوکات دەست پێکردنی کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس، کوردەکانی چالاکتر کرد؛ ئەوەبوو کۆمەڵەی تەعالی کوردستان (شەریف پاشا)ی کردە نوێنەری کورد بۆ بەشداری کردنی کورد لەو کۆنگرەیەدا، لەباشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەلایەن (شێخ مەحمودو سمکۆی شکاک)ەوە پشتگیری کراو هەوڵیاندا کەنوسراوی خۆیان کەواژووی سەرەک خێڵەکانو داواکاریو خواستی خەلکانی کوردستانیان تیا تۆمار کردبوو بگەیەننە (شەریف پاشا)، بەڵام ئەم هەوڵانە لەلایەن داگیرکەرانەوە ڕێگری لێکرا[١٥٩].

لەمیانەی هەوڵە نەتەوەییەکانی کوردو لەکاتی هاتنی لیژنەی (کینغ-کراین)، پارتی دیموکراتی کورد؛ دوو یاداشتی لەبارەی نەتەوەی کوردو مافی نەتەوەیی کورد پێشکەش بەم لیژنەیەو کۆنگرەی ئاشتی کردو داوای سەر بەخۆیی ئەو ناوچانەیان کرد بوو کەزۆرینەی دانیشتوانی کوردن[١٦٠].

بەم جۆرە هەوڵەکانی کورد بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانی لەسەر ئاستی دەرەوەو ناوەوە لەلایەک، وەك تاکە کەسو وەك پارتو ڕێکخراویش لەلایەکی ترەوەو بەهەموو ئاراستەیەكو ڕووەو هەر لایەنێك کەتروسکەی هیوای تێدا بەدیکرابێت بۆ هاوکاریو پاڵپشتی کورد، لەئارادا بووە، لەبەر ئەوە دەبینین ناسیۆنالستە کوردەکان لەم ناوەندەدا بۆ چوار ڕێباز دابەش بوون کەجۆرێك لەتێڕوانینو بۆچونی هەبووە لەسەر شێوازو میکانیزمەکانی بەدەست هێنانی خواستەکانیان، لەوانە:

---

[١٥٨] وەلید حەمدی: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی...، ل٣١٤.

[١٥٩] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو ....، بش٢، ل١٢٦؛ صالح محمد أمین: کوردو عەجەم، ل٢٣٠.

[١٦٠] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (د. أحمد عثمان أبوبکر: کردستان في عهد السلام، ح (٢٠- ٢١)، مجلة (الثقافة)، العددان (٤- ٥) و(٨- ٩)، لسنة ١٩٨٩).

١-سەر بەخۆیی تەواو کەپرۆگرامی ڕۆشنبیران بوو.
٢-ئۆتۆنۆمی نێو خۆیی لەژێر سەر پەرشتی تورکدا کەدروشمێکی نا پەسەندو لەلایەن کۆمەڵێکی بچوکی سیاسەتمەدارانی کوردەوە بەرز کرابووەوە.
٣-سەر بەخۆیی لەژێر سایەو سەر پەرشتی ئێراندا.
٤-کوردستانی سەر بەخۆ لەژێر مانداتی بەریتانیا، نوێنەری ئەم ڕێبازە موستەفا پاشای یامولکی‌و کوردە پایبەڵندەکانی تربوون[١٦١].
هەر چۆنێك بێت، دەرەنجامی ئەم هەوڵانەی کورد لەپەیمانی (سیڤەر)دا سێ بەندی تایبەتی بۆکورد هێنایەبوون (لەبەشی یەکەمدا باسمان لێوە کردووە)، بەڵام هەر زوو بۆ کوردەکان ڕوون بووەوە کەجێبەجێ کردنی ئەم پەیمانە ساوە ساوەی لێدەکرێت، لەبەر ئەوە چەند جارێك داوای جێبەجێ کردنی مادەکانی ئەم پەیمانە لەلایەن کوردەوە بەرزکراوەتەوە بۆ بەردەم دەوڵەتان[١٦٢].
هاوکات‌و لەئەنجامی کارکردی مەعنەوی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسی لە(١٩١٧) داو دواتر ڕاگەیاندنی پرەنسیپەکانی (ولسن)، بەئاشکرا بەرەوپێشەوە چوون‌و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورد بەدی دەکرێت‌و لەم ماوەیەدا خواستی سەر بەخۆیی‌و خود موختاری بوو بووە دروشمێکی سەرەکی‌و ڕاستەو خۆی ناسیۆنالیستە کوردەکان لەبەرامبەر هەر لایەن‌و دەوڵەتێك..[١٦٣]، ئەوەتا (عالیشان بەگ) کەیەکێك بووە لەسەرکردەکانی

---

[١٦١] ئەبو القاسمی لاهوتی: کوردو کوردستان، لالا ٩- ١٠و ٣٧- ٣٨.

[١٦٢] زنارسلوبی: في سبیل کردستان...، ص ٩٤- ٩٥؛ م. أ. حسرتیان: کردستان ترکیا بین الحربین، ت: د. سعدالدین ملا و باقی نازی، ط١، بیروت، ١٩٨٧، ص ٣٨ و ٤٨.

[١٦٣] وەلید حەمدی: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی...، لا٢٦٠؛ عزیز الحاج: القضیة الکردیة في...، ص١٦.

ڕاپەڕینی قۆچگیری بە(مستەفا کەمال) دەڵێت: "کوردەکان بۆ خود موختاری کوردستان بەشێوەیەکی کە لەچوارده مادەکەی ویلسن دا هاتووە ئیش دەکەن"[١٦٤].

لەبەر ئەوە کوردەکان چیتر بەخەڵەتاندنو دەست بڕینی دەوڵەتان ڕازی نەبوونو چەندین ڕاپەڕینی جۆراو جۆریان لەناوچە کوردییەکان بەرپاکرد لەوانە: ڕاپەڕینی قۆچگیری لەباکوری کوردستانو سمکۆ لەرۆژهەڵاتو هۆزو عشرەتە کوردەکان لەناوچەی بادینانو شێخ مەحمودو کەریم بەگی هەمەوەندیو... لەسلێمانیو دەوروبەری[١٦٥].

بەم شێوە ڕێبەرانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لەوە دەگەیشتن کەهیچ کام لەدەوڵەتە ئیمپریالیزمو داگیرکارەکانی کوردستان پشتو پەنای ڕاستەقینەی کورد نینو پشتگیری خواستو داوا نەتەوەییو نیشتمانیەکانی ناکەن[١٦٦]، لەبەر ئەوە دەبینین کە لەسەردەمانێکی دواترو بەزیاتر ڕوون بوونەوەی هەلومەرجو باروودۆخی هەرێمیو نێودەوڵەتی لەناوچەکەدا زیاتر کوردەکان لەخەباتی ناسیۆنالیستانەیان پشت بەهەوڵو خەباتی کوردو کوردستان ئەبەستێتو گۆڕانکاری لەمیکانیزمو شێوازی خەباتو شورتنی خەبات دێتە بوون.

ئەم لایەنە زیاتر لەقۆناغی دووەمی ناسیۆنالیزمی کوردیداو لەدوای مۆرکردنی پەیمانی لۆزانو هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتو ڕەتکردنەوەی بەدی دەکرێت.

---

[١٦٤] ڕۆبەرت تۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی...، ل٥٦.

[١٦٥] لوسیان رامبو: الکرد والحق، ص ٧٩؛ جلیلي جلیل وآخرون: الحرکة الکردیة في العصر الحدیث، ص ١٠٩- ١١١.

[١٦٦] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیما...، ل١٤٦.

## قۆنـاغی دووەم: ناسـیۆنالیزمی کـوردی دوای مۆرکردنـی پەیمانی لۆزان و رەتکردنەوەی خەلافەت:

قۆنـاغی دووەمـی ناسـیۆنالیزمی کـوردی- وەك باسمـان کـردووە- بەراپەڕینەکەی شێخ سـەعیدی پیـران وەك قۆنـاغێکی نـوێ لـەمێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی لـەباکوری کوردستان دەست پێدەکاتو تاسەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی لەسالّی (١٩٣٩) دەخایەنێت.

دوای مۆرکردنـی پـەیمانی لـۆزانو دواتـر رەتکردنـەوەی خەلافـەتو دەرکـەوتنی مەرامـە گلاوەکـانی ئەتاتورکو جێبـەجێ کردنـی سیاسـەتی پاکتاودانو سەرکۆنەکردن، هاوکات بێ وەلاّمی دەولّەتە ئیمپریالیستەکانو دروست کردنـی هەرێـمك لەدەولّـەتی عـێراقو سوریاو هاتنـە سـەر تـەختی (رەزاشا) لەئێران لەسالّی (١٩٢١)دوەو شوێن پێ هـەلگرتنی هەرێـمك لـەم سێ دەولّەتەی دوایی بۆ هەنگاوەکانی ئەتاتورك، کۆمەلّێك فاکتـەری بـەهێز بـوون کـەئیتر کـورد خـەباتـە نەتەوەییەکـەی بەلایـەنی سیاسـیو سـەربازیەوە بگوازێتـەوە هـەرێمو چیاکـانی کوردسـتان، لـێرەوە خـەباتی چـەکداری دژ بەداگیرکەرو ئیمپریالیستەکان بخاتە گەڕو لەم مەیدانەشدا جیاواز لـەقۆناغی یەکەمو لەئاستێکی فراوانـدا گشـت چینو توێژەکـانی کۆمـەلگـەی کـوردی بەشداری خەباتی نەتەوەیی کوردیان کردووە.

لە(٢١/٣/١٩٢٥) دا، کـە یەکێکـە لـەو رۆژانـەی بۆنەیـەکی نەتـەوەیی کوردی تیادا یاد دەکرێتەوە (نەورۆز) بڕیاری دەست پێکردنـی راپـەڕین درا* لەباکوری کوردستان[١٦٧]، ئەم راپەڕینە بەراپەڕینی (شـێخ سـەعیدی پیران) ناسراوە، بەلاّم لەراستیدا ئـەم راپەڕینـە لەلایـەن (کۆمـەلّـەی سـەر بـەخۆیی

---

* ئـەم راپەڕینـە وەك کـاتی دەست پێکردنـی بـۆ دیـاری کـرا، بـەڕێوە نـەچوو بـەلکو لە(٨/٢/١٩٢٥)و لەئەنجامی ئەو پێکدادانەی لەنێوان جەندرمەکانی تورکو کوردەکانی گوندی پیراندا رویدا راپەڕین خۆنەویستانە ناراستەی خۆی وەرگرت.

[١٦٧] م. أ. حسرتیان: کردستان ترکیا...، ص ١٣٤.

کوردستان) کە (خالید بەگی جوبران) سەرۆکی بوو نەخشەی بۆ دارێژراو کاری بۆ دەکرا[١٦٨].

ئامانجی سەرەکی ئەم ڕاپەڕینە بریتی بوو لەسەر بەخۆیی بۆ کوردستان و بونیادنانی حکومەتێکی نەتەوەیی، بۆ جێبەجێ کردن و بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش هەوڵیاندا سود لەسۆزی ئایینی و نەتەوەیی تاکی کوردی وەربگرن،[١٦٩]، لەبەر ئەوە شان بەشانی دروشمە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیەکان دروشمی (گەڕانەوە بۆ خەلافەتی ئیسلامی) یان بەرزکردەوە[١٧٠].

ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەین لەسەر چارەکانی تایبەت بەم ڕاپەڕینە، دەبینین بۆ یەکەمجارە ڕاپەڕینێك لەناوجەرگەی کوردستانداو پارت یان کۆمەڵەیەك لەبناغەوە ڕۆڵی سەرکردایەتی تێدا ببینێت، بەڵام لەئەنجامی دەستگیرکردنی سەرکردە سەرەکیەکانی ئەم ڕاپەڕینە لەلایەن تورکەکانەوە، کەئەم سەرکردانە کەسانی خاوەن هۆشیاری و ڕۆشنبیری و لەڕووی سەربازیەوە سەرکردەی لێهاتوو و بەئەزموون بوون لەوێنەی (عەقید خالید بەگی جبران و دکتۆر فوئادو کەمال فەوزی و چەندانی تر نەتوانرا ئەو ئامانجانەی خەباتی بۆ دەکرا بهێنرێتە دی[١٧١].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە باشیەکی زۆر باش کرا بوو بۆ ئەم ڕاپەڕینە وەك ئەوەی کەتوانیبوویان پەیوەندی بەهێزێك لەسەرەك هۆزو خێڵە کوردیەکان و کەسایەتیە ناودارەکانی کوردستان بکەن، وەك: شێخ مەحمودی حەفیدو سمکۆی شکاك و...[١٧٢]، هەروەها دواتر توانیان (شێخ سەعیدی پیران) بێننە ڕیزی خۆیان، ئەوەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر زیاد بوونی

---

[١٦٨] م. ن، ص ٦٦.

[١٦٩] محمد ئەمین زەکی: مێژووی کوردو کوردستان...، لا ٢٥٧.

[١٧٠] حسرتیان: کردستان ترکیا...، ص ١٣٤.

[١٧١] م. ن، ص ١٢١- ١٢٢.

[١٧٢] جليلي جليل وآخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ص ١٣٨.

ژمارەی بەشدار بووانی ڕاپەڕین، چونکە شێخ سەعید خاوەن خەڵکێکی زۆر بوو و دەسەڵاتێکی ئایینی فراوانی هەبوو[١٧٣].

هەروەها ئەتوانین ئاستی تێگەیشتویی و ئاسۆ فراوانی سەرکردەو پێشڕەوانی ئەم ڕاپەڕینەو سیما پەرەسەندووەکانی ڕاپەڕین لەوەدا ببینین کەچۆن توانیویانە لایەنی نەتەوەیی زاڵ بکەن بەسەر لایەنەکانی تردا و بەشێکی زۆری جیاوازییە ئایینی و ئاینزاییەکان و ناکۆکییە خێلایەتییەکان کەم بکەنەوە، لەبەر ئەوە دەبینین کە لەنزیک شێخ سەعیددا کسانێك هەبوون لەڕووی ئایینییەوە بە(بێ بڕوا- ملحد) لەقەڵەم دەدرێن[١٧٤]، هەروەها چەند هۆزێکی ئامۆسڵمان شان بەشانی کوردە موسڵمانەکان بەشداری ڕاپەڕینیان کردووە[١٧٥]، کاتێك کەمالییەکان ویستیان ئاڕاستەی ئەم ڕاپەڕینە بگۆڕن و لەئامانجەکانی دووری بخەنەوەو بەرەو پەلاماردانی ئەرمەنەکان ئاڕاستەی بکەن؛ زوو بەزوو شێخ کەوتە فریای ئەم پلانەو چارەسەری کردو ڕایگەیاند کە: "هەر کەس ئازاری ئەرمەنەکان بدات، توشی توندوتیژترین و سەختترین سزا دەبێتەوە..."[١٧٦].

لەکاتی ڕاپەڕینیشدا زۆر بەگەرمی و باوەڕێکی نەتەوەییەوە بەهاواری بژی کوردو کوردستان هێرشیان دەبردە سەر قەڵاو سەنگەری تورکەکان و بەئەوپەڕی باوەڕو بەوورەیەکی بەرزو بەهێزەوە کەوتنە دوای ئەم ڕاپەڕینەو خەڵك لەئاغاوە تاگەدا، لەمنداڵەوە تاپیر، لەدایکەوە تا کچ... هەمووی

---

(١٧٣) محەمەد ئەمین زەکی: مێژووی کوردو کوردستان، ل ٢٥٧.

(١٧٤) جەواد مەلا و ئەوانی تر: ئاڵای ئیسلام یان.. ئاڵای بەکرێ گیراوی چلکاو خۆری، و: لەعەرەبییەوە: س. چواس، لەندەن، ١٩٩٨، ل ٩٦.

(١٧٥) حەسرتیان: کردستان ترکیا.. ، ص ١٢٢.

(١٧٦) م. ن، ص ١١٦.

کەوتبوونە باسی حکومەت و دەسەڵات، تەنانەت شوانەکانیش ناوی شەهیدانی نیشتمان و دڵێرانی نەتەوەکەیان بەگۆرانی و بەستە هەڵئەدا[١٧٧].

سەرکوت کردنەوەی ئەم ڕاپەڕینە و لەسێدارەدانی سەرکردەکانی و شێوازی مامەڵەی تورکەکان لەبەرامبەر کورد کەشێوازێکی دڕندانە و نامرۆڤانە بوو، بووە هۆی بەرز بوونەوەی دەنگی نارەزایی کوردەکان لەزۆربەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەبەرامبەر تورکیا و خۆپیشاندان سازدرا، لە(٢٦ی تەموزی ١٩٢٥) لە(باخچەی مەرگ.. حديقة الموت) لەبەغداد کوردەکان هەستی نارەزایی خۆیان لەبەرامبەر تورکیا دەربڕی، بەهەمان شێوە لەسلێمانی و کەرکوک و هەولێر دەنگی نارەزایی بەرز بووەوە[١٧٨]. (ئیحسان نوری) لەباسی بایەخ و گرنگی ئەم ڕاپەڕینە و وەك هاوسەردەم و بەشدار بووی ڕاستەوخۆی ڕوداوەکان، دەنوسێت: "لەم سەدەی بیستەمەدا کە کەرەسەو تفاقی وێرانکارانەش نەتوان و بێکارەیە بەرامبەر بەشورەی ساختمانی قەڵای دیار بەکر، تورك هێزی خۆی لەناو ئەم قەڵایەدا پەناداوە، جەنگاوەرانی کورد بەخەنجەرەوە هەڵئە کوتێتە سەریان و هەروا بەبۆمبای دەستییەوە پەلاماری ئەوانە ئەدەن کە لەناو زرێ پۆشە پۆلایینەکاندا خۆیان شاردۆتەوە، هاواری (بژی کوردایەتی و کوردستان) ئەدەن بەگوێیاندا.

ئەم جۆرە هەڵمەت و شاڵاوە قارەمانانەی جەنگاوەرانی کورد کەژیان لەلایان بێ بایەخە، بەڵگەو گەواهیدەری پڕتەوداوە بۆ نەوەی گیانی نەتەوەیی لەلای کورد تاج ڕادەیێ بەرز و پیرۆزە کەوتنەی نییە..."[١٧٩].

---

[١٧٧] عەبدولعەزیز یاموڵکی: کوردستان و ڕاپەڕینەکانی... ، ل ٧٧ -٧٨؛ ئیحسان نوری پاشا: شۆڕشی نەتەوەیی کورد لەتورکیا، و. لەتورکیەوە: م. جەمیل ڕۆژبەیانی، بەغداد، ١٩٩٣، ل٣٦٧.

[١٧٨] حسرتیان: کردستان تورکیا... ، ص١١.

[١٧٩] ئیحسان نوری پاشا: شۆڕشی نەتەوەیی کورد... ، ل٢٩٧.

لێرەوە دەبینین خەبات لەم قۆناغەداو لەم ڕاپەڕینەدا زیاتر ڕێکخراوو کامڵی پێوە دیارەو بنەمای سەرەکی نەتەوەیی بوون‌و کوردایەتی‌یە.

بەشکستی ئەم ڕاپەڕینە... کوردەکان ڕووەو ناوچەکانی تری کوردستان بڵاوبوونەوەو ئاوارە بوون، لێرەوە ناسیۆنالستە کوردەکان بڕیان لەدامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی‌و دەست پێکردنەوەی خەبات کردەوە، ئەوە بوو لە(تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧) بانگەشەی کۆمەڵەیەکی کوردی بەناوی (خۆیبون جڤاتا وڵاتی کوردان) ڕاگەیەنرا[١٨٠].

(خۆیبون) لەڕووی پێکهات‌و شێوازی دروست بوون‌و دروشم‌و میکانیزمەکانی هێنانەدی ئەو دروشمانە، سەلمێنەری گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردیەو دەربڕی ئاستی تێگەیشتن‌و بەهێزبوون‌و فراوانبوونی عەقلیەتی ناسیۆنالستە کوردەکانە، بەتایبەتی کاتێك بانگەشە بۆ ئەوە دەکرێت کەکۆمەڵەو پارتە کوردییە بچوك‌و لاوازەکان لەبۆتەی یەك ڕێکخراوی نەتەوەیی بەهێزدا ڕێك بخرێنەوە؛ دەبینین کە(کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) و (کۆمەڵەی سەر بەخۆیی کورد) و (جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد) و (فیرقەی میللیی کورد)، لەچوارچێوەی یەك پارتی نەتەوەییداو لەژێر ناوی (خۆیبون)دا خۆیان تواندەوە[١٨١].

ئامانجی سەرەکی (خۆیبون) بریتی بوو لەڕزگارکردنی کوردو کوردستان لەژێر دەستی تورك‌و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەکوردستانێکی ئازادو سەر بەخۆو لەسنوری خۆرسك‌و نەتەوەیی کورددا، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، ڕێکخراوەکە هەوڵی داوە کەسەر لەبەری کوردان لەدەوری خۆی

---

[١٨٠] ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبون‌و شۆڕشی ئاگری، و. شکور مستەفا، چ١، هەولێر، ٢٠٠٠ز ،لا ٦-٨؛ کەندال‌و قاسملو: گەلێکی بەژموردەو...، لا ١٣٨- ١٣٩.

[١٨١] روهات ئالاکوم: خۆیبون‌و شۆڕشی..، لا ١٢؛ محمد صالح طیب الزیباری: خویبون وانتفاضة ارارات (١٩٢٦- ١٩٣٠)، مجلة (کاروان الاکادیمی)، العدد (١)، أربیل، ١٩٩٧، ص ١٦٢.

کۆبکاتەوەو لەچوارچێوەی بەرژەوەندی هاو بەرامبەردا لەگەڵ هەموو ڕەگەزێکدا پەیوەندی ببەستێت[١٨٢].

هەروەها کۆمەڵێک مەرجی بۆ بەئەندام بوون داناوە کەبەشێک لەو مەرجانە چارەسەری چەند کێشەو لەمپەرێکی کاریگەرە کەڕۆڵی نێگەتیڤی هەبووە لەشکست و هەرەسەکانی پێشتردا بۆ نمونە بەم جۆرە پێویست بووە سوێند بخوات: "لەم کاتەوە، کەئێستا ئەو سوێند نامەیە مۆرەدەکەم، .....، هەرگیز چەک لەڕووی هیچ کوردێکدا هەڵ نەگێڕم و.... ، لەهەر خوێنڕشتن و کوشتن و کوشتارێک کە لەسۆنگەی شتی شەخسی لەنێوان دوو (کورد)دا سەر هەڵبدەن بەرەو بڕی بکەم و سوێند بەئایین و شەرەفم و پیرۆزەکانم دەخۆم، واللە وباللە هەر کەسێ ئەم سوێندە بشکێنێ دوژمن و خایەنی نەتەوەی کوردەو سزای هەر خایەنێکیش مەرگە"[١٨٣]. (خۆیبوون) هەوڵیداوە کەگشت ناوچەو کەسایەتیە کوردەکان ئاگادار بکاتەوەو پەیوەندییان پێوە بکات، لەبەر ئەوە دەبینین پەیوەندی بە(شێخ مەحمودی حەفیدو شێخ ئەحمەد بارزانی و ئیسماعیل بەگی ئیزیدی و.. کردووە و لەمیانەی ئەم چالاکیانەیدا لە(سلێمانی) و لەساڵی (١٩٢٩)دا لقی ئەم ڕێکخراوە کراوەتەوە[١٨٤].

ئەم ڕێکخراوە توانی لەئاستێکی فراوانتر و لەدەرەوەی کوردستانیش چالاکی نەتەوەیی و دیبلۆماسی دەست پێبکات کەتەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشی گرتەوە[١٨٥].

ئەم کۆمەڵەیە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر کوردستان و ووریا کردنەوەی کوردەکان لەڕووی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی[١٨٦]،

---

[١٨٢] ئالاکۆم: خۆیبون و....، ل١٧.

[١٨٣] هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

[١٨٤] محمد صالح الزيباري: خويبون وانتفاضة ارارات...، ص ١٦٣.

[١٨٥] م. ن، ص ١٦٤؛ د. عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات...، ص ٦٣ ومابعدها.

بەشێوەیەکی گشتیی‌و لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەم ڕێکخراوە هەر لەچالاکیدا بوو تا ساڵی (١٩٤٦)و کۆتایی پێهاتنی خۆیبوون.

ئەم ڕێکخراوە لەساڵانی (١٩٢٧- ١٩٣٠) شۆڕشێکی گەورەی لەباکوری کوردستان بەناوی (ئاگری) بەرپاکرد لەچیاکانی ئاراراتدا، ئەم شۆڕشە لەلایەن (ئیحسان نوری) سەرکردایەتی دەکرا لەڕووی سەربازیەوە، لەڕووی شارستانیەتیەوە (ئیبراهیم پاشا) کاروباری بەڕێوەبەرێتی شارستانی پێسپێردرا[187].

ڕاپەڕینی ئاگری سەرکوت کراو کەمالیەکان دەستیان دایە پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەتورك کردن‌و لەناوبردنی ناسنامەی نەتەوەیی‌و کلتووری کوردی[188]، لەبەر ئەوە دەبینین هەر لەباکوری کوردستان‌و لەناوچەی دەرسیم لەساڵی (١٩٣٧- ١٩٣٨)ز کلپەی ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی کوردی پەرەی سەندەوە کە (سەیید ڕەزای دەرسیمی) پێشەوایەتی دەکرد[189]، ئامانجی سەرەکی ئەم ڕاپەڕینە دژ وەستانی سیاسەتی شۆڤینی تورکەکان بوو[190]، ئەم ڕاپەڕینەش توانرا بەهۆی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی‌و کۆمەڵ کوژیەوە کپ بکرێتەوەو نزیکەی نیو ملیۆن کورد لەناوبران[191].

هاوکات لەم قۆناغەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، لەپارچەکانی تری کوردستان هەوڵ‌و تێکۆشان لەپێناو بەدیهێنانی خواست‌و مافە نەتەوەییەکان بەردەوامی هەبووە، بەتایبەتی گەر سەرنجی باشوری کوردستان

---

[186] د. عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات و....، ص ٢٨٣.

[187] لوسيان رامبو: الكرد والحق، ص ٤٩؛ ڕۆحات ئالاکۆم: خۆیبوون‌و شۆڕشی....، لا ٤٧- ٩٠.

[188] زنارسلوبي: في سبيل كردستان، ص ١٥٠- ١٨٠.

[189] م.ن، ص ٢٠٤- ٢٠٥.

[190] م. أ. حسرتيان: كردستان تركيا بين الحربين، ص ١٦٥- ١٦٦.

[191] جەمال نەبەز: کوردستان‌و شۆڕشەکەی...، لا ١٠٤٦.

بەبێ لەسلێمانیدا چالاکی‌یەکی دیاری سیاسی‌و ڕۆشنبیری دەستی پێ کرا بوو، کۆمەڵێك پارت‌و ڕێکخراو دروست بوو بوون، لە(٢١ی تەمموزی ١٩٢٢)دا ژەنراڵ (مستەفا پاشا یاموڵکی) (کۆمەڵەی سەر بەخۆیی کوردستان)ی دامەزراند... هاوکات ململانێ‌و پێکدادانی نێوان کورد و ئیمپریالیزمی ئینگلیزی لەزیاد بوون دا بوو[١٩٢]، ئەوە بوو لە(تشرینی یەکەمی ١٩٢٢)دا ناچاربوون (شێخ مەحمود) بگێڕنەوە بۆ سلێمانی[١٩٣]، پێش گەیشتنی شێخ بۆ سلێمانی ئاڵای کوردستان هەڵکراو دواتر شێخ کابینەیەکی بۆ حکومەتی کوردستان دیاری کرد[١٩٤] و حکومەتی عێراقیش لەگەڵ بەریتانیادا لە(٢٤/١٢/١٩٢٢)دا ئەوەیان ڕاگەیاند کەکوردەکان بۆ یان هەیە کەحکومەتێکی سەربەخۆ لەو ناوچانەدا کەزۆربەیان کوردن لەسنوری عیراقدا دابمەزرێنن[١٩٥].

لەئەنجامی هەوڵە فراوانخوازیەکانی شێخ بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو ولایەتی موسڵ بخاتەژێر سایەی دەوڵەتەکەی، لەگەڵ ئینگلیز ناکۆکیان لەنێوانیاندا ڕویدا و شێخ ناچار بوو جارێکی تر پەنابباتەوە بەر چیاکە.. ئەوە بوو ئیتر شێخ دەستی بەکاری سەربازی کردەوەو لەم میانەیەدا چەندین جار شۆڕشی کرد[١٩٦].

---

[١٩٢] جەمال نەبەز؛ کوردستان‌و شۆڕشەکەی...، لا ١٤٨. جلال الطالباني؛ كردستان والحركة القومية...، ص ١٠٦- ١٠٧.

[١٩٣] جليلي جليل واخرون؛ الحركة الكردية في العصر الحديث، ص ١٢٨.

[١٩٤] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

[١٩٥] د. مارف عومەر؛ کێشەی کەسایەتی یاسایی...، لا ٦٦.

[١٩٦] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (د. حامد محمود عيسى؛ المشكلة الكردية في...، ص ١٣٦- ١٥٠).

هەروەها لەساڵی (١٩٣٠)و دواتر خەباتی چەکداریو خۆپیشاندان زیاتر گەشەی کرد، لەناوچەی بادینان (شێخ ئەحمەد بارزانی) لەساڵانی (١٩٣١و ١٩٣٢)دا لەدژی ئینگلیز دەستی کردە ڕاپەڕین...[197].

لەسلێمانی ڕاپەڕینێکی جەماوەری پێکهاتوو لەهەموو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ لە(٦ی ئەیلولی ١٩٣٠)دا ڕوویدا، کەچەندین کەسی وەك (بێ کەسو تۆفیق قەزازو ڕەمزی فەتاحو... هتد) بەشداریان تێدا کرد...[198] لەم ڕاپەڕینەدا شەهیدێکی زۆر لەکوردەکان کەوتەوەو تائێستا ئەم ڕاپەڕینە بە(ئەیلولی ڕەش) دەناسرێ لەمێژووی کورد.

هەروەها لە(١٩٣٥/١٠/٧)دا (ئێزیدییەکان) بەشۆڕشێك هەڵسان، دوای دامرکانەوەی و لەداردانی (٧) کەس لەشۆڕشگێڕانو زامدار کردنی سەدانیان. هەمان ساڵ بارزانییەکان بەسەرکردایەتی (خلیل خۆشەویو مستەفا بارزانی) ڕاپەڕینو تا(١٩٣٦) بەردەوام بوو[199].

هەروەها چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراوی کوردی تر دروست بوون، کە بەنهێنیو ئاشکراو لەڕێگای دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەو.. هتد، کاریان دەکرد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریو گەشەسەندنی هۆشو بیری نەتەوەیی کوردی.

لەساڵی (١٩٣٣) لەبەغداد (کۆمەڵی لاوان) بەسەرکردایەتی (ئەمین زەکی بەگ)و لەسلێمانی هەر لەهەمان ساڵ کۆمەڵەیەکی نهێنی بەناوی (کۆمەڵەی کوردستان) بەسەرۆکایەتی مستەفا پاشا یامولکیو ئەندامێتی ڕەفیق حلمییو ساڵح قەفتانو... چەندانی تر دامەزرا[200].

---

[197] جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی، لا ١٥٨.

[198] جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية...، ص ١١١- ١١٣.

[199] جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی...، لا ١٦٢.

[200] ڕەمزی قەزاز: بزووتنەوەی سیاسیو ڕۆشنبیری...، لا ٣٧.

لەساڵی (١٩٣٥) كۆمەڵەی (فیداكارانی نیشتمان- فیدائي الوطن)و لەساڵانی (١٩٣٧- ١٩٣٨) كۆمەڵەی (برایەتی)و (ئازادی كوردی)و (داركەر) دروست بوون[٢٠١].

بەم جۆرە لەباشوری كوردستانو لەقۆناغی دووەم چەندین پارتو ڕێكخراوو ڕاپەڕینی چەكداریو جەماوەری لەشارو ناوچە كوردیەكاندا بەرپاكرا كەهەموویان ئامانجی وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەكانی كورد بوو بەجۆرێك لەجۆرەكان...

هەروەها لەڕۆژهەڵاتی كوردستان، هەر لەساڵانی (٢٠)ەكانەوە خەباتی نەتەوەییو ڕزگاریخوازی بەسەركردایەتی سمكۆ كەدەیویست حكومەتێكی كوردی سەر بەخۆ دابمەزرێنێت[٢٠٢]، بەردەوام بوو تاساڵی (١٩٣٠)، لەساڵی (١٩٣٠)دا لە(خوراسان) ڕاپەڕینێكی جوتیاری سەری هەڵدا، بەڵام (ڕەزاخان) زۆر بەتوندی سەركوتی كرد[٢٠٣].

هەروەها چەندین ڕاپەڕینی جۆراوجۆر لەناوچەكانی سەردەشتو مەریوانو مهابادو... هتد بەرپابوون، كەهەندێكیان كارێگەری ڕاپەڕینی ئاراراتیان لەسەر بوو، بەتایبەتی ئەو ڕاپەڕینانەی كە لەساڵانی (١٩٢٨و ١٩٢٩) لەمهابادو سەردەشت ڕویاندا[٢٠٤].

هەروەها لەساڵانی (١٩٣٠)دا، لەڕۆژئاوای كوردستان (كوردستانی سوریا) بزاڤێك سەری هەڵدا كەیەكێك لەسەركردە كوردەكانی ئەو ناوچەیە سەرپەرشتی ئەكرد بەناوی (حاجو- هاجو) كە لەلایەن كۆمیتەی خۆیبونەوە یارمەتی ئەدرا، لەسنور لەگەڵ دەستەیەكدا كەژمارەیان بەسەدان مرۆڤ

---

[٢٠١] عبدالستار طاهر شريف؛ الجمعيات والمنظمات والأحزاب....، ص ٩٢.

[٢٠٢] نەبەز القاسمی لاهوتی؛ كوردو كوردستان، لا ٤٣.

[٢٠٣] د. عبدالرحمن قاسملو؛ أربعون عاماً من الكفاح من أجل الحرية، د. عزالدين مصطفى رسول، ج١، بدون، ص ٢٥- ٢٧.

[٢٠٤] د. عبدالرحمن قاسملو؛ أربعون عاماً....، ص ٢٥- ٢٧.

مەزنەدە دەکرێ لە(٢٥ی (تەوت) تابی ١٩٣٠)دا گوندێکی مەڵبەندی (نەسیبین) یان ئازاد کردو لەوێ بڕیارنامەیەکیان لەچاپدا، کەمەبەست و هەڵوێستی نەتەوایەتی گشتی سەر بەخۆیی تێدا دیاری کرا بوو، بانگەوازیان لەخەڵکی کورد کردبوو کە بەیارمەتی و هاوڕێی لەگەڵ کوردەکانی ئارارات دەست بەکارین[٢٠٥]، بەڵام ئەم بزوتنەوەیەش زوو سەرکوت کرا.

سەبارەت بەئەو بەشەی کوردەکان کە هەر لەسەردەمی پەیماننامەی گوڵستان و تورکمانچای و دواتردا کەوتبووە ژێر دەستی سۆڤیەت (ڕوسیای پێشوو)، بارودۆخ تارادەیەک جیاوازبوو، بەڵام بەهەمان شێوە ئەمانیش توشی گیروگرفتی دەوڵەتە فەرمانڕەواکان هاتوون بەتایبەتی لەسەردەمی ڕوسیای تەزاری، بەڵام لە(١٩٢٣)دا بەهاوکاری لینین لەئازەربایجاندا (کوردستانی سۆڤیەت) دامەزرێنرا کە پایتەختەکەی (لاچین) بوو[٢٠٦].

بزاڤێکی ڕۆشنبیری و وەرگێڕان و کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لەم بەشەی کوردستان سەری هەڵدا، بەڵام ئەم بارودۆخەش تاساڵی (١٩٣٩)ی خایاندو ئەم کوردستانە هەڵوەشێنرا[٢٠٧].

کوردەکانی سۆڤیەت هەوڵی هاریکاری کوردیان داوە بەگشتی و هەمیشە شانازیان بەخەباتی ئەپساوەی گەلەکەیان کردووە لەپارچە جیاجیاکانی کوردستان[٢٠٨].

بەم جۆرە، دەبینین کەئەم قۆناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی خاوەنی کۆمەڵێک سیماو جیاکەرەوەی تایبەت بەخۆیەتی جیاواز لەقۆناغی یەکەم،

---

[٢٠٥] کریس کۆچیرا؛ کورد لەسەدەی (٢٠- ١٩)دا، ل ١٦٩.

[٢٠٦] مەحاباد کوردی؛ کوردەکانی سۆڤیەت یاکوردستانی سۆڤیەت، ڕاگوێزانی: شاسوار فەیلی، گۆڤاری (کاروان)، ژمارەی (١٨٥) ساڵی ١٩٩٨، ل ٨٧. ئارام عەلی؛ پەیوەندی نێوان کوردو ڕوسیا، ل ١٤٥.

[٢٠٧] مەحاباد کوردی؛ کوردەکانی سۆڤیەت یا....، ل ٨٧.

[٢٠٨] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی گشتی گرنگترین ئەو جیاکاریانە لەڕووی خەبات‌و هەوڵە ناسیۆنالیزمی‌یەکەی نەتەوەی کوردی لەم دوو قۆناغەدا بەچەند خاڵێك دیاری بکەین:

### ١- لەڕووی جوگرافی‌یەوە:

لەقۆناغی‌یەکەمی ناسیۆنالیزمی کوردیدا کوردستان بۆ دوو پارچە دابەش کرابوو، بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، بەشەکەی تری لەژێر دەستی دەوڵەتی قاجاریدا بوو.

لەبەر ئەوە بزاڤی نەتەوەیی‌ی کورد لەم قۆناغەدا لەگەڵ دوو دەسەڵاتدا مامەڵەی دەکردو ڕووبەڕوو دەبووەوە، بەمانایەکی تر ئەرکی ناسیۆنالیزمی کوردی لەو قۆناغەدا پێکەوە بەستنەوەی ئەو دوو پارچەیەو پێکهێنانی کیانێکی یەکگرتوو بوو، لێرەوە هەوڵدان بۆ بەرپاکردنی خەبات‌و شۆڕشی گەورەو گشتگیر ساناتر بووە بۆیە ئەگەر سەرنجی ئەم قۆناغە بدەین زۆرتر کوردەکان توانیویانە پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن‌و لەیەکتر ئاگادار بن‌و هاوکاری‌و تەبایی‌ی پارچەکانی کوردستان زۆرتر دەبینرێت.

بەڵام لەقۆناغی دووەمی ناسیۆنالیزمی کوردیداو لەدەرەنجامی پەیمانی لۆزان، کوردستان دەکرێتە چەند پارچەیەك‌و هەر پارچەیەك دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکەوە، ئەم پارچە پارچە کردنە هەر لایەنی جوگرافی نەگرتەوە بەڵکو دابڕینی کوردەکان بەو سنورە دەستکردانەو لکاندنیان بەدەوڵەتێکەوە، کەئەمان لەناویدا نەك وەك نەتەوە بەڵکو وەك کەمینەی نەتەوەیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، هاوکات دابڕینی ئەو ستراکتۆرە نەتەوەییە بوو کەسەردەمانێك پێشتر لەخەمڵیندا بوو، پارچە پارچەکردنی کلتورو فەرهەنگێك بوو پاشان تێکەڵ کردنی بەکلتورو فەرهەنگێکی تر، کەزاڵترو بەهێزترە لەهەموو لایەنەکانیەوە کەئەمەش وای کرد تاکەکانی نەتەوە بەناچاری مل بۆ کلتوری باڵادەست‌و داب‌و نەریتەکانی کەچ بکەن. لێرەوە دۆزینەوەی شۆڕشێکی هاوشێوەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای

ئەوەی کارێکی نەستەمە، لەبەر ئەوەی سنووری خەبات زیاتر بچووک کراوەتەوەو هەر پارچەیەک لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتەدا خەبات دەکات کەبەسەریدا دابەش کراوە، بەمەش ئەگەر ناسیۆنالیزمی کوردی لەقۆناغی یەکەمدا لەبەرامبەر دوو دەوڵەتدا خەباتی کرد بێت، ئەوا لەقۆناغی دووەمدا دەبینت بە بەشەکەی سۆڤیەتەوە لەبەرامبەر پێنج دەوڵەتدا خەباتی خۆی درێژە پێبدات.

## ٢-خواستو داوا نەتەوەییەکان:

خواستو داواکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەقۆناغی یەکەمدا زۆرتر هەوڵی پێکهێنانی کیانی سەر بەخۆو پێکهێنانی دەوڵەتێکە کەزۆرینەی ناوچە کوردییەکان بگرێتە خۆی، چونکە لەم قۆناغەدا کورد وەک نەتەوەیەک داواکانی خۆی دەخستە ڕوو، لەم ماوەیەدا خەونەکان گەورە ترو فراوانتر بوون ئەمەش جگە لەوەی کە ئەو دوو دەوڵەتەی کوردیان دابەش کرد بوو ڕووەو لاوازی ئاڕاستەیان وەرگرتبوو، سەردەمی جوڵانەوەی نەتەوە ژێر دەستەکان بوو و بەهێزی هەوڵە نەتەوەییەکانیش کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر داواو خواستە نەتەوەییەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کورد لەسەر ئاستی هەرێمیو لای زلهێزەکانی ئەوکات وەک نەتەوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.

بەڵام لەقۆناغی دووەمی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، لەدەرەنجامی پارچە پارچە کردنی کوردستانو سیاسەتی شۆڤینستی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا بوو، کەئامادە نەبوون گوێ بۆ هیچ داوایەکی کورد بگرن، ناسیۆنالیزمی کوردی ناچار بوو سازش لە بەشێکی زۆری خواستو داوا نەتەوەییەکانی خۆی بکاتو لەهەر پارچەیەکدا دروشمی خودموختاریو ئۆتۆنۆمی لەجیاتی خواستی سەربەخۆیی بەرزبکاتەوە، هاوکات توندوتیژی ئەم دەوڵەتانە لەسەر پاراستنی سنوورەکان وایکرد کە لەهەر پارچەیەکدا ناسیۆنالیزمی کوردی

بەداكۆكی كردنی مافەكانی ئەو بەشەی كوردەوە خەریك بێت، ئەمە جگە لەوەی كەوتە ئاماژەمان بۆكرد كورد وەك كەمینە مامەڵەی لەگەڵدا دەكرا.

**٣-بنەماكانی ناسیۆنالیزمی كوردی:**

لەقۆناغی یەكەمی ناسیۆنالیزمی كوردیدا، بەهۆی كاریگەری ئایین لەسەر تاكی كوردیو بوونی خەلیفە وەك سومبولێكی دەسەڵاتی ئیسلامیو خاوەن پیرۆزی، لەكاتی هەوڵدان بۆ بەرپاكردنی شۆڕشو ڕاپەڕینو كۆكردنەوەی زۆرترین تاكەكانی نەتەوە بۆ بەدەست هێنانی بنكەیەكی جەماوەری فراوان بۆ ڕاپەڕین كار لەسەر بنەمایەكی (ئایینی- نەتەوەیی) نەكرا، بۆیە زۆرجار ئاڕاستەی جۆراوجۆر لەناو شۆڕشگێڕان لەبەرامبەر خەلیفەی عوسمانیو نەتەوەی ئەرمەنو ئاسوری هاتۆتە بوونو دواجار ناكۆكیو ململانێی لەنێوان تاكەكانی كورد دروست كردووە، بۆ نمونە ئەو دەنگەی كە لەكۆبوونەوەی خێڵەكانی شێخ عوبەیدوڵڵا سەر هەڵدەدات بۆ ئەوەی دژی ئەرمەنەكان خەبات بكەن كەشێخ ناچار دەكات تەكفیری دەوڵەتی عوسمانی بكات، یان ململانێو ناكۆكی نێوان شێخ عەبدولقادری نەهریو ئەمین عالی بەدرخان.

زۆر جار كاركردی ئایین لەبەرگی جۆراوجۆردا خۆی نواندووە، بۆ نمونە لەئەنجامی جیاوازیی ئاینزا، سوننییەكان لەڕاپەڕینی قۆچگیری ساڵی (١٩٢٠)دا بەشداری ناكەن كە لەلایەن قزلباشەكان بەرپاكرا بوو.

بەڵام لەقۆناغی دووەمداو لەئەنجامی ڕەتكردنەوەی خەلافەتو ئەمانی سوڵتان، سومبولی پیرۆز لای تاكی كوردی بوونی نامێنێت، هاوكات لەئەنجامی گەشەكردنی هەستو هۆشی نەتەوەیی، دەبینین لەهەر بەشێك لە بەشەكانی كوردستان ئامادەباشیو بەشداریی فراوانی چینەكانی كۆمەڵ هەیە بۆ قوربانیدانو بەرپاكردنی شۆڕشو ڕاپەڕین، ئەم لایەنە گورو تینێكی ئەوتۆی بەناسیۆنالیزمی كوردی بەخشیوە كە لەهەموو دامركاندنەوەیەكداو لەهەر ناوچەیەك، هاوكاریو بوونی كۆمەكی دەوڵەتانی

هەرتمی‌و ئیمپریالیستی دەبینین، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدو ئاراراتو ئەیلولی ڕەش‌و بارزان‌و.... هتد نمونەی ئەم لایەنەن.

### ٤-سەرکردایەتی‌و بەڕێوە بردنی هەوڵە ناسیۆنالستیەکان:

لەقۆناغی یەکەم، سەرکردەی شۆڕش‌و ڕاپەڕینەکان زیاتر تاکە کەس بوون‌و ئەوانیش شێخ‌و پیاوانی ئایینی بوون، شێخەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لەگەشەپێدانی ناسیۆنالیزمی کوردو بزوتنەوە سیاسی‌و سەربازی‌یە سەر بەخۆیی خوازییەکانی نەتەوەی کورددا گێڕا...[(٢٠٩)] ، بۆ ئەم دیاردەیەش هۆکار زۆر بوو، بەڵام گرنگترینیان بریتی بوو لەوە کەڕۆشنبیری باوی ئەو سەردەمە زیاتر ئایینی بوو، خوێندن لەتەکی‌و خانەقاکانداو لەلای مەلاکان بوو، ئەو فەقی‌و قوتابیانەش کەدەیانخوێند زیاتر کوڕە میرو دەوڵەمەندەکان بوون[(٢١٠)] لەبەر ئەوە دەبینین ئەو چینە بورژوایەی کە لەئەوروپا سەرکردایەتی شۆڕشە نەتەوەییەکانی دەکردو ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینی، لەکوردستان پیاوانی ئایینی‌و شێخەکان ئەو بۆشاییەیان پڕکرد بووەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەڕۆڵی شێخ‌و مەلاکان لەم قۆناغەدا کەم ئەرزش سەیر بکرێت بەڵکو لایەنە خراپەکانی ئەم دیاردەیە خۆی لەوەدا بەرجەستە دەکات کەچارەنوسی شۆڕش‌و ڕاپەڕین پەیوەست بووە بەبڕیارو چارەنوسی سەرکردەکەو ئاستی هۆشیاری، چونکە زۆر جار بەناوی ئایین‌و برایەتی ئایینی‌و... هتد کار لەسەر سۆزی ئایینی کراوەو بەناوی غەزاو دژایەتی کوفرەوە ئاراستەی شۆڕش بەرەو هەڵدێر براوە، یان جیاوازی هۆزایەتی‌و چینایەتی زاڵ بووە بەسەر پەیوەندییەکانداو بووەتە هۆی لاوازی بزوتنەوەکان، تەنانەت ئەو پارت‌و ڕێکخراوانەی لەم قۆناغەدا دروست بوو بوون ڕۆڵێکی لاوەکیان هەبوو لەزەمینەسازی کردن بۆ شۆڕش‌و ڕاپەڕین.

بەڵام لەقۆناغی دووەمدا، لەگەڵ ئەوەی کەبەشێك لەشێخ‌و پیاوانی ئایینی لەلوتکەی سەرکردایەتی شۆڕشدا هەر بوونیان هەبوو، بەڵام هاوکات ڕۆڵی

(٢٠٩) ڕۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی...، ل ١٢- ٢٠.

(٢١٠) کامەران مەنتك: نەتەوایەتی‌و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، بش ١، ل ١٠.

پارت‌و ڕێکخراوه‌ کوردییه‌کان‌و کسانێکی ڕۆشنبیر له‌پشت پیاوانی ئایینی‌یه‌وه‌ ڕۆلیان هه‌بوو له‌داڕشتنی پلان‌و نه‌خشه‌سازی شۆڕش‌و زه‌مینه‌سازی بۆ خه‌بات، له‌ڕاپه‌ڕینی شێخ سه‌عیدی پیران‌و خۆیبوون‌دا زیاتر ئه‌م ڕاستی‌یه‌ دیاره‌، هه‌روه‌ها زیاتر له‌پیاوانی ئایینی چینی ئاوه‌ند له‌بازرگان‌و شاعیران‌و ئه‌فسران‌و... هتد ڕۆلی خۆیان ده‌گێڕن، ڕاپه‌ڕینی (٦)ی ره‌شی ئه‌یلول‌و جرتیارانی ڕۆژهه‌لاتی کوردستان له‌(١٩٣٠) و... هتد نمونه‌ی ئه‌م لایه‌نه‌ن.

**٥-له‌ڕووی مه‌یدانه‌کانی خه‌بات:**

له‌قۆناغی یه‌که‌مدا، به‌شێکی زۆری خه‌باتی ناسیۆنالیستانه‌ی کورد له‌پایته‌خته‌کانی ده‌وله‌تی‌عوسمانی‌و ئێراندا بوو، میکانیزمی خه‌باتیش زیاتر شێوازی هێمن‌و میانه‌ڕه‌وانه‌ بووه‌و هه‌وڵدان بووه‌ بۆ ئه‌وه‌ی له‌ڕێگه‌ی گفتوگۆو دانوستانه‌وه‌و به‌هه‌وڵی دیبلۆماسی له‌گه‌ڵ هه‌ردوو ده‌وله‌ت‌و په‌یوه‌ندی کردن به‌کونسولگه‌ی ده‌وڵه‌ته‌ ئه‌وروپییه‌کانه‌وه‌ چاره‌سه‌ری کێشه‌ی کوردی بکرێت‌و خواسته‌ نه‌ته‌وه‌یی‌و ڕزگاریخوازیه‌کانیان بهێننه‌ دی، له‌م پێناوه‌شدا که‌متر لایان له‌لایه‌نی چه‌کداری کردۆته‌وه‌و زیاتر له‌هه‌وڵی پێکهێنانی پارت‌و ڕێکخراوی سیاسی‌و پیشه‌یی‌و کردنه‌وه‌ی یانه‌ی ڕۆشنبیری بوون.

به‌لام له‌قۆناغی دووه‌مدا، دوای ئه‌وه‌ی کوردستان پارچه‌ پارچه‌ ده‌کرێت‌و ده‌که‌وێته‌ به‌ر لێشاوی سته‌م‌و شۆڤینییه‌تی عه‌ره‌ب‌و فارس‌و تورك‌و گشت مافه‌ نه‌ته‌وه‌یی‌و کلتوریه‌کانی پشت گوێ ده‌خرێت‌و مامه‌له‌ی که‌مینه‌و تورك‌و عه‌ره‌بی شاخاویان له‌گه‌لدا ده‌کرێت، ناسیۆنالیزمی کوردیش ئاراسته‌ی خه‌باتی چه‌کداری وه‌رده‌گرێت‌و بنکه‌ی ئه‌م خه‌باته‌ش له‌پایته‌خته‌کانه‌وه‌ بۆ شارو ناوچه‌ کوردییه‌کان ده‌گوازرێته‌وه‌و له‌ڕێگه‌ی شۆڕش‌و ڕاپه‌ڕینه‌وه‌ هه‌وڵی پارێزگاری کردنی فه‌رهه‌نگ‌و کلتورو مۆرکی نه‌ته‌وه‌یی کوردو کوردستانیان داوه‌

# بەشی سێیەم

## ناسیۆنالیزمی کوردی لەنێوان خواستو ئامانجەکان دا

ناسیۆنالیزمی کوردی، وەك ناسیۆنالیزمی هەموو نەتەوەکانی تری جیهان، خاوەنی کۆمەڵێك خواستو ئامانجی نەتەوەیی تایبەت بەخۆی بووە، کە لەمیانەی خەباتو کاری شیاو بەواقیعو گرتنەبەری میکانیزمی گونجاوو جۆراوجۆر، هەوڵی وەدیهێنانی ئامانجەکانی داوە.

بەڵام ئاشکرایە گشت پرۆسەیەك لەکاتی مومارەسەو هەوڵی پراکتیکیدا، وەك پێویستو نەخشە بۆ کێشراوە بەرهەمدارو پراکتیزە نابێت، ئەمەش لەبەر بوونی چەندین هۆکاری خۆییو بابەتی کە ئەشێت هەندێکیان وەك لەمپەرو هەندێکی تریان وەك لایەنێکی سلبی رۆڵیان هەبوبێت، لەهەمان کاتدا فاکتەرو هۆکاریش هەبووە کە وەك کارای یاریدەدەرو پەیڤ بۆ پرۆسەکە بووەتە هۆی گەشەکردنو بەرەوپێش چوونی.

هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا، پرۆسەکە هەڵگری کۆمەڵێك دەرەنجام دەبێت، لەبەرئەوە هەوڵ ئەدەین بەشێوەیەکی گشتی چەند پەیڤێك بۆ ئەم لایەنانەی ناسیۆنالیزمی کوردی وەك پرۆسەیەکی مێژوو کرد لەو سەردەمەدا (١٨٨٠-١٩٣٩)ز بخەینە بەرچاو.

**یەکەم- هۆکارەکانی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی.**

ناسیۆنالیزمی کوردی وەك پرۆسەیەکی گەشەکردووی بەردەوام، لەقۆناغە جیاجیاکاندا زۆر هۆکاری جۆراوجۆر کاری تێ کردووەو زیاتر بووەتە هۆی بەرەوپێش چوونی لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر... بەڵام هەندێك هۆکار لەم نێوەندەدا کاریگەری زۆر زەقو دیاریان لەسەر شکڵبەندیو ئاراستەی ناسیۆنالیزمی کوردی دروست کرد بەجۆرێك ئەگەر هەرکەس لەم بوارەدا سەیری مێژوو بکات بەئاسانی دیاریان دەکات... لەبەرئەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین گرنگترین ئەو هۆکارانە لەچەند خاڵێکدا دیاری بکەین:

### ١- سیاسەتی زۆرو ستەمی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە:

ئەگەر سەرنجی شۆڕش‌و ڕاپەڕینە کوردیەکان بدەین دەبینین ئەم هۆکارە بەتەریبی لەگەڵ شۆڕش‌و ڕاپەڕینە کوردیەکاندا بوونی هەیە،[1] لەوتارەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهری بۆ کۆمەڵەی خێڵەکاندا دیارە، هەروەها لەونامانەی کە بۆ کونسۆڵ‌و کونسۆلگەی وڵاتەکانی ناردووە ئاماژەی بۆ جەورو ستەمی دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێرانی کردووەو بێزاری‌و تووڕەیی کوردی پیشان داوە.[2]

بەهەمان شێوە زەبرو زەنگی پاشای قاجاریەکان لەبەرامبەر کورددا، هاندەری سەرهەڵدانی ڕاپەڕین‌و شۆڕشە نەتەوەییە کوردیەکان بووە.[3]

هەروەها ئەو هەوڵ‌و ڕاپەڕینە نەتەوەییانەی کە لەلایەن (شێخ عەبدولسەلام بارزانی)‌و دواتر لەسەردەمی مستەفا کەمال‌و ماوەی ساڵانی (١٩٢٥-١٩٣٨) بەرپابوون یەکێك لەهۆکارەکانی بریتی بووە لەسیاسەتی شۆڤێنستی‌و لەناوبردنی مۆرکی نەتەوەیی کوردەکان.

### ٢-ڕۆڵی ئینتلجنسیای کوردی:

لەئەنجامی دارزانی پەیوەندییە دەرەبەگایەتیەکان بەهۆی پەیدابوونی جۆرە پەیوەندیەکی ئابووری کۆمەڵایەتی نوێ کە هەڵگری ئامانج‌و بەرژەوەندی سەرمایەداری بازرگانی بوو، بزاڤی نەتەوەیی کوردی گۆڕانکاری گەورەی تیا بەدی هات.

لەم سۆنگەیەوە، توێژاڵێکی گرنگ کە ڕۆشنبیران‌و ئینتاجنسیای کورد بوو لەکۆمەڵی کوردەواری پەیدابوو و توانی بیری کوردایەتی‌و

---

[1] جلال الطالباني: کردستان والحرکة القومیة...، ص ٧٢-٧٣.

[2] د. أحمد عثمان: نصوص ثلاث رسائل...، ص٥.

[3] جەمال نەبەز: کوردستان‌و شۆڕشەکەی، ل ١٢٤.

نەتەوەیی لەچوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژیدا نەخشە بکێشێ و هۆکارو میکانیزمەکانی خەباتی بۆ دیاری بکات.[4]

ئەم توێژە توانی گرنگییەکی زۆر بەدامەزراندنی پارت و رێکخراوەکان بدات و ئۆرگانی تایبەتی و زمانحالی پارتەکان، وەك رۆژنامەو گۆڤارەکان بەکاربهێنێت بۆ وریا کردنەوەی تاکی کوردی و بزواندنی هۆشی نەتەوەیی.

لەبەرئەوە ئەگەر سەیری پەیڕەوو پرۆگرامی زۆرێك لەو پارت و رێکخراوانە بکەین کە لەلایەن ئەم دەستەیەوە بنیات نراوە، خزمەت کردن بەتاکی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و سیاسی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ئەوەرەی سەرەکی ئەم پەیڕەوە ناوخۆییانە پێك دێنن.[5]

هەرئەم چینە بوون زیاتر هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەر پەیدا بکەن و گرفتە مێژوویییەکان چارەسەر بکەن بەتایبەتی لەگەڵ (ئەرمەن)، ئەوەبوو توانرا ئەم لایەنە زۆر سودی لێ ببینرێت بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی، بەجۆرێك ناوەوەی کوردستان لەکاتی راپەڕین و خەباتی چەکداریدا، ئەرمەنەکان یارمەتی کوردەکانیان دەداو زۆرجار ئەبوونە هۆکاری پەیوەندی لەنێوان ناوچە کوردییەکان،[6] بەهەمان شێوە لەسەرئاستی دەرەوەی کوردستان ئەرمەنییەکان هەوڵی ناساندنی خەباتی کوردیان ئەدا وەك خەباتێکی نەتەوەیی رەواو خاوەن حق، کە ئەم لایەنەش کاریگەری تایبەتی و بەرچاوی خۆی هەبوو.[7]

---

[4] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، لا ١٤.

[5] عبدالستار طاهر شریف: الجمعیات والمنظمات...، ص ٢٣-٢٥؛ فیصل الدباغ: أضواء علی کتاب:... ص ١١٧-١٧٠.

[6] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، لا ١٥٤.

[7] کندال و ئاسەلو: گەلێکی پەژموردەو...، لا ١٤٢.

هەر ئـەم دەسـتە بژێـرە بـوون کـە زۆرینـەی کـات رووبـەڕووی دەوڵەتە ئیمپرالیستی‌یەکان ئەبوونەوەو داکۆکیان لەمافە نەتەوەییەکان دەکرد.[٨]

وێڕای ئەمانەش ئەم توێژە هەمیشـە مامۆسـتاو ڕێ نیشـاندەری تـاکی کوردی بـوونو هـەندێکیان هـەر بـەکرداری مامۆسـتایەتیان کـردووە لەپێناو فێرکردنی منداڵە کوردەکانو تەنانەت ئامادەیی خۆیـان پیشـان داوە کە خەرجی ئەو منداڵە کوردە بگرنە ئەستۆ کە ئامـادەیی فێربوونی تێدایەو قوتابخانەیان لەسەرئەرکی خۆیان بەڕێوە بردووە، دیارترین نمونـەی ئەم کەسانەش: مەلا سـەعید نەورەسـیو خەلیل خـەیاڵیو چەندانی تری هاوشێوەی ئەمانـە بـوون. بـەم جـۆرە توێژاڵـی رۆشـنبیرو ئینتلجنسیاری کورد رۆڵی بەرچاویان هەبوو لەگەلاڵـە بـوونو خـەملینی بیری نەتەوەیی کوردی.

**٣-رۆڵی رۆژنامەگەری کوردی لەبرەودانی ناسیۆنالیزمی کوردی:**[٩]

رۆژنامـەگـەری رۆڵێکـی دیـاری هەیـە لەبلاوکردنـەوەی هەسـتی نەتـەوەییو بەرزکردنـەوەی ئاسـتی رۆشـنبیری تـاکو گۆڕانکـاری لەکۆمەلگە، هاوکات وەك میکانیزمێکیش ئەرزشێکی تایبـەتی هەیە لەململانێی سیاسیدا.

رۆژنامەگەری کوردی، سەرەتا هەرلەبەر ئـەم مەبەسـتانەو بـۆ تەواوکردنی خەباتی نەتەوەیی سەری هـەڵدا، لەبەرئـەوە ئەگـەر سـەیری یەکـەم رۆژنامـەی کوردی بکەین کە لە (٢٢ی نیسـانی ١٨٩٨)ز لەلایـەن (میـقداد مەدحەت

---

[٨] صالح محمد ئەمین: کوردو عەجەم، لا ٢٣٤.

[٩] بۆ زانیاری دەربارەی گۆڤـارو رۆژنامـەکانی سـاوەی (١٨٩٨-١٩٣٩) بڕوانـە: فـاروق علي عمر: الصحافة الكردية في العراق (١٩١٤-١٩٣٩)، أ. م. غ. م، مقدمـة الى كلية الاداب جامعة بغداد، بغداد، تموز ١٩٩٩؛ ڤژين: من حصاد الصحافـة الكرديـة خـلال قرنها الأول، ق١، مجلة (ڤژين)، العدد (١٠)، ١٩٩٨، ص ١٦٧-١٧٩.

بەدرخان)و دواتر (عەبدولڕەحمان بەدرخان)ەوە[10] دەردەکرا بەناوی (کوردستان)، دەبینین کە ناوی ڕۆژنامەکە (کوردستان)، گوزارشتێکی نەتەوەیی هەڵگرتووەو زمانحاڵی وڵاتو خەڵکیکە، ئەم ڕۆژنامەیە سەرەتا زیاتر گرنگی بەلایەنی ڕۆشنبیریو زانست دەداو دواتر لایەنی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو مێژوویشی بەسەر کردەوە.[11]

ئەگەر سەیری روو پەڕەکانی ڕۆژنامەکە بکەین دەبینین کە هەندێ جارنامەی لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە پێ گەیشتووە کە خۆشحاڵیو پیرۆزبایی خۆیان تیادا نوسیوە، لەژمارە (٣) نامەیەکی لەشامەوە بۆ هاتووەو بڵاوکراوەتەوەو باس لەوە دەکات کە ژمارەیەك لەژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی بەدەست گەیشتووەو هەموو کوردەکانی دەوری خۆی کۆکردۆتەوەو کاتێك کە بینیویانە ناوی (کوردستان)ە یەکەیەکە ماچیان کردووەو لەسەرسەری خۆیان داناوەو دواتر بۆ هەموویانی خوێندۆتەوە.[12]

ڕۆژنامەی کوردستان، لەپەروەردەکردنی تاكو کەلتوری کوردی گرنگی‌یەکی تایبەتی هەبوو، دەستی باڵای هەبوو لەبزواندنی بیرو هۆشی نەتەوایەتی کوردی،[13] کاریگەری‌یەکی زۆر دیاریشی کردە سەر کۆمەڵگەی کوردی.[14]

---

[10] دەربارەی ژیانی بڕوانە: کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، پێشەکی: د. فەرهاد...، لا ١٢-١٨.

[11] بڕوانە: کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی... (١٨٩٨-١٩٠٢)..

[12] هەمان سەرچاوە، ژمارە (٣)، لا ٣.

[13] کەندالو قاسملو: گەلێکی پەژموردەو...، لا ٩٥-٩٦.

[14] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، لا ٨.

هەروەها لەساڵی (١٩٠٨)ز، دواتر، لەئەنجامی ڕەخساندنی هەلی لەبار چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار دەرکران، هەندێکیان زمانحاڵی پارتەو ڕێکخراوەکان بوون، ئەم ڕۆژنامانە گرنگی‌و بایەخی زۆریان بەزمان‌و ئەدەبی کوردی‌و لایەنی ڕۆشنبیری‌و لایەنی نەتەوەیی کورد دەدا. لەژمارەی (٢)ی ڕۆژنامەی (کورد تەعاون تەرەقی)دا (مەلا سەعیدی کوردی)، لەوتارێکدا بەناوی (چی بۆ کورد پێویستە) دەڵێت:

((نزیکەی پانزە ساڵە من دەیهێنم‌و دەیبەم‌و بیم لای ئەم مەسەلەیەیەو گەیشتومەتە دوو ئەنجامی گرنگ، لام وایە تەنیا ئەو دووشتە چارەنوسی کوردستان دیاری دەکەن؛ یەکێتی نەتەوەیی‌و هۆشیاری نابینی..))[١٥]

هەروەها لەژمارە (٣)ی هەمان ڕۆژنامەدا (ئیسماعیل حەقی بابان) باسی گرنگی نەتەوایەتی کردووەو داوای کردووە منداڵی کورد فێری زمانی کوردی بکرێت، بەلای ئەم نوسەرەوە بوژاندنەوەو پەرەپێدانی زمان ڕێگای نەتەوەیەو کلیلی خوێندەواری زمانە.[١٦]

بەهەمان شێوە (مینۆرسکی) باس لەگۆڤاری (ڕۆژی کورد) دەکات‌و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم گۆڤارە ڕێڕەوێکی نەتەوایەتی ئاشکرای هەبووەو هەستی نەتەوایەتی لەناخی کوردەکاندا بلاوکردۆتەوەو ئاماژە بەوەش دەکات کە کاریگەری ئەم گۆڤارە سنورێکی فراوانی کوردستانی گرتۆتەوەو گەیشتۆتە ناوچەکانی سلێمانی.[١٧]

گۆڤاری (بانگی کورد)- بانگی کورد- کە لەپێش جەنگی جیهانی‌دا دەرچووە گرنگی زۆری هەبووە بۆ بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی‌و ئەم لایەنە لەناوەڕۆکی وتارەکانیدا بەئاشکرا خۆی دەنوێنێت.[١٨]

---

[١٥] جەبار قادر: چەند بابەتێکی...، لا ١٤.

[١٦] هەمان سەرچاوەو لاپەرە.

[١٧] مینۆرسکی: کورد، لا ٩٥.

[١٨] فاروق علي عمر: الصحافة الكردية في...، ص ٣٦.

بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین کە رەوتی رۆژنامەگەری کوردی سات لەدوای سات لەپەرەسەندندا بووە رووەو پێشەوە ئاراستەی وەرگرتووە، بەمەش بایەخی زۆرتری لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا پەیداکردووە بەجۆرێك کە هەر شۆڕش و راپەڕینێکی کوردی یان پارت و رێکخراوێك لەمێژوودا دیاری ئەکەیت زماحاڵێکی تایبەت بەخۆی هەبووە کە دروشم و ئامانجەکانی روون کردۆتەوەو بەخەڵکی ناساندووە، تەنانەت ئەگەرچی لەشاخ و ناوچەی سەختیشدا بووبێت ئەوا لەرۆژنامە بێ بەش نەبووەو ئەم لایەنە بەشێوەیەکی زیندوو خۆی دەنوێنێت.[19]

رۆژنامەی (کورد)ی زماحاڵی شۆڕشەکەی سمکۆو (ئاگری)ی زماحاڵی شۆڕشی (ئاگری)و چەندان رۆژنامەو گۆڤاری تر نمونەو بەڵگەی ئەم راستیەن.

تەنانەت ئەگەر بەئاشکراش باسیان لەنەتەوەیی بوون نەکردبێت ئەوا ئاراستەوخۆو لەرێگای کارکردن لەسەر لایەنی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی ئەم مەبەست و ئامانجانەی خۆیان روون کردۆتەوەو گەیاندووە.

**٤- شۆڕشەکانی رۆژهەڵات و کاریگەری لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی:**

بزوتنەوەی ئازادیخوازەکانی پێش (جەنگی یەکەمی جیهانی)ی گەلانی هاوسێ، کاریگەرییان لەسەر نەتەوەی کورد هەبوو، لەشۆڕشی (١٩٠٥)ز روسیا ئاگاداربوون، هاوکات شۆڕشی (١٩٠٥)ز ئێرانی و (١٩٠٨)ی تورکیا، کە لەپێناوی دەستوورو یاسایەکی دیموکراتی‌دا بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی گەل و پەرلەمان بەرپابوون و بووە هۆی ئەوەی نیشتمان پەروەرو ناسیۆنالیستە کوردەکان رووەو هاوکاری و یارمەتیدانی ریفۆرمیستە تورکەکان و دەستورخوازە ئیرانی‌یەکان ئاراستەی خۆیان بگۆڕن و دژی ستەم و

[19] (نەوشیروان مستەفا: سەردەمی قەڵەم و مورابجەعات (١٩٢٨-١٩٣١)، چ١، سلێمانی، ١٩٩٩؛ جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژوویی..؛ -Malmisanij: (ROJNAMEGERiYA KURDi....

چەوساندنەوە خەبات بکەن بەهیوای بەدەست خستنی مافەکانیان و بنیاتنانی کیانێکی کوردی.[٢٠]

لەبەرئەوە دەبینین بەشداری‌یەکی راستەوخۆی شۆڕشەکانی ئێران و تورکیا دەکەن و ئەم شۆڕشانەش بەجۆرێك کاردەکەنە سەر خەباتی نەتەوەیی کوردی، کە شکلبەندی خەبات چوارچێوەیەکی رێکخراوترو سنورێکی فراوانتر لەمیکانیزمی خەبات بگرێتەبەر بۆ بەدەست هێنانی خواستەکانی.

لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسی لەساڵی (١٩١٧)ز دا، کارکردنێکی مەعنەوی هەبوو لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی و[٢١] عەقڵی تاك لەکۆمەڵگەی کوریدا، ئەمەش لەکاتێکدا هەڵسا بەئاشکراکردنی گشت پەیماننامەو رێکەوتننامە نهێنی‌یەکان کە مەبەستی داگیرکاری و دەست بەسەراگرتنی ناوچەکانی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناڤین)ی تیادا گەڵاڵە بوو بوو.

هەروەها بیری بەلشەفیك لەئەنجامی گەڕانەوەی هەندێك لەگیراوە کوردەکان لەرووسیا ئەم بیرۆکەیان لەگەڵ خۆیان هێنابووەوە کوردستان و بەتایبەتی لەناوچەکانی سلێمانی و کۆیەدا بڵاوبوو بووەوە.[٢٢]

وەك (خاجۆ، شێخ ئەحمەد بارزانی، شێخ مەحمود...)

کەواتە هۆکاری پەیوەندیدارێکی کەسایەتی و شۆڕشە کوردی‌یەکان رۆڵی تایبەتی خۆی هەبووە لەبرەودانی ناسیۆنالیزمی کوردی.

---

[٢٠] جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية...، ص ٩١؛ جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، ل ٩٣-٩٤.

[٢١] مەحمود رەزا: شۆڕی ئۆکتۆبەرو چارەنوسی چەند گەلێکی رۆژهەڵات (١٩١٧-١٩٢٣)، بش ٢ن گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان- سیاسەتی دەولی ٢٠-)، ژمارە (٤)، ساڵی (٥)، تشرینی دووەم ١٩٩٧، ل ١١٩.

[٢٢] جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية...، ص ١٠٥.

دووەم- لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی.

لێکۆڵینەوە لەم لایەنەی ناسیۆنالیزمی کوردی تارادەیەك ناشکرایەو زۆرینەی پسپۆڕان‌و لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە، هەریەك لەدیدێکەوە گرنگترین هۆکارو لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی دیاری کردووە، کەوای کردووە کورد وەك خواستراوو پێویستە نەگات بە ئامانجەکانی...

لەبەرئەوە ئێمە جارێکی تر وەك ئەوەی لەلێکۆڵینەوە بۆمان ئاشکرا بووە چەند خاڵێك وەك لەمپەرو هۆکاری سەرنەکەوتنی خەباتی نەتەوایەتی کورد دیاری دەکەین:

**١-چڕبوونەوەو زۆری جیاوازییەکان:**

ئەگەر سەیری کوردستان بکەین، وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی‌و جوگرافی...، دەبینین کە ڕژێمی دەرەبەگی‌و نیمچە دەرەبەگی لەم ماوەیەدا (١٨٨٠-١٩٣٩) بەشێوەیەکی گشتی باوبووە کە کۆسپ‌و تەگەرەی گەورەو کاریگەری ڕێگای بەرەو پێش چوون‌و سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاری‌و نەتەوەیی‌یەکانی کورد بووە.[٢٣]

ئەم لایەنە وای کردووە کە پێکهاتەی خێڵایەتی زیاتر قوڵ ببێتەوەو هەمیشە دڵسۆزی بۆ خێڵ‌و بنەماڵەو ناوچەو هەمرو دڵسۆزی‌یەکی تەسك، ئەکەوێتە پێش دڵسۆزی بۆ نەتەوەو خەباتی نەتەوەیی...[٢٤] لەبەرئەوە زۆر بەسانایی توانراوە کە دووبەرەکی‌و ناکۆکی لەناو شۆڕش‌و ڕاپەڕینە کوردی‌یەکان‌و بگرە پارت‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانیش دا دروست ببێت‌و لەپێناو وەرگرتنی پایەیەکی بەڕێوەبردنی سادە یان ماڵ‌و سامان زیانێکی زۆری لەبزاڤە کوردی‌یەکان داوە.

---

[٢٣] جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية...، ص ٦٧؛ جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، لا ١٧٣.

[٢٤] صالح محمد أمين: کوردو عەجەم، لا ١٥٧-١٥٨.

ئەم واقیعە وای کردووە کە ئیتر چەمکی خیانەت‌و ناپاکی کردن لەپاڵ هەموو هەوڵێکی نەتەوەیی‌و لەماکی هەموو شۆڕشێکی رزگاریخوازی لەپێناوی کوردو کوردستاندا گەشە بکات.[٢٥]

لەبەرئەوە ئەگەر سەیری نوسینی رۆژهەڵاتناسەکان بکەین، وەك ئەرێتێك‌و وەك بەشێك لەکەسێتی کوردی باس لەم لایەنە ئەکەن.[٢٦]

هەر کەسانێکی وەك ئەمانە بوون کەبوونە داردەستی سوڵتان عەبدولحەمیدو بەهۆیەوە توانی هەم گورزێکی کاریگەر لەسەرکوت کردنی بزاڤی نەتەوەیی ئەرمەن‌و هەم گیانی شۆڕشگێڕی‌و نەتەوەیی بۆ ماوەیەك لەلای کورد کپ بکاتەوە.[٢٧]

**٢-ئایین وەك میکانیزمێکی چەواشەکار:**

یەکێك لە لەمپەرە گرنگ‌و مەترسی‌یەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی (کە تا ئەمڕۆش لەبەشێك لەعەقڵی کوردیدا بوونی هەیە) بریتی بووە لەئایین‌و تێ نەگەیشتن لەچەمکە ئیسلامی‌یەکان (برایەتی- یەکێتی مسڵمانان- جوداخوازی- هەڵگەڕانەوە...).

عەقڵی کوردی لەکاتی تێڕوانینی بۆ ئەم چەمکانەو تێگەیشتن لێیان، وەك کۆمەڵێك چەمك مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، کەئەو ماناو تێگەیشتنە لای بەرامبەرو نەیاران شتێك نەبووە بوونی هەبێت، بەڵکو هەموو ئەو دەسەڵاتە داگیرکارانە، ئیسلامیان وەك ئایین بۆ پەردەپۆش کردنی رووی زۆرداری‌و داگیرکاری خۆیان بەکارهێناوەو پارێزگاری کردن‌و پاراستنی باڵایەتی خۆیان‌و نەتەوەکەیان بووە لەسەر نەتەوە ژێر دەستەکانی تر،

---

[٢٥] بڕوانە: حسرتیان: کردستان ترکیا...، ص ٥٤؛ جلیلي جلیل وآخرون: الحرکة الکردیة في...، ص ١١١و ١١٦.

[٢٦] صالح محمد أمین: کوردو عەجەم، لا ١٥٨.

[٢٧] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، لا ١٨-١٩.

لەبەرئەوە تەنیا مەبەستیان کپ کردنەوەی دەنگی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی بووە.

لەقۆناغی یەکەمی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، ئەم لەمپەرە زیاتر دیارە... چونکە سوڵتانی عوسمانی وەك (خەلیفەی ئیسلام و موسڵمانان) بوونی هەبوو رەمزی پیرۆزی و دەسەڵاتی خوا بووە.[28]

بۆیە دەبینین لەشۆڕش و راپەرینە نەتەوەیییەکان و خەباتی ناسیۆنالیزمی کوردی بەشێوەیەکی گشتی زۆرجار لایەنی ئایینی زاڵ بووە لەسەر لایەنی نەتەوەیی و لەئامانج و مەبەستی دیاری کراوی خۆی لایداوە.

سەرەرای ئەوە جیاوازی لەئاینزاش بەجۆرێکی تر کاریگەری هەبووەو لەمپەری دروست کردووە، وەك جیاوازی و ناتەبایی نێوان سوننی و عەلەوییەکان لەراپەڕینەکانی (قۆچگیری و شێخ سەعیدی پیران)دا.[29]

بەشێوەیەکی گشتی بوونی فرە ئایینی و ئاینزایی جۆرێك لەمپەری دروست کردووە لەبەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی و جێبەجێ بوونی خواستەکانی کورد.[30]

### ۳-سومبولی سەرکردایەتی.

سومبولی سەرکردایەتی و دۆزینەوەی گشت هێزو تواناکان و لێهاتوویی لەبواری سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی کورددا لەتاکەکسدا، لەمپەرێکی کاریگەری تربووە، کە بەدرێژایی مێژوو خەباتی بەرەو تیاچوون و نەمان بردووە، ئەگەر سەیری زۆرینەی راپەڕین و شۆڕشەکانی کورد بکەین بەلەناوچوونی سەرکردەکەی، هەوڵەکەش رووەو ساردبونەوەو کپ بوونەوەی چووە.[31]

---

[28] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و...، ب۱، ل ۲۵۰.

[29] روبەرت ئۆلسن: راپەرینی شێخ سەعیدی...، ل ٦٤.

[30] حسرتیان: کوردستان ترکیا...، ص ٥٠؛ درك کینان: کوردو کوردستان، ل ۲۱.

[31] قاسملو: کوردستان و کورد، ل ۸۹؛ صالح محمد أمین: کوردو عەجەم، ل ۲۰۸.

یان زۆرجار سەرکردەکان کەسانی نەشارەزا بەهونەرو نەخشە سەربازیو جەنگی یەکان بوون نەیانتوانیوە بزوتنەوەیەکی سەرانسەریو یەکگرتوو پێک بهێنن و قورسایی یەك دروست بکات لەسەر سیاسەتی جیهانی.[٣٢]

هەروەها هەندێك جار لەئەنجامی بوونی ناکۆکی لەنێوان سەرکردەو هەندێك لەخێلو عەشیرەتەکان، ناکۆکی لەنێوان شۆڕشگێڕان سەری هەڵداوەو لایەنێك لەدژی لایەنەکەی تر پاڵپشتی دوژمنی کردووە بۆ لەباربردنی هەوڵە نەتەوەیی یەکان، نمونەش (خالید بەگو کێشەی نێوانی لەگەڵ هەرمەکەکانداو چەندین نمونەی تریش.[٣٣]

یان ئامادەنەبوونی ئەم سەرکردانە لەشوێنی راپەڕینو نەتوانینی دسپلین کردنی کاتی سەرهەڵدانو ئاراستە کردنی شۆڕشگێڕانو روون کردنەوەی ئامانجو مەبەستەکانی راپەڕینو شۆڕشەکە.

## ٤-هاوکاریی دەوڵەتە هەرێمی یەکان:

دەوڵەتە هەرێمی یەکان، ئەگەرچی ناکۆکی نێوانیان توندوتیژو قوڵ بێت، بەڵام لەئاست لێدانی کوردو بزاڤی نەتەوەیی کورد یەك دیدو هەڵوێستیان هەبووەو جۆرەها ناوو ناتۆرەشیان خستۆتە پاڵ. شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلا بەهاوکاری لەنێوان هەردوو دەوڵەتی ئێرانو عوسمانیو پاڵپشتی روسیاو بەریتانیا کپ کرایەوەو بەرەو هەڵدێر برا.[٣٤]

دوای دروست بوونی هەریەك لەدەوڵەتی عیراقو سوریا... گیانی هاوکاری لەپێناو سەرکوتنە کردنو لێدانی بزاڤی رزگاری نەتەوەیی کورد لەنێوان (ئێرانو عیاقو تورکیا) بەهێزتر بووە بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کۆبوونەوەو پەیماننامەیان بەست کە لەبەندەکانیاندا باس لەم بوارانەی تایبەت بەکورد کرابوو.

---

[٣٢] مارف عومەر گوڵ: کێشەی کەسایەتی...، لا ٤٨-٤٩.

[٣٣] رۆبەرت ئۆلسن: راپەڕینی شێخ سەعیدی...

[٣٤] بڕوانە: بەڵگەنامەکانی لەتاریکی یەوە بۆ رووناکی.

گرنگترین ئەڵقەی ئەم سیاسەتە پەیماننامەی (٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦) بوو لەنێوان بەریتانیاو عیراق لەلایەكو تورکیا لەلایەکی ترەوە لەئەنقەرە مۆرکرا... لەبەندەکانی ئەم پەیمانە هەردوولا لەسەر سیاسەتێکی دژ بەبزاڤی نەتەوەیی کوردی رێك کەوتن کە لەیەکێك لەو بەندانەی ئەم پەیمانە هاتووە هەردوولا گفت دەدەن کە بەهیچ جۆرێك پەیوەندی لەگەڵ سەرەك هۆزو شێخو ئەندامانی ئەو هۆزانەی هاووڵاتی وڵاتەکەی ترن نەکەن.[٣٥]

لە (٢٦ی ئەیلولی ١٩٢٦) دا لە (تاران) پەیماننامەی دۆستایەتیو پاراستنی ئاسایش لەنێوان تورکیاو ئێراندا مۆرکرا... بەندەکانی ئەم پەیماننامەیەش هەوڵی دارشتنی سیاسەتێکی دژکاریانە بوو بەکوردو بزاڤی نەتەوەییەکەی...[٣٦] لەمانگی (تایاری ١٩٣٠)دا حکومەتی ئێرانی رێگەی بەسوپای تورك دا کە بێتە ناوچەکانی ئێرانو لەپشتەوە لەشۆرشگێرانی ئارارات بدات.[٣٧]

هەروەها لەبەهاری ساڵی (١٩٣٤)دا شای ئێران سەردانی ئەنقەرەی کردو لەرێکەوتنێکدا لەسەر کێشەی کورد، رێکەوتن لەسەر داخستنی سنورەکانو رێگری کردن لەبزاڤی نەتەوەیی کوردی.[٣٨]

لەساڵی (١٩٣٧)دا هەرچوار دەوڵەتی (ئێرانو عیراقو تورکیاو ئەفغانستان) لەپەیماننامەی (سەعد ئاباد)دا، گشت لایەکیان بەڵێنیان دابوو بۆ هاوکاری کردنی هەر دەوڵەتێك لەم دەوڵەتانە لەکاتی سەرکوت

---

[٣٥] عارف عومەر گوڵ: کێشەی کسایەتی....، لا ٥٤؛ جەبار قادر: چەند بابەتێکی....، لا ٥٩.

[٣٦] هەمان سەرچاوە، ٦٠-٦١.

[٣٧] کندالو قاسملو: گەلێکی پەژموردەو...، لا ١٤٠؛ حسرتیان کردستان ترکیا...، ص ١٥١.

[٣٨] م. ن، ص ١٦٢.

کردنەوەی هەر شۆڕش‌و ڕاپەڕینێك كە بیەوێت ڕزگاری بێت‌و دژی ڕژێم بێت.[٣٩]

ئەمانەو گشت ئەو ڕێكەوتنە فەرمی‌و نافەرمیانەی كە لەنێوان ئەم وڵاتانەدا ئەكراو ئەبەسترا،[٤٠] تەنها مەبەستیان مەترسی بزاڤی نەتەوەیی كوردی بوو... لەبەرئەوە، بەردەوام وەك لەمپەرێكی گەورەو كاریگەر بووە هۆی شكست پێ هێنان‌و لاوازكردنی نەتەوایەتی‌و هەستی ڕزگاریخوازی‌و بێ هیوایی لەلای كورد.

٥-سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەكان:

دەوڵەتە ئیمپریالیستەكان، هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەو لەگەڵ هاتنیان بۆ كوردستان‌و ناوچەكە، لەهەوڵی بەدەست هێنانی بەرژەوەندی‌یەكانی خۆیاندا بوون‌و هەمیشە لەبیری ئەوەدابوون كە سیاسەتێكی وا پراكتیزە بكەن ئەمەلێكی درێژی مانەوەیان لەناوچەكەدا بۆ بەرجەستە بكات.

لەبەرئەوە بۆ وەدی هێنانی ئەم بەرژەوەندیانەو هەندێ جارو لەئەنجامی دروست بوون‌و بەرپابوونی شۆڕش‌و بزاڤی كوردی، مەترسی كەوتۆتە سەر بەرژەوەندی‌یەكانی ئەم دەوڵەتانە یان وایان هەست كردووە كە دەبنە مەترسی بۆیان، لەبەرئەوە ئەمانیش یەك هەڵوێست لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمی‌یەكان هاتونەتە مەیدانی سەرەونگون كردنی خەباتی نەتەوەیی‌و ڕزگاریخوازی كوردی‌و هاوكاری ئەم حكومەتە هەرێمیانەیان كردووە.

لەساڵی (١٨٨٠)داو لەبەڵگەنامە بەریتانی‌یەكاندا، ئەو هەوڵە شێلگیرانەمان بەرچاو دەكەوێت كە هەریەك لەكۆنسوڵگەكانی بەریتانیاو ڕوسیا لەسنوری دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێرانی‌دا ئەنجامیان داوە بۆ لێك نزیك

---

[٣٩] صلاح الدين سعدالله: كردستان والحركة التحرية...، ص ٤٠١.

[٤٠] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: جەبار قادر: چەند بابەتێكی مێژوویی كورد، لا ٥٨-٧٠.

کردنـەوەی هـەردوو دەوڵـەتی ئـێرانیو عوسمـانی بـۆ دامرکاندنـەوەی شۆڕشەکە.[٤١]

لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی هاتنی بەریتانییەکان بۆ عیراقو دواتر باشوری کوردستان، دەبینین هەمیشە لەبەرامبەر شێخ مەحمودو شێخ ئەحمەدی بارزانی وەك لەمپەرێك وەستاونو بەفرۆکەو هێرشـی سەربازی ئەم کارە دژەکاریانەیان ئەنجام داوە.[٤٢]

لەکاتی کۆنفرانسی ئاشتی لەپاریس، کە بارودۆخی ناوچەکە شپرزەو بێ سەروبەر بوو، دەرفەتێکی لەباربوو بۆ راپەڕینی کوردەکان، بەڵام بەریتانیا شێخ عەبدولقادری ئاگاداركردبووەوە کە پێویستە هێمنی ناوچەکە بپارێزێتو هیچ کارێکی سەربازی بەرپا نەکات.[٤٣]

بەهەمان شێوە بەهاوکاری لەگەڵ فەرەنسادا رێگری ئەو نوێنەرانەیان کرد کە نوسراوی باشور بگەیەننە دەستی شەریف پاشا.[٤٤]

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پـەیمانی لـۆزان خـۆی لـەخۆیدا زەبرێکـی کۆلۆنیالانەی سەخت بوو ئاراستەی نەتەوەی کوردو بزوتنەوەکەی کرا،[٤٥] پێش ئەم مێژووە کێشەی کـورد بەدەست داگیرکەرانـەوە بـوو بـووە یاریـەكو بەویستی خۆیـان ئاراستەکەی دیاری دەکرا... بەتایبەتی هـەندێ لـەکار بەدەستەکانی وەك: کۆرنوالیسو هۆڵتو ئیدمۆنزو سۆنو نوئیلو... کە دەوری کاریگەریان لەچارەنوسی کوردەکانی باشور هەبوو.

---

[٤١] لەتاریکییەوە بۆ رووناکی...

[٤٢] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو...، ب١، ل ١٢-١٣.

[٤٣] جەلال تەقی: بیرەوەرییەکانی دەربارەی...، ل ١٢-١٣.

[٤٤] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو...، ب١، ل ١٢.

[٤٥] مارف عومەر گول: کێشەی کسایەتی...، ل ٥٢.

هەروەها لەڕاپەڕینی (ئەیلولی ڕەش)دا لەسلێمانی، بەریتانی‌یەکان ڕاستەوخۆ دەستیان وەردایە لەناوبردنی ئەم ڕاپەڕینەو دژایەتی ڕاپەڕیوان[٤٦] بەهەمان شێوە فەرەنسا لەسەرکوت کردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیراندا هاوکاری تورکیای کردو ڕێگەی بە تورکیادا کە سوپاکەی بەخاکی سوریا تێ پەڕێنێ‌و لەدواوە لەشۆڕشگێڕان بدات.[٤٧]

ڕوسیاش‌و دواتر سۆڤیەت، بەردەوام لایەنێکی بەهێزبوون کە یارمەتی هەموو دەوڵەتێکیان داوە کە کوردیان بەرسەردا دابەش کراوەو وەك پاڵپشتێکی بەهێزبوون بۆ ئەم دەوڵەتانە لەکاتی لێدانی بزاڤی نەتەوەیی کوردی...[٤٨]

لەکاتێکدا کورد چەندین جارو لەچەندین قۆناغی جۆراوجۆرداو لەلایەن سەرکردە کوردەکانەوە داوا لەم دەوڵەتانە کراوە کە پشتگیریان لێ بکەن، بەڵام تەنها وەك لایەنی مەعنەویش ئەم کارەیان ئەنجام نەداوەو وەڵامی ئەو داوایانەیان نەداوەتەوە.

بەم جۆرە دەبینین کە سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، هەمیشە لەمپەرێکی ئامادەبوون لەبەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی‌و ئەتوانین بڵێین هۆکاری سەرەکی شکستی شۆڕش‌و خەباتی نەتەوەیی کوردە، پێش هەر هۆکارێکی تری ناوخۆیی یان دەرەکی.

ئەمانە گرنگترین ئەو لەمپەرانە بوون کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لەشکست پێ هێنانی خەباتی نەتەوەیی کورد، ئەشێت هەندێك هۆکاری تر هەبێت کە نوسەرانی تر ئاماژەیان بۆ کردووە وەك هۆکاری تۆپۆگرافی کوردستان کە سروشتێکی شاخاوی هەیە، یان نەبوونی هۆکارەکانی پەیوەندی کردن‌و ڕێگاوبان لەنێوان شارو ناوچە کوردی‌یەکان.

---

[٤٦] ئەنوشیروان مستەفا: سەردەمی قەڵەم‌و...، لا ٧.

[٤٧] جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية...، ص ١١٢-١١٤.

[٤٨] مەحمود ڕەزا: ڕۆڵی شۆڕشی ئۆکتۆبەر...، بش ٢، لا ٨٦-١١٩.

هەروەها هەندێکی تریش باس لەدواکەوتوویی چەک و تەقەمەنی و هونەری جەنگی و سەربازی دەکەن لەبەرامبەر دوژمناندا.

دیارە ئەمانەش رۆڵی خۆیان هەیەو کاریگەریان لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی بەشێوەیەکی رێژەیی هەبووە.

سێیەم- دەرەنجامەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی.

ئەگەرچی ناسیۆنالیزمی کوردی نەیتوانیوە بگاتە ئامانجە باڵاکەی کە بنیاتنان و پێکهێنانی کیانێکی نەتەوەیی سەربەخۆیە، بەڵام لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك دەرهاویشتەو دەرەنجامی لێ کەوتۆتەوە، بەشێك لەم دەرەنجامانە ئیجابین و رۆڵ و بایەخیان لەمێژووی کوردا دیارەو کاریگەری خۆیان لەسەرکێشەی نەتەوەیی کورد هەبووە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەشێت وەك سروشتی گشت ناسیۆنالیزمێکی تر خاوەنی کۆمەڵێك سلبیاتیش بێت.

١-ناسیۆنالیزمی کوردی بەهەموو لایەنەکانی خەباتییەوە (چەکداری- سیاسی- میدیا...) توانیویەتی کار لەسەر هەست و هۆشی نەتەوەیی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بکات و ئەو پرسیارە لەلای تاکی کورد بوروژێنێت کە ئایا بۆچی ئێمە تائێستا کیانێکی سەربەخۆمان نییەو ژێردەستین، لەبەرئەوە دەبینین کە لەهەموو بەشەکانی کوردستان و بەتایبەتی لەقۆناغی دووەمی ناسیۆنالیزمی کوردیدا کوردەکان چاودێری خەباتی نەتەوەیی بەشەکانی تریان کردووەو گەر بۆیان رەخسابێت یارمەتی و کۆمەکیان کردووە، ئەم هەستەیە کە لەدەرەنجامەکانی شکستی راپەڕینی ساڵی (١٩٢٥)دا، کوردەکان لەباشور خۆپیشاندان دەکەن و دەنگی نارەزایی بەرز دەکەنەوە.[٤٩]

هەندێ جار بۆتەهۆی ئەوەی کە لەدەرەنجامی کپ کردنەوەی راپەڕینێکی نەتەوەیی یان کوشتنی سەرکردەیەك یان بڕیاردان لەدژی سیما نەتەوەییەکانی کورد، راستەوخۆ راپەڕین بەرپابووەو زۆرجار سنورێکی

[٤٩] حەرتیان: کردستان ترکیا...، ص ١١٩.

فراوانی گرتۆتەوە، ڕاپەڕینی (ئەیلولی رەشی ١٩٣٠)ی سلێمانی‌و (دەرسیمی) ساڵی (١٩٣٧-١٩٣٨)ی باکوری کوردستان‌و جەعفەر سوڵتان لەرۆژهەڵات دیارترین نمونەی ئەم لایەنەن.[٥٠]

بەم جۆرە ناسیۆنالیزمی کوردی توانیویەتی بەشێوەیەکی رێژەیی تاکی کوردی رووەو خەباتی نەتەوەیی ئاراستە بکات‌و کیانی کوردی بکاتە خەمێك لەلای.

٢-ناسیۆنالیزمی کوردی توانی یەکێك لەکێشە ناهەموارو قوڵەکانی کورد چارەسەر بکات، ئەویش کێشەی ئەرمەنە، دیارە تاوانی کوشتنی ئەرمەنەکان کە درایە پاڵ کورد گرفتێکی مێژوویی دروست کرد، بەڵام ئەم کێشەیە هەروا لەسەرئەم رەوتە بەردەوام نەبوو، بەڵکو لەئەنجامی چەند هەوڵێکی بەئەرزش، کە لەسەر هەردوو ئاستی تاك وەك شەریف پاشاو کۆ وەك هەموو ئەو هاوکاری‌و تەبایی‌یەی کە لەنێوان کوردو ئەرمەندا هەبووە لەشۆڕشەکانی کوردو ئەو یارمەتیەی کە ئەرمەنەکان بەکوردیان پێشکەش دەکرد دەردەکەوێت.[٥١]

لەبەرئەوە ئەمە خۆی لەخۆیدا خاڵێکی ئیجابی گەورەی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو، کە توانی ئەو وێنەی خوێن رێژی‌و شەرانی‌یەی لەسەرکورد هەبوو لای نەتەوەی ئەرمەن‌و ئەوروپا بەگشتی نەهێڵێت، ئەمە لەکاتێکدا کە میدیای ئەرمەنی بوو بووە بڵندگۆیەك بۆ بانگەشەی نەتەوەیی کوردو تەنانەت لەسەرئاستی دەرەوەش‌و لەئەمریکا باسیان لەسیاسەتی شۆڤینی تورکەکان کردووە لەبەرامبەر کورد.[٥٢]

---

[٥٠] بۆ زیاتر زانیاری بروانە: جلال الطالباني: کردستان والحرکة القومیة...، ص ٨٩.

[٥١] جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای...، لا ١٧١-١٧٢.

[٥٢] کەندال‌و قاسملو: گەلێکی پەژمووردەو...، لا ١٤١-١٤٢.

ئەم پەیوەندی‌یە بەجۆرێك بەهێزبوو بوو کە تەنانەت ئەرمەنەکان بەشداریان لەکۆنگرەی دامەزراندنی گرنگترین‌و کاریگەرترین پارتی کوردی‌دا کردووە بەناوی (خۆیبوون)ەوە.[٥٣]

هەرئەم هەولانەبوو کە توانیان وا لەئەرمەن بکەن دەست لەدامەزراندنی دەولەتی ئەرمینیای گەورە هەلبگرن کە بەشێکی کوردستانیشی دەگرتەوە، هاوکات لێك نزیك بوونەوەو کارکردن لەسەرخالە هاوبەشەکان زیاتربێت‌و کێشە لەبەردەم خەباتی یەکتریدا دروست نەکەن.

٣-یەکێك لەدەرەنجامەکانی تری ناسیونالیزمی کوردی، بریتی بوو لەوەی کە کێشەی کوردی وەك کێشەیەکی نەتەوەیی بەجیهان بناسێنێت‌و بانگەشە بۆ مافی نەتەوایەتی بکات.

ئەم کاریگەری‌یە لەهەولی پارت‌و رێکخراوەکانی کوردستاندا زیاتر روون ئەبێتەوە، کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی دروست بوون‌و شێلگیرانە داکۆکیان لەمافە نەتەوەیی‌یەکانی کورد ئەکردو سەردانی بارەگاو کونسولگەی دەولەتە ئیمپریالیستەکان دەکردو نامەو نوسراویان ئاراستەی کۆنگرەو لیژنە نێودەولەتی‌یەکان دەکردو لەبارودۆخی ئابوری‌و سیاسی‌و کۆمەلایەتی کوردستان ئاگاداریان دەکردنەوە.

ئەم هەولانە بوو کەبووە هۆی ئەوەی لەکۆنگرەیەکی جیهانی‌و پەیماننامەیەکی وەك پەیمانی سیڤەر باس لەکوردو کیانێکی کوردی بکرێت، لەراستیدا هەولەکانی شەریف پاشاو پارتی دیموکراتی کورد ئەو هەولانە بوو کە کاریگەری راستەوخۆیان هەبوو لەسەرئەم پەیمانە.

هەروەها هەندێك لەبزاف‌و شۆرشە چەکداری‌یەکان، هۆکارێك بوون لەهۆکارەکانی بەنێودەولەتی کردنی کێشەی کوردو ناساندنی بەدەولەتان.

٤-لەئەنجامی خەباتی نەتەوەیی کوردو کاریگەری ناسیونالیزمی کوردیدا، دەبینین کە لەدوای هەموو هەولێك یان راپەرینێك، لێدانێکی زۆر بەهێزو کاریگەر ئاراستەی نەتەوەی کورد کراوە، بەجۆرێك هیچ پێوەرێکی مرۆیی نایگرتە خۆ..

---

[٥٣] ئارام عەلی: پەیوەندی نێوان کوردو روسیا، لا ٦٥.

لەدوای شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا، شای ئێران لەماوەی چەند هەفتەیەکدا بەهۆی سوپاو میلیشیاوە بەهەزاران کەسیان کوشتووەو نزیکەی سەد هەزار کەسێکیش ئاوارەو دەربەدەرو هەزاران گوندیش وێران کراون.[٥٤]

هەروەها لەدوای راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران و لەماوەی سێ ساڵ دا نزیکەی ٢١٧ گوند روخێنران و ٨٧٩٥ خانوو ماڵ سوتێنراون و ژمارەی کوژراوانیش ١٥٢٧٧ کەس بوون.[٥٥]

لەبەرئەوە کەمالی یەکانیش بەهەمان دڕندەیی و چەپەڵی سولتانە عوسمانی یەکان کە لەبەرامبەر ئەرمەن و یۆنانی یەکان، کوردیان داماڵە خاس کردو لەناویان دەبردن.[٥٦]

لەهەمان کاتدا سیاسەتی بە (تورك کردن و عەرەب کردن و فارس) کردن لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا بەردەوام بوو بەگشتی هەوڵیان ئەدا کە بونیادی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی هەڵتەکێنن، بۆیە دەبینین لەدوای گشت راپەڕینێك، دەستەو ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردەو رۆشنبیرانی کوردیان لەسێدارە داوە.

٥-سووربوون لەسەر خەباتی نەتەوەیی وای کردووە کە هەندێ جارو ئارادەیەك دوژمنانی کورد ئەرمی یەك بەرامبەر کورد بنوێنن ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت...

ئەو سازشکاری یانەی رەزا شا لەبەرامبەر سمکۆو کەمالی یەکان لەبەرامبەر شۆڕشی ئاگری و هەندێك لەسەرکردە کوردیەکان کردیان نمونەی ئەم لایەنەن.

بەڵام ئەشێت بڵێین لەهەمان کاتدا ئەم هەڵوێستانە بۆ خارکردنەوەو بەرەو هەڵدێربردنی ئەو بزاڤ و شۆڕشانە بوون، چونکە کوژرانی (سمکۆ) لەم لایەنەوە بوو.

---

[٥٤] صالح محمد أمين: کوردو عەجەم، لا ١٩٣.

[٥٥] لوسيان رامبو: الكرد والحق، ص ٤٤-٤٥.

[٥٦] م.ن... ص ٣٠-٥٠.

## دوا پەیڤ..

لە دوا پەیڤی ئەم لێکۆلینەوەیەدا و گوزەرکردن بە ناو ڕووداوە مێژووییەکانی ماوەی نێوان سالانی(١٨٨٠-١٩٣٩) ئەگەینە چەند ڕاستیەك:

*ناسیۆنالیزمی کوردی بە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهری سیمایەکی نەتەوەیی دیار و ئاشکرا وەردەگرێت ، کە دەکرێت وەك سەرەتای بە ئایدۆلۆجی بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی ناوزەدی بکەین، چونکە ئەم ناسیۆنالیزمە لێرەوە ئاراستە وەردەگرێت و هەولدەدات میکانیزمەکانی خەباتی نەتەوەیی فەراهەمبهێنێت لەپێناو بەدیهێنانی خواست و هیواکانیدا.

*لە میانەی دابشکاریەکانی ئەم لێکۆلینەوەیەدا بە سەرنج دان لە هەردوو قۆناغە سەرەکیەکەی ناسیۆنالیزمی کوردی کاریگەری ئاینیمان بۆ دەردەکەوێت لەسەر ئەم ناسیۆنالیزمەبەدیوێکیدا هەمیشە وەك هۆکارێکی کاریگەر تاکی کوردی پێچەواشە کراوە و خەبات و شۆڕشە نەتەوەییەکانی کوردی پێ سەرەونگون کراوە ، بە دیوێکی تریشیدا پابەندی کورد بە چەند ئایینزایەکی جیاواز بەتایبەتی (شیعی-سوننی) ڕۆلێکی سەلبی بینیوە لە هاوکاری نەکردنی یەکتریدا و لە کاتی بەرپاکردنی هەر شۆڕش و بزاوتێکی نەتەوەییدا بەتایبەتی ئەم لایەنە لە هەردوو شۆڕشی(قۆچگیری وشێخ سەعیدی پیران)دا بە ڕوونی دیارە.

*لەم توێژینەوەیدا ئەوە تێبینی دەکرێت،کە ناسیۆنالیزمی کوردی وەك گشت ناسیۆنالیزمێکی دی،خاوەنی کۆمەڵێك بنەما و

خواستی تایبەتی بووە و هەڵگری کۆمەڵێك دروشمی نەتەوەیی بووە ، کە بەردەوام هەوڵیداوە لە مەودایەکی فراوانی خەبات و بەکارهێنانی هۆکاری جۆراوجۆر و هەمەلایەن، زیاتر مانا بە نەتەوە و کێشەکەی بیەخشێت ، لەلایەکی ترەوە کاریگەری ئەم خەباتە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و بەرەوپێش بردنی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە ڕەنگی داوەتەوە.

*کاریگەری دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان و داگیرکارەکان لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی و بوونە لەمپەریان بە شێوەیەکی بەردەوام لەبەردەم ڕەوتی گەشەسەندن و بە دیهێنانی هیواکان وەك دەرەنجامێکی تری ئەم توێژینەوەیە خۆی دەنوێنێت.

*ناسیۆنالیزمی کوردی ئەگەرچی نەیتوانیوە قەوارەی سیاسی نەتەوەیی کوردی بەرجەستە بکات ، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە پاراستنی مۆرکی نەتەوایەتیو بانگەشەکردن بۆ کورد وەك نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوە و سەلماندنی ڕەوایەتی کێشەکەی...

## سەرچاوەکان:


**یەکەم — بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان**

١-د.احمد عثمان ابوبکر:

*نصوص ثلاث رسائل للشيخ عبيدالله النهري،مجلة(شمس كردستان) ،العدد (٦٩) نيسان ١٩٨٥.

*كردستان في وثائق لجنة (كيغ - كراين) ،مجلة(شمس كردستان) ،العدد (٧)، ١٩٧٢.

٢-جەمال میرزا عەزیز:

لەتاریکی یەوە بۆ ڕووناکی بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠ سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،١٩٩٩.

**دووەم-نامەوتێزە زانکۆییەکان**

٣-سعدي عثمان حسين:كردستان و الامبراطورية العثمانية(١٥١٤-١٨١٥) ،اطروحة ماجستير غير منشورة،مقدمة الى كلية الاداب —جامعة صلاح الدين،اربيل،١٩٩٥.

٤-ثروة اسعد صابر:كردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهايةالمشكلةالموصل،اطروحة ماجستير غير منشورة،مقدمة الى كلية الاداب —جامعة صلاح الدين،اربيل،١٩٩٩.

٥-عبدالله محمد علي علياوەيي:كردستان في عهد الدولة العثمانية من منتصف القرن التاسع عشر الى بدء الحرب العالميةالاولى،اطروحة دكتوراه غير منشورة،مقدمة الى كلية الاداب —جامعةالصلاح الدين ،اربيل،١٩٩٩.

٦-فاروق علي عمر: الصحافةالكردية في العراق-البدايات-(١٩١٤-١٩٣٩)، اطروحة ماجستير غير منشورة،مقدمة الى كلية الاداب —جامعة بغداد،تموز١٩٩٩.

٧-ياسين خالد حسن:كردستان الشرقية "دراسة في الحركة التحررية القومية فيما بين الحربين (١٩١٨-١٩٣٩)"، اطروحة ماجستير غير منشورة،مقدمة الى كلية الاداب — جامعة صلاح الدين،اربيل، ١٩٩٥.

**سێ یەم-سەرچاوە کوردیەکان**

٨-ئارام عەلی:پەیوەندی نێوان کورد و ڕوسیا(کوردستانی قەفقاز یا سۆڤێتی)، چاپخانەی ڕۆ، سلێمانی ١٩٩٠.

٩-ئەبوالقاسمی لاهوتی:کوردو کوردستان، و:جەبار قادر، هۆڵەندا، ١٩٩٨.

١٠-ئەحمەدی خانی:مەم و زین،ئامادەکردنی:هەژار،پاریس،١٩٨٩.

١١-ئیحسان نوری پاشا:شۆڕشی ئەتەوەیی کورد لە تورکیا و:م.جەمیل ڕۆژبەیانی،دارالحریە للطباعة، بەغداد،١٩٩٣.

١٢-بلەج شێرکۆ: کێشەی مێژینەوتیتنای کورد و: محەمەد حەمە باقی، کوردستانی عێراق، چاپی سێ یەم، ١٩٩٣.

١٣-جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژووی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٤-جەلال تەقی: بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و سمکۆ، چاپخانەی سلێمانی، سلێمانی، چاپی دووەم ١٩٩٩.

١٥-جەلیلی جەلیل:

*کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، و: د.کاوس قەفتان، دارالحریە للطباعة، بەغداد، ١٩٨٧.

*ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، و: د.کاوس قەفتان، دارالحریە للطباعة، بەغداد، ١٩٨٧.

*هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی و کلتووری کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوسەرەتای سەدەی بیستەم دا، و: ئەنوەر قادر محەمەد ستۆکهۆلم، ١٩٩٣.

١٦-جەمال نەبەز:

*بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری (قەومیەتی) ڕۆژهەڵاتی و نەبیری (ناسیۆنالیزمی) ڕۆژئاوای یە سوید، بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا، ١٩٨٤.

*کوردستان و شۆڕشەکەی و: کوردۆ بنکەی کۆمپیوتەری ئازاد سوید، ١٩٨٥.

١٧-جەواد مەلا و ئەوانی تر تاڵای ئیسلام یان ... تاڵای بەکرێ گیراوی چلکاوخۆری سلێمانی، چاپی دووەم، ١٩٩٩.

١٨-درك كينان: کوردو کوردستان، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٩-ڕەشاد میران: ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان دا، کوردستان، سەنتەری برایەتی، چاپی دووەم ٢٠٠٠ ز.

٢٠-ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، ساڵی ١٩٧١.

٢١-ڕۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی دووەم، ١٩٩٩.

٢٢-ڕۆهات ئالاكۆم: خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، و: شوکور مستەفا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٠ز.

٢٣-ڕۆزینە لۆمبۆرت: کورد گەلێکی بێ وڵات، و: ئەمجەد شاکەلی، ستۆکهۆلم، ١٩٩٤.

٢٤-سەلام ناوخۆش بەکر: کوردستان چۆن داگیرکراوو دابەش کرا ؟، چاپخانەی ژیان، هەولێر ١٩٩٨.
٢٥-شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، چاپی دووەم، ١٩٨١.
٢٦-صالح محمد امین: کوردو عەجەم (مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران)، لەندن، چاپی یەکەم، ١٩٩٢.
٢٧-عەبدولڕەحمان قاسملو: کوردستان و کورد، و: عەبدوللا حەسەن زادە، لەبلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣.
٢٨-عەبدولعەزیز یامولکی: کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد، و: شێرزاد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی دووەم، ١٩٩٩.
٢٩-عەزیز شەمزینی: جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی چاپی سێیەم، ١٩٩٨.
٣٠-عەلی سەیدۆگۆرانی: لە "عەمان" ەوە بۆ "ئامێدی" گەشتێك بەکوردستانی باشووردا، و: تالیب بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠.
٣١-فاضل حسین: کێشەی ولایەتی موسڵ، و: محەمەد شاکەلی، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣٢-کەمال فوئاد (ئامادەکردن): کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، (و. بەشە تورکیەکەی: شێرزادعەبدولکەریم)، پێداچوونەوە: مستەفا زەنگەنە/ عوسمان محەمەد هەورامی، سوپاس و پێزانین: د.کەمال فوئاد، پێشەکی: د.فەرهاد پیرباڵ/ مەلا بەختیار، بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠.
٣٣-کەمال مەزهەر: تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا، بەغداد، ١٩٧٨.
٣٤-کەندال و چەندانی تر: گەلێکی پەژمووردەو نیشتمانی پەرت (کوردستان و کورد)، و: م. گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨.
٣٥-کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی (٢٠ و ١٩)دا، و: محەمەد ڕەیانی، چاپخانەی سەقز، تەهران، چاپی دووەم، ١٣٦٩.
٣٦- کریس هارمن: سەرهەڵدانی پرسی نەتەوەیی، و: عوسمان حەسەن شاکر، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣٧-مارتن ڤان برۆنەسن: ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ، ئەڵمانیا، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، ١٩٩٠.
٣٨-مارف عومەر گوڵ: کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.
٣٩-محەمەد ئەمین زەکی: مێژووی کوردو کوردستان، بەغداد، ١٩٣١.

٤٠-محمد حمه باقی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری(١٨٨٠)لەبەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپخانەی موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠.
٤١-محمد ڕەسوڵ هاوار:
*شێخ مەحمودی قارەمان ودەوڵەتەکەی لەخواروی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠.
*شێخ مەحمودی قارەمان ودەوڵەتەکەی لەخواروی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١.
*سمکۆ(ئیسماعیل ئاغای شوکاك)و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، چاپخانەی ئاپێل، ستۆکهۆلم، ١٩٩٥.
٤٢-مەحمودی مەلا عیززەت: دیپلۆماسیەتی بزوتنەوەی کوردایەتی، چاپەمەنی ڕاپەرین، سلێمانی، ١٩٧٣.
٤٣-مەسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، و: سەعید ناکام، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٨.
٤٤-مەسعود محمد: حاجی قادری کۆیی، بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٧٤.
٤٥-م.س. لازارێف:
*کێشەی کورد(١٨٩٦-١٩١٧)، و: د. کاوس قەفتان، بەشی یەکەم‌و دووەم، بەغداد، ١٩٨٩.
*ئەو هۆکارانەی مەسەلەی کورد پێك دێنن، و: سەعد عەبدوڵلا، بەبێ ساڵ‌و شوێن‌و ژمارەی چاپ.
٤٦-مینۆرسکی: کورد، و: حەمە سەعید حەمە کەریم، بەغداد، ١٩٨٤.
٤٧-نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەردەمی قەڵەم‌و موراجەعات (١٩٢٨-١٩٣١)، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٤٨-واسیلی نیکیتین: کوردو کوردستان، و: هێدی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧.
٤٩-وەلید حەمدی: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و: موحەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
چوارەم-سەرچاوە عەرەبی یەکان
٥٠-إبراهيم خليل أحمد وجعفر عباس حمدي: تأريخ العراق المعاصر، دار الكتب، موصل، ١٩٨٩.
٥١-إبراهيم خليل أحمد واخرون: تركيا المعاصرة، جامعة الموصل، ١٩٨٧.
٥٢-أحمد زكي: فلسفة القومية، دار المعارف، مصر، بدون سنة.

٥٣-A.J.P.Tayler: الصراع على السيادة في أوربا(١٨٤٨-١٩١٨) ت:د.كاظم هاشم،
بغداد،١٩٨٠.
٥٤-أرنولد فان جينيب و ريفيه جوحانيه:هذه هي القومية ت:محمد عيتاني بيروت،١٩٥٣.
٥٥-إريك هوبسبارم : الأمم والنزعة القومية منذ عام(١٨٧٠) ت:عدنان حسين دارالمدى دمشق،
١٩٩٩.
٥٦-أورخان محمد علي: السلطان عبدالحميد الثاني (حياته و أحداث عهده) دار مكتبة الأنبار،
١٩٨٠.
٥٧-بيتر ورسلي: العوالم الثلاثة(الثقافة والتنمية العالمية)ت:صلاح الدين محمد سعدالله،
الجزء الثالث، بغداد،١٩٨٧.
٥٨-جابر إبراهيم الراوي: الحدودالدولية و مشكلة الحدود العراقية - الإيرانية(دراسة قانونية
وثائقية) مطبعة دارالسلام بغداد،١٩٧٥.
٥٩-جلال الطالباني:كردستان و الحركة القومية الكردية بيروت،١٩٦٩.
٦٠-جليلي جليل و اخرون:الحركة الكردية في العصر الحديث ت:عبدي حاجي دار الرازي للطباعة بيروت،١٩٩٢.
٦١-جمال نبز:الأمير الكردي مطبعة وزارة التربية،أربيل،١٩٩٤.
٦٢-جياووك الكوردي(م.ع.أ):القضية الكردية بغداد،١٩٢٥.
٦٣-حامد محمود عيسى علي:المشكلة الكردية في الشرق الأوسط،مكتب مديبولي،قاهرة،١٩٩٢.
٦٤-دافيد ماكدويل:الأكراد ت:إيفيت نايز،مركز إبن خلدون،قاهرة،١٩٩٨.
٦٥-زنار سلوبي:في سبيل كردستان ت:ر. علي رابطة كاوا بيروت،١٩٨٧.
٦٦-صلاح الدين محمد سعدالله: كردستان و الحركة الوطنية الكردية بغداد،١٩٥٩.
٦٧-عبدالرحمان قاسملو: أربعون عاما من الكفاح من أجل الحرية،ت: د. عزالدين مصطفى رسول، مطبعة جامعة صلاح الدين،أربيل بدون سنة.
٦٨-عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات، المنظمات، الأحزاب الكردية في نصف قرن(١٩٠٨ - ١٩٥٨)، شركة المعرفة للنشر و التوزيع، بغداد، ١٩٨٩.

٦٩-عبدالوهاب القيسي و اخرون:تاريخ العالم الحديث(١٩١٤ ـ ١٨٤٥)، جامعة الموصل،١٩٨٣.

٧٠-عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات،الطبعة الثانية،بغداد ،١٩٨٥.

٧١-علي حيدر سليمان:تاريخ الحضارة الأوروبية الحديثة،بغداد ،١٩٩٠.

٧٢-فيصل الدباغ: أضواء على كتاب (الجمعيات، المنظمات، الأحزاب الكردية في نصف قرن(١٩٠٨ ـ ١٩٥٨) )،أربيل،١٩٩٧.

٧٣-كارل بروكلمان: تاريخ الشعوب الإسلامية، ت: بينيه أمين فارس، منير البعلبكي، دار الملايين، بيروت، الطبعة التاسعة ، ١٩٨١.

٧٤-كاظم هاشم نعمة و فاضل حسين:تاريخ الأوروبي الحديث(١٨١٥ ـ ١٨٣٩) بغداد،١٩٨٢.

٧٥-كمال مظهر أحمد:

*كردستان في سنوات الحرب العلمية الأولى،ت:محمد ملا كريم،بغداد،١٩٨٤.

*دراسات في تاريخ الإيران الحديث و المعاصر،بغداد،١٩٨٥.

٧٦-م. أ. حسرتيان: كردستان تركيا بين الحربين، ت: د. سعدالدين ملاو باقي نازي، رابطة كاوا، بيروت، ١٩٨٧.

٧٧-مالميسانژ:

*بدرخانيو جزيرة بوتان، ت:شوكور مصطفى، مطبعة وزارة التربية، أربيل،١٩٩٨.

*القومية الكردية والدكتور عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين، ت: شوكور مصطفى، دار ئاراس للطباعة، أربيل، ٢٠٠٠.

٧٨-محمد محمد صالح: تاريخ أوربا من عصر النهضة حتى الثورة الفرنسية (١٥٠٠ ـ ١٧٨٩)، بغداد،١٩٨٢.

٧٩-موفق بني المرجة: صحوة الرجل المريض أو السلطان عبدالحميد الثاني والخلافة الإسلامية، كويت،١٩٨٤.

٨٠-لوسيان رامبو:الكرد و الحق،ت:عزيز عبدالأحد نباتي،أربيل،١٩٩٨.

٨١-ن. أ. خالفين:الصراع على كردستان(المسألة الكردية في العلاقات الدولية) ت: د.أحمد عثمان أبوبكر،بغداد،١٩٦٩.

٨٢-نجاح عطا الطائي:الفكر القومي،طهران،١٩٨٦.

**پێنجەم — سەرچاوە بە زمانی فارسی وبتی لاتینی**

٨٣-عبدالله الرازي:تاريخ كامل إيران، چاپ سيزدهم، تهران،١٣٧٦.

84-Malmisanÿ û Mahmûd Lewandî :Li Kurdistana bakur u li Tirkiyê

{ROJNAMEGERÎYA KURDÎ (1908 – 1992)} ,Cilt2, Ankara, 1992.

### شەشەم — گۆڤار و ڕۆژنامەکان :

#### أ. گۆڤارەکان

١-د.أحمد عثمان أبوبكر: كرد ستان في عهد السلام، مجلة (الثقافة)، حلقات، سنوات(١٩٧٨— ١٩٨٢).

٢-ئـازاد عـبدولواحد: فەلسـەفە و بیری نەتەوایـەتی، گۆڤـاری(کـادر)، ژمارە(٣٠) تشرینی یەکەمی١٩٩٢.

٣-ناراس فەتاح:نەتەوەو گرووپە ستراتیژیەکانی،گۆڤاری(ڕەهەند) ژمارە(١)،١٩٩٦.

٤-ئەکرەم محەمەد: سەردەمی نەتەوایەتی، گۆڤـاری (ڕێبازی نوێ)، ژمـارە(٢١)، کانونی یەکەمی ٢٠٠٠ز.

٥-نەسیر حەسەن پوور(پێداچوونەوەی کتێب): ئینتەرناسیۆنالیزمی کورد، و: هاشم کۆچانی، گۆڤاری(رابون)، ژمارە(٧و٨)، ١٩٩٣.

٦-حسـو هورمـي الحـالتي: عـن الأيزيديـة واليزيديـة، مجلـة (گـولان العربـي)، العدد(٣٢)، السنة الثالثة، (٢٥ )كانون الثاني(١٩٩٩ ).

٧-جـۆن پلامێنـاتز: دوو جـۆری ناسـیۆنالیزم، و: ئـازاد سـدیق، گۆڤاری(پەیڤین) ژمارە(١)، سالی یەکەم، تەمووزی ١٩٩٧.

٨-د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس:نەتەوەو نەتەوایـەتی (هۆکارەکـانی لاوازی نەتەوایەتی لای کوردو دروست نـەبونی قەوارەیـەکی سیاسـی)، گۆڤـاری (زانکـۆ)، ژمارە(٧)،(١٥)ئەیلولی(١٩٩٩).

٩-سعدي عثمان حسين: الحركة التحررية الوطنية في كوردستان الشرقية، (القسم الأول)، مجلة(گولان العربي)،العدد (٢٦) ،تموز(١٩٩٦).

١٠-ڕەفیق سـابیر:ناسیۆنـالیزم و ناسـیۆنالیزمی خێلـەکی،گۆڤـاری(سـەنتەری برایەتی) ژمارە(٦) حوزەیرانی(١٩٩٦).

١١-عەبدولعەزیز یامولکی: بنەماڵەی خەندان، ئامادەکردنی: سدیق سالح، گۆڤاری (پەیڤین)، ژمارە(٢) ئۆکتۆبەری(١٩٩٧).

١٢-عبدا لرزاق الحسني : تنصيب فيصل ملكا على عرش العراق، مجلة (آفاق العربية)، السنة(١١)، نيسان(١٩٨٦).

١٣-عبد الفتاح علي يحيى: عبدا لرزاق بدرخان البوتاني، مجلة(كاروان)، العدد(٦٥)، حزيران (١٩٨٨).

١٤-عثمان علي:

*الأسس الفكرية للحركة القومية الكردية، (الحلقة الثانية)، مجلة(ئالاي ئيسلام)، السنة التاسعة، العددان(٢و٣)، نوفمبر(١٩٩٥).
*السلطان عبدا لحميد الثاني و الكرد- الألوية الكردية الحميدية(١٨٨١-١٩٠٩)-، مجلة(ئالاي ئيسلام)، العدد(٣)، ١٩٩٣.
*العامل الكوردي في قضية ولاية الموصل، مجلة(ئالاي ئيسلام)، السنة (١٣)، العدد(١)، اذار(١٩٩٩).
١٥-ڤـةژين: من حصاد الصحافة الكردية خلال قرنها الأول، مجلة(ڤةژين) العدد(١٠)، ١٩٩٨.
١٦-كامـران مـنتك: نەتەوايەتى و بزووتنەوەى نەتەوايەتى كورد بەشى يەكەم، گۆڤارى (نيشتمان)، ژمارە(٣)، تەمموزى ١٩٩٧.
١٧-محمد صالح الزيباري: خويبون و إنتفاضة ارارات (١٩٢٦- ١٩٣٠)، مجلة(كاروان الاكاديمي)، العدد(١) أربيل، ١٩٩٧.
١٨-مەحمود ڕەزاشۆرشى ئۆكتۆبەرو چارەنوسى چەندگەلێكى ڕۆژهەلات(١٩١٧-١٩٢٣)، بەشى دووەم، گۆڤارى(سەنتەرى لێكۆڵینەوەى ستراتيجى- سياسەتى دەولى-٢٠) ژمارە (٤) سالى (٥)، تشرينى دووەم (١٩٩٧).
١٩-مهاباد كوردى:كوردەكانى سۆڤيەت يان كوردستانى سۆڤيەت و نشاوار فەيلى،گۆڤارى(كاروان) ژمارە(١٨٥) سالى(١٩٩٨).
٢٠-مومتاز حەيدەرى: دەورى ڕۆژنامەنوسى كوردى لەپێگەياندنى هۆشيارى نەتەوەيى وبزاڤى ڕزگار يخوازى كورد، گۆڤارى(كاروان)، ژمارە(١٢٠) سالى (١٩٩٨).

٢١-مير مەحوى: دەسەلاتى نەتەوەيى زامنى نەتەوەيە، گۆڤارى(پەيامى ڕاستى)، ژمارە(٥١)، نيسان (١٩٩١).
٢٢-هەلكەوت عەبدوللاو تەوانى تر: ديدارێك سەبارەت بەبير لەناو كورد، گۆڤارى (يەكگرتن)، ژمارە(١٤)، كانونى يەكەم (١٩٩١).
٢٣-هاوار(؟): هەلوێستى بەريتانيا لەمەڕ ڕووداوەكانى كوردستان و دەورى كۆمەلەى نەتەوەكان لەسالانى (٢٠)دا، و: عەبدوللازەنگەنە، گۆڤارى (ڕامان)، ژمارە(٤٥) ئادار(٢٠٠٠).

ب. ڕۆژنامەكان
٢٤-كەمال فوئاد(ئامادەكردن):كوردستان يەكەمين ڕۆژنامەى كوردى(١٨٩٨-١٩٠٢)، بەغداد،١٩٧٩.

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

زنجیرەی کتێبی بیر

- سەیدقوتب و تیۆریی تەکفیرکردنی کۆمەڵ و دەوڵەت
- سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لەچەمکی هاووڵاتیبون
- چەمکی بیرۆکەی دەوڵەت لەجوگرافیای سیاسیدا
- ناسیۆنالیزم و کەمینەکان لەسیاسەتی نێودەوڵەتان دا
- بەراورد لەنێوان رژێمە فدرالەکاندا
- لە پێناوی دیموکراتیزەکردنی حوکم لەعێراق دا
- فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی ( لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکار )
- شۆڕشی ئۆکتۆبەرو چارەنوسی چەند گەلێکی خۆرهەڵات
- پشتیوانانی ئیسلام لەکوردستاندا لقێك و پێگەیەك بۆ رێکخراوی قاعیدە
- ئیسلامی سیاسی لەزەبروزەنگەوە بۆ بەخۆداچونەوە
- پوکانەوەی دوڵەتی کەمایەتی
- پۆلێن کردنی تاوانەکانی ئەنفال
- کوردو تورکمان
- تیۆریی فیدرالیزم
- نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوەیی
- چەمك و پرنسیپەکانی دیموکراسی
- نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
- سۆسیالیستەکان پێش مارکس
- خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا
- تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی
- ئابوری کوردستان
- عیراق و مەسەلەی کورد